
# سالانی لەدەستچوو

**قودسی نەسیری**

نووسەری ڕۆمانی "بێسەرپەرشتان"



ڕۆمان

وەرگێڕانی:
کارزان خدر

پێداچوونەوە:
جووتیار قارەمان

ئامادەکردن و کردنە PDF
زریان علی

Scanned by TapScanner

# ساڵانی لەدەستچوو

## نووسینی: قودسی نەسیری

نووسەری کتێبی بێسەرپەرشتان



وەرگێڕانی: کارزان خدر

پێداچوونەوەی: جووتیار قارەمان

Scanned by TapScanner

گروپێك بۆ خزمەتی
خوێنەران و نووسەران و وەرگیرەکان و قوتابیانی
خۆشەویست هەمیشە لەخزمەتانین و بەردەوامین




کتێبخانەی ( PDF )

Scanned by TapScanner

ADIBAN

ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان

بەڕێوەبەری گشتی: ئارامی مەلا محەمەد

ناونیشانی: سلێمانی/ شەقامی ئیبراهیم پاشا / فولکەی گۆزەکان / نزیک ناوەندی ڕۆشنبیری کوڕان

پەیوەندی: 07701974656 - 07501590032 - 07731974646 - 07501696369

Email: bookadiban@gmail.com

Facebook: https://www.facebook.com/eadiban/

## ناسنامەی کتێب

ناونیشان: سالانی لەدەستچوو.

نووسەر: قودسی نەسیری.

وەرگێڕانی: کارزان خدر.

تایپ: سارا محەممەد.

ژانر: ڕۆمان.

پێداچوونەوە: جووتیار قارەمان.

پەخشانگە: ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان.

ساڵی چاپ: 2019 میلادی.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (1843) ساڵی (2017) پێی دراوە، ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبانە، مافی لەچاپدان و کۆپیکردنی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان.

Scanned by TapScanner

ئەم بەرهەمە:

پێشکەشە بە "بابم" کە ئەو نەبا، ئێستە نەخوێندەوار دەبووم.



Scanned by TapScanner

سەرنج:

پێشەکیی ئەم کتێبەمان لابردووە، چونکە بە پێویستمان نەزانیوە.




ئەم بەرهەمە مافی کردنە PDFی
تایبەتە بە گرووپی کتێبخانەی ( PDF )



Scanned by TapScanner

# ١

لە بەیانییەوە باران بەڕێژنە دەباری و تا ئێوارە هەر بەردەوام بوو. دەنگی دڵۆپە درشتەکانی باران کە بەر شووشەی پەنجەرەکە دەکەوتن، بەلامەوە وەکوو دەنگی تاڤگە وا بوون. تاریکاییی شەو وردەوردە جێی ڕووناکیی ڕۆژی دەگرتەوە.

ئەو ژنەی نزیکەی سێ یان چوار مەتر لەو کورسییە دوور بوو کە من لەسەری دانیشتبووم، هەر ئەو مەودایە وای دەکرد جارجار نیگامان بەر یەک بکەوێت.

لەگەڵ ئەوەیدا کە شەست ساڵی تێپەڕاندبوو، هێشتا پاشماوەی جوانیی ڕابردووی لە ڕوخساریدا مابووەوە و چەند ساڵێک گەنجتر دەردەکەوت. ئەمە کە نیشانەی ئەوە بوو سەردەمی گەنجێتیی دوور لە ژاوەژاو و تەنگوچەڵەمەی دەروونی تێپەڕاندووە.

ئەگەرچی ڕوخساری گەشیی ڕۆژانی ڕابردووی نەبوو، بەڵام هەڵسوکەوتی هێمن و لەسەرخۆ بوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا

ڕوخساری کەمێک گیراو و شێواو دەهاتە بەرچاو. جارجار بەزۆر خەندەیەکی دەهێنایە سەر لێوانی، تا ڕوحی ئاسوودەتر ببێت.

ئەو هۆڵە گەورەیەی من لە گۆشەیەکیدا لەسەر کورسییەکی دار دانیشتبووم، نزیکەی دە مەتر درێژ و هەشت مەتر پان بوو، لەگەڵ دوو پەنجەرەی گەورە بە پەردەی شین و پەمەیی و زەردی کاڵەوە. پەردەکان بە بۆرییەکی سپییەوە بە دیوارەوە قایم کرابوون. لەلای ڕاستی هۆڵەکەوە، وێنەیەکی "مۆنالیزا"ی دەستکردی "لیۆناردۆ داڤینچی" دەبینرا. لەگەڵ ئەوەدا کە تابلۆکە لەبەرگیراوە بوو، بەڵام بڕە پارەیەکی زۆری تێ چووبوو. جا کوالیتییەکەی ئاوریشمی سروشتی بوو و کاری هونەرمەندانی ئیتالی بوو.

بەڕەکانی[1] ناوەڕاستی هۆڵ نەخشدار و کاڵ بوون کە لە هەر لایەکەوە بە جۆرێک دەردەکەوتن. دوو لەتە بەڕەی نیلی لەپێش دەرگا، دوو پەیکەری برۆنزی کە وێنەی بازیان نیشاندەدا لە کاتی فڕیندا، لەسەر دوو پایەی دارینی گەورەی پتەوی ڕێکوپێک دانرابوون. تەواوی کەلوپەلە بەنرخەکانی دیکەی هۆڵ، نیشانەی دەوڵەمەندیی خاوەنماڵ بوون. ئەوەی هۆڵەکەی جوان کردبوو، سادەیی و بەنرخییەکەی بوو. بە کورتی هەموو ئەو شتانەی لەوێدا بوون، نیشاندەری جوانی و خۆشسەلیقەیی خاوەنماڵ بوون.

ژنە بۆ لای پەنجەرە چوو و دوای لادانی پەردەکان، پەنجەرەکانی کردنەوە. بایەکی سارد هەوای گەرمی هۆڵی گۆڕی. بۆنێکی خۆش و هەوایەکی هێمن، سەرانسەری هۆڵەکەی داگرت. بەفری باریوی

---

[1] لە فارسییەکەدا بە قالیچە هێناویەتی، بەڵام من بەڕەم داناوەتەوە لەجیاتیی ئەم وشەیە.

هەفتەی ڕابردوو تا ئێستاش لە حەوزی ماڵەکەدا بە کۆکراوەیی مابووەوە.

بێدەنگیی بەستەڵەکی ئێمە شکا. خزمەتکارێکی گەنج بە سینییەکی زەرد و دوو فنجان کە بە دەست دروست کرابوون و زەرد بوون، هاتە هۆڵەکەوە. خزمەتکارەکە جلێکی ڕەشی لە بەردا بوو. چاوی شینی قووڵاییی وێنای دەریای هێنایە زەینم. بە خێرایی فنجانێکی لەسەر مێزەکەی بەرانبەرم دانا. کاتێک ویستی بچێت بەرەو لای ژنەکە، ژنە بە دەست و سەر ئاماژەی بەوە کرد کە چایی ناخواتەوە.

خزمەتکارەکە بە دڵڕەنجاوییەوە لە نیوەڕێوە گەڕایەوە و کاتێک گەیشتە دەرگا، لەژێر لێوەوە بە هێمنی گوتی: "لە بەیانییەوە تا ئێستا هیچتان نەخواردووە، ئاخیری نەخۆش دەکەون."

دەمزانی کە بە چوونە ژووری لەناکاوی من، ژنە تووشی تێکچوونی دەروونی بووە و نائومێدانە بەدوای ڕزگارکەرێکەوەیە تا لەڕێی ئەوەوە لەدەستی من هەڵبێت.

دیسانەوە لە بێدەنگیدا بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیشت و دایخست. زۆری لە خۆی کرد کە قسەیەک بکات: "هەوای دەری زۆر ساردە!"

هیچم نەگوت. لەسەر کاشییەکانی بەرانبەر دیوارەکە گوڵدانی زۆر ڕێکوپێک هەبوون. ژنە بۆ لای ئەوان چوو و سەرقاڵی خاوێنکردنەوەی گەڵاکانیان بوو. ئەگەرچی پشتی لە من بوو، بەڵام دەتگوت لە پشتەسەریشەوە ناڕەحەتییەکانی دەروونم دەبینێت. وا هەستم دەکرد بۆ هەر لایەک دەسوورێت، خەریکە نێوانمان بە هاوسەنگی ڕادەگرێت.

بێدەنگیی نێوانمان قووڵ و کوشندە بوو و، ژنە هەوڵی دا دیسان بابەتی قسەکردنمان بۆ لای ئەو شتە ڕابکێشێت کە لە زەینماندا نەبوو. ئەو گفتوگۆیەی بۆ ساتێک دەستی پێ دەکرد، زۆر زوو کۆتاییی پێ دەهات.

"پێشر هەفتەی ڕۆژێک بە ڕۆنی زەیتوون گوڵەکانم چەور دەکردن، بەڵام ئێستا دەزانم کە ڕۆنی زەیتوون هیچ باش نییە. نزیکەی بیست ڕۆژە سوود لە شیر وەردەگرم. شیر زۆر لە ڕۆنی زەیتوون باشترە."

پێکەوە بێدەنگ بووین و ژنە پێی وا بوو کە لەڕادەبەدەر سەرقاڵی کارەکانی خۆیەتی. وێڕای ئەمانەیش، دیسان زۆری لە خۆی کرد تا چاوی لە چاوی من هەڵنەئەنگوێت. سەیری بەرە گوڵدارەکانی کرد و لەسەر ئەو کورسییە دانیشت کە دوورترین مەودای لە کورسییەکەی منەوە هەبوو. لە ڕوخساری ڕامابووم. ناوچەوانی پتر لە بەشەکانی تری ڕوخساری چرچ و لۆچ بووبوو و گنجی نێوان برۆکانی لە کاتی تووڕەییدا قووڵتر دەبوو و پیرتری نیشان دەدا. ئەم جارەیان سیمای خەمناک دەهاتە بەرچاو.

هەوڵی دا زۆر جددی و سارد خۆی بنوێنێت و سیمای زیرەکانە بە خۆیەوە بگرێت. ژنە لە کاتێکدا یاریی بە نینۆکەکانی دەکرد- خووی وا بوو کاتی تووڕەیی یاری بە نینۆکەکانی دەکرد،-ویستی دیسان خۆی لە گێلی بداتەوە. بۆ خۆیشی دەیزانی کە من نەهاتبووم هەوای گەرم بپێوم، یان شێوازی گەورەکردنی گوڵان فێر ببم. ئەو شتەی منی ڕاکێشابووە ئەوێ، پرسی ژیان، چارەنووس و داهاتووی من بوو. بەدوای ساتێکی گونجاودا دەگەڕام تا هەموو قسەکانم بکەم. ژنەش ئەمەی دەزانی و هەوڵی

دەدا ئەم هەلە نەداتە مـن، چـونکە لەوانە بـوو هێـزی بیسـتنی قسەکانمی نەبێت.

دیسـان بێ ئەوەی قسە بکـات، لەسـەر کورسـییەکەی هەسـتا و بەرەو پەنـجەرەکە ڕۆیشـت. دوای مـاوەیەک دیسـانەوە لەسـەر کورسییەکی دیکە دانیشت. هەمتر یاریی بە نینۆکەکانی کرد.

"سێ هەفتە دەبێ ئێوەم نەدیوە."

بە پێکەنینەوە وەلامم دایەوە:

"نەخێر، پێنجشەممەی ڕابردوو لێرە بووم."

"بەلـێ، ڕاسـت دەکەی، لەو ڕۆژانەدا کەس هۆشـی لەسـەر خـۆی نامێنێ."

"پێنجشەممەی ڕابردوو نـامەی کـاوە و کۆتـا وێنەی کە گرتبووی، بۆم هێنای. بە باشی لەبیرمە کە چەندە بە بینینی نـامە و وێنەکە خۆشحاڵ بووی."

"بەلێ، وەبیرم هاتەوە."

لەوانەیە ئەمە باشـترین هەل بێـت کە نەهـێلم دیسـانەوە بێـدەنگی غافلگیرمان بکات.

"هەڵبەت ئێوە دایکی کاوەن و وەکوو دایکێک دەزانن چەنـدە ئێـوەم خـۆش دەوێ، بەلام ئاگـاداری ئەوەشـن کە بڕیـار بـوو ئـێمە بیسـتوشەشـی مانـگ هاوسـەرگیری بکەیـن، بەلام وا هەفـتەیەکە کـاوە خـۆی لە مـن شـاردۆتەوە. هـیچ هەوالـێکم لێـی نییە. لەو ڕۆژەوەی لە سـەفەر گەڕاوەتەوە، هێشـتا چـاوم پێـی نەکەوتـووە. تەنانەت پەیوەندیی تەلەفۆنیشمان نییە. تەلەفۆنم بۆ کرد، نامەشـم بـۆ نـارد، بەلام بێسـوود بـوو. دوێنـێ لە بەرگـدرووەوە پێیـان

ڕاگەیاندم کە جلەکەم ئامادەیە. لە دوێنێوە تا ئەمڕۆ چەندە بەدوای کاوەدا گەڕام، نەمدۆزیەوە."

دەتگوت ژنە بە بیستنی قسەکانی من سەری سوورِ نەماوە و، بە بێمەیلییەوە گوتی: "لەم جۆرە بارودۆخانەدا نابێ پەلە بکرێ. هاوسەرگیری داوایەکی سادە و ساکار نییە تا مرۆڤ ئا وا بە ئاسانی بڕیاری لەسەر بدات. هاوسەرگیری، وەک گوتوویانە: دووبارە لەدایکبوونەوەیە. وەک چۆن مرۆڤ بە لەدایکبوون پێ دەنێتە دنیای تازەوە، بە هاوسەرگیریش دەچێتە نێو ژیانێکی تەواو تازەوە، بێ ئەوەی ئاگاداری کێشەکانی ژیانی تازەی بێت. لەم جۆرە حاڵەتانەدا مرۆڤ پێویستە بە وریاییەوە هەنگاو بنێت. کەمێک بێئاگایی، چ لەلایەن پیاوەوە بێ یان لە لایەن ژنەوە، ڕەنگە ژیانی ژنومێردایەتی بکاتە دۆزەخێک کە هەردوولا تێیدا بسووتێن. گەنجان بەر لە پێکهێنانی ژیان، کەمێک خەیاڵپڵاون و هەمیشە پێیان وایە بە دروستی بیر دەکەنەوە، بەڵام خەون و خەیاڵ لەگەڵ ژیانی ڕاستەقینە بە تەواوی جیاوازن. بە ڕای من ئەو کەسەی بڕیار دەدات هاوسەرگیری بکات، وەک ئەو سەربازەیە کە بەرەو گۆڕەپانی شەڕ دەڕوات. یەکەم هەڵەی سەربازێک دوایین هەڵەیەتی. لە ژنومێردایەتیشدا بە هەمان شێوەیە. داوای منیش ئەوەیە پەلە نەکەن."

ئەو قسانەی کە دەیکردن، بە تەواوی بۆم تازە بوون. بە نیگەرانییەوە پرسیم: "لەبارەی چییەوە پەلە نەکەم؟"

"لەبارەی ڕێکەوتی گواستنەوەوە."

"خۆ من ڕۆژی گواستنەوەم دیاریی نەکرد. ئێوە و کاوە پێتان ڕاگەیاندین کە ڕۆژی بیستوشەشی مانگ دەبێ بتگوازینەوە."

"بە ڕای من بڕیاری پەلە چارەنووسێکی باشی نابێ."

بە قسەکانی لە جێی خۆم ڕەق بووم. بە کەمێک تووڕەییەوە گوتم: "ئێوە دوای ساڵێک پرسیارکردن لە من، ئەمجا کات و ساتی گواستنەوەتان داناوە."

"تکایە چاوپۆشی لەم ساڵە بکەن. بینیومانە کە خەڵکی دوای سی ساڵ لە ژیانی ژنومێردایەتی، لە یەکدی جیا دەبنەوە و لەم نێوەدا چەندین منداڵی بێگوناهـ سەرگەردان دەبن. هاوسەرگیرییەکی نەگونجاو بۆی هەیە ژیانی زۆر کەس خراپ بکات."

کەمێک ئارامتر گوتم: "لەوانەیە ئەو ژن و مێردەی کە ئێوە نموونەی پێ دێننەوە، بە دڵی خۆیان هاوسەرگیریان نەکردبێ."

ژنە چرچاوی تێکنان و گوتی: "ئەو هاوسەرگیرییانەی کە بەدەر لە عەقڵ و مەنتق کراون، تەنیا ڕەچاوی عەشق کرابێت، چارەنووسیان خراپ دەبێت. ئەو کەسەی بێئاگایانە بڕیارێکی لەم شێوەیە دەدات، لە ڕاستیدا هەڵەیەکی گەورە دەکات. لە هاوسەرگیریدا پێویستە ڕاوێژ بە کەسی دنیادیدە بکرێت. ئەم ڕاوێژە بە ڕادەیەک بێ کە ببێتە پارێزەری خۆشبەختی."

هەر وشەیەک لە قسەکانی، وەکوو چەکوش بە سەرم دەکەوت. ئەوەندە وەڕەز و بێتاقەت بووبووم کە نەمدەزانی پەرچەکردارەکەم چی بێت. لە کاتێکدا دەمویست دان بە خۆمدا بگرم، پرسیم: "لەم بابەتەدا کاوە ڕاوێژی پێتان نەکردبوو؟ هاوسەرگیریی ئەو بەبێ پرسی ئێوە بوو؟"

"نا، هەرگیز. هەر لە سەرەتاوە کاوە هەموو شتێکی لەگەڵ من باس کرد و، منیش بە تەواوی ڕازی بووم."

"کە وایە بۆچی دوای ساڵێک، ڕێک لەو کاتەشدا کە کاتی گواستنەوە دانراوە، ئەم قسانە دەکەن؟"

بە شەرمنییەوە سەری لەبەر خۆی نا. وا هەستم کرد نهێنییەک لەو نێوەدا هەیە کە ژنە خۆنەویستانە هەوڵ دەدات تاکو لە منی بشارێتەوە. قسەیەک هەیە دەڵێت: ژنان جێی باوەڕ نین.

بێدەنگییەکی قووڵ لەنێوانماندا سەری هەڵدا، بەڵام من لەوە زیاتر توانام نەمابوو. بێدەنگیم شکاند و گوتم: "تکا دەکەم هەرچییەک هەیە، بە منی بڵێن. حەز دەکەم بێ ئەملاولا و پەردەپۆشی ڕاستییەکە بزانم."

ژنە دیسان بێدەنگ بوو. دەتگوت بەدوای پاساوێکدا دەگەڕێت تا خۆی لە وەڵامدانەوە بەدوور بگرێت. بەڵام چارەیەکی نەبوو. دەبوو قسەی کۆتایی بکات.

کە سەری بەرزکردەوە، ڕوخساری میهرەبانتر بووبوو، بە هێمنیەوە گوتی:

"ئێمە بەو ئەنجامە گەیشتین کە ئەم هاوسەرگیرییە هیچ سەرەنجامێکی نابێ. کە وایە چی لەوە باشترە کە ئەم ڕشتەیە هەر لێرەوە بپچڕێ."

غەم و پەژارە بە تەواوی دەروونمی داگرت و پێیەکانم بە هێمنی دەستیان بە لەرزین کرد. بە بێئۆقرەییەوە گوتم: "ئەگەر کێشەیەک هاتۆتە پێش، تکا دەکەم بە منیش بڵێن."

ڕوخساری ژنە بە بینینی پاڕانەوەی من بە تەواوی تێک چوو، تەنیا گوتی: "جارێ کاوە لە ژنهێنان ژیوان[1] بۆتەوە."

"بەڵام پێویستە من قسە لەگەڵ خۆیدا بکام. دەبێ ئەو قسانە لە زاری خۆیەوە ببیستم."

---

[1] ژیوان: پەشیمان، ژێوان.

"ئەوە ئەستەمە، چون بەم زووانە کاوە دەچێتە سەفەر و داوای لە من کردووە ئێوە ڕازی بکەم تا چاوپۆشی لە هاوسەرگیریی لەگەڵ ئەودا بکەن."

"تەنانەت ئامادە نییە بۆ کۆتا جاریش من ببینێ؟"

ژنە بێئۆقرە و سەرسام بووبوو.

"پێم وا بێ ئەم بەیانییە ڕۆیشت، چونکە ئەگەر نەڕۆیشتبا، حەتمەن من ئاگادار دەبووم."

ئەوسخەنێکم کرد و گوتم: "ئەو کەسەی تووشی تاوانێک دەبێ، یان کارێکی خراپ دەکا، پارێزەرێک بۆ خۆی دەگرێت. مەگەر کاوەش تاوانێکی کردووە کە ئێوەی وەکوو پارێزەر ڕووبەڕووی من کردۆتەوە و، بۆ خۆیشی خۆی شاردۆتەوە؟"

ژنە خێرا سەیرێکی ڕوخساری کردم. دواتر پارچە پەڕۆیەکی سپیی لە گیرفانی کراسەکەی دەرکێشا و فرمێسکەکانی خۆی سڕین. وا فرمێسکی دەڕشتن کە وا هەستم کرد ڕەنگە ڕووداوێکی ناخۆش بەسەر کاوەدا هاتبێت. خێرا فرمێسکەکانی سڕینەوە و وەک ئەوەی زۆر بە قسەکانی من نارەحەت بووبێت، گوتی: "قسەی ئێوەیە. کاوە هیچ کارێکی خراپی نەکردووە تا پێویستی بە پارێزەر بێ. بەڵام ڕەنگە بە هاوسەرگیریی لەگەڵ ئێوەدا تووشی ئەو کارە خراپە ببێ. هەر بڕیارێک کە کاوە داویەتی، سوودی ئێوەی لە بەرچاو بووە."

"قسەی سەیر دەکەن! ئەم کارەی کاوە بەدەر لە هەر شتێک، دەبێتە هۆی ئابڕووچوونی من و خێزانەکەم. ئاخر ئەوە چ سوودێکە؟ من تێناگەم! بۆچی ڕاستییەکە ناڵێن؟"



Scanned by TapScanner

"بە داخەوە، ڕاستیگوتن بە ئێوە کارێکی باش نییە. ئێوە گەنجن و زۆر زوو دەکەونە ژێر کاریگەریی هەستەکانتانەوە. ئێوە تەنیا ئەمڕۆ دەبینن، لە کاتێکدا کاوە داهاتووی لە بەرچاوە."

"چۆن دەکرێ مرۆڤێکی وەکوو کاوە، کەسێکی سەنگین و ڕێکوپێک، ئەو کەسەی بەڵێنی دابوو تا کۆتاییی تەمەنی پابەندی عەشقی من دەبێ، ئێستا بەم شێوەیە خۆی بشارێتەوە و بابەتێکی بەو گەورەییە بە سادە بگرێت و بە بێبایەخ سەیری بکات؟"

ڕوخساری ژنە بە تەواوی تێک چووبوو. لەگەڵ ئەوەی دەیویست لەسەرخۆ بێت، بە توندییەوە وەڵامی دایەوە:

"کاوە لەبەر پابەندبوونی بە "دابونەریتی ڕەوشتیانە(ئەخلاقییانە)" ئامادە نییە لەگەڵ ئێوەدا قسە بکات."

"ئەگەر کاوە پابەندی "دابونەریتی ڕەوشتیانە"با، پێش ئەوەی کار بگاتە ئێرە بە باشی بیری لێ دەکردەوە. سەرەتا دۆخەکەی هەڵدەسەنگاند و ئینجا دەستی دەدایە کارێک."

"بۆ بڕیاردان و بیرکردنەوە بە باشی، هیچ کات درەنگ نییە."

"هەڵبەت لەو نێوانەدا کوڕی ئێوە هیچ شتێک لەدەست نادا، بەڵام تو و خوا کەمێکیش بیر لە من و داهاتووم بکەنەوە."

ئینجا بە پاڕانەوەوە ویستم بەلای یکەمەوە ڕازیی بکەم تاکوو بۆ کۆتا جار کاوە ببینم، بەڵام ژنە بە ساردییەوە وەڵامی دایەوە:

"پێتانم گوت کە کاوە ئەم بەیانییە چووە بۆ سەفەر."

"ئەو ڕۆژەی کاوە هەر لەم هۆڵەدا ئەڵقەی دەستگیرانیی دەخستە پەنجەمەوە، لەبەردەم تۆ و هەموو ئەوانەی لێرە بوون سوێندی خوارد کە من دەکاتە خۆشبەختترین ژنی دنیا."



Scanned by TapScanner

ژنە ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی:

"سەرەتا پێویستە بیبینی ئەو کەسەی کە بەڵێنێکی ئاوای داوە، خۆی لە ژیاندا چەندە خۆشبەختە!"

لەوە زیاتر نەمدەتوانی پێش بە فرمێسکەکانم بگرم، بە هێمنی دەستم بە گریان کرد و لە ژێر لێوەوە بە هۆنهۆن گریانەوە گوتم: "دەبوو پێشتر بیری ... کردەوانە ..."

ژنە بە دڵسۆزییەوە هەنگاوی نا و پارچە پەڕۆکەی خستە نێوان پەنجەکانم تاکوو فرمێسکەکانم بسڕم. فرمێسکەکانم بە تەواوی کاریان تێ کردبوو. هاتە پێشتر و دەستی خستە سەر ملم و بە جۆرێکی دایکانەوە گوتی: "ئێوە هێشتا گەنجن و زۆر زوو ئەو پیاوەی بۆ ئێوە گونجاوە، دێتە ڕێتانەوە. من ئەو ماوەیەی کە ئێوەم ناسیوە، دڵنیام کە بەختەوەر دەبن."

بە نیگەرانییەوە گوتم: "چ پیاوێک پرسیار لە ڕابردووم ناکات و سەبارەت بەو بابەتە ڕوونکردنەوەی ناوێ؟"

بە میهرەبانییەوە وەڵامی دایەوە: "ئەگەر پیاوێک بۆ خاڵی لاوازی ئێوە لە ڕابردووتان بکۆڵێتەوە، ئەوا پیاوێکی نەفامە."

"بە داخەوە، دوای ئەم بابەتە هەمووان بەدوای عەیب و عاری مندا دەگەڕێن. چون پێیان وایە حەتمەن کێشەیەک لە ڕەوشتی مندا هەبووە بۆیە ئەم پەیوەندییە هەڵوەشاوەتەوە. لەم بابەتانەدا پیاوان زیاتر لێ دەکۆڵنەوە و پرسیار دەکەن ..."

زەنگی تەلەفۆن قسەکەی پێ بڕیم. ژنە بە خێرایی لە جێی خۆی هەستا. ئەوەندە پەلەی کرد، کە لاقی بەر تیژایی کورسییەکە کەوت و ئازاری زۆری پێ گەیشت، بەلام بێ گوێدانە ئازاری پێی، خۆی گەیاندە تەلەفۆنەکە.



Scanned by TapScanner

"کاوە، تۆی؟ حاڵت باشە؟"

زانیم کە سەفەری لە درۆ زیاتر هیچ نەبووە. تێنەگەیشتم کە چی بیستووە کە لە وەڵامدا گوتی:

"بەلێ، جاری سەیارەکە لای فیتەرە."

بە وردییەوە گوێم لە قسەکانی ژنە گرتبوو. تێگەیشت و خێرا سەیرێکی ڕوخساری کردم و بە هێمنی گوتی:

"یەک دەقە."

ئینجا تەلەفۆنەکەی لە سەر ئامێرەکە دانا و لە ژوور وەدەرکەوت.

بۆ ساتێک بە زەینمدا هات کە تەلەفۆنەکە هەڵگرم، بەڵام هیچ کات خووم وا نەبوو خۆ لە ژیانی کەسانی دیدا هەڵقورتێنم. لەم کارە پەشیمان بوومەوە و چاوەڕێم کرد.

ئارامیی دەروونم کە هەمیشە شانازیم پێوە دەکرد، شڵەژابوو و زریان دەستی پێ کردبوو. زریانێکی ترسناک کە پێم وا بوو بە زوویی لەناوم دەبات. لەسەر ئەو ڕووداوەی هاتبووە پێش، بە تەواوی خۆم دۆڕاندبوو.

نیگام کەوتە سەر سووچێکی هۆڵەکە. پەیکەرێکی گەورە لە دەستەچەپی هۆڵەکەدا لەسەر مێزێکی دار کە هیی ڕووناکیی خەو بوو، پەرییەکی باڵداری نیشاندەدا کە ماددەکەی چینیی ڕەسەن بوو. دوو گڵۆپ، یەکێکیان سوور و ئەوەی دی شین، بە دەستی پەرییەکەوە بوون. پەیکەرەکە زۆر جوان بوو. لە بەشی چەپی هۆلی ژووری نانخواردن مێزێکی لە دارگوێز دروستکراو هەبوو کە نەخش و نیگاری گرانبەهای زەرد بە دەوریانەوە دەبریسکانەوە. بە دیواری ژووری نانخواردنەوە تابلۆیەکی لەبەرگیراوەی "کەمالولمولک" بە دیوارەوە هەڵواسرابوو.

لەتەنیشت ژووری نانخواردندا ژووری دانیشتن هەبوو کە چوار پشتیی بەرز بە ڕەنگی سوور لە چوار لایەوە دانرابوون و تابلۆی لەبەرگیراوەی "ڤان کووخ، "خوخن" و "ڕانبراند" دیوارەکانی کردبوونە پێشانگا.

ونبوونی ژنە درێژەی کێشا. بە بێئۆقرەییەوە چاوەڕێی گەڕانەوەی بووم. وا هەستم دەکرد زەوی لە جووڵە وەستاوە.

کاتێک گەڕایەوە، بە ناوچاوانی گرژەوە بەرەو لای پەنجەرەکە ڕۆیشت. دەستی لەسەر لێواری پەنجەرەکە دانا و سەیری دەرەوەی کرد.

باران خۆشی کردبووەوە، بەڵام لە جێگەی ئەو، بەفرێکی زۆر دەباری. لەپشت پەنجەرەکەوە کلووەبەفر بە خێرای بەر زەوی دەکەوتن. گڵۆپی باڵەخانەی بەرانبەر پێکرابوون و هەموو شوێنێک سپیپۆش بووبوو.

سەیری زاری ژنەم کرد هەتا بزانم چی دەڵێت. چاوەڕێی باسی سەرەکی بووم. ڕوخساری ژنە لە چەند ساتێک لەمەوبەر خەمگینتر بووبوو. کاتێک دەستی بە قسە کر، زانیم هەندێ شتم لێ دەشارێتەوە.

"لە ئێستادا بە گونجاوی نازانم سەبارەت بە هاوسەرگیری قسە بکەم."

ئاوازی قسەکردنی ڕەق و پێداگرانە بوو. وا هەستم کرد هەڵسوکەوتی هەستم بریندار دەکات، بەڵام شەرم و ئابڕوو ڕێگەی نەدا وەڵامی دەمکوتکەرانەی بدەمەوە.



Scanned by TapScanner

بە خواحافیزییەک ئەویم بەجێ هێشت. لە ڕاستیدا لەوێ ڕام کرد. حەزم دەکــرد هەتــا زووە بــگەمە ژوورەکەم و بە هێمنــی لە سووچێکی ژوورەکەدا چارەسەری ئەم دۆخە بکەم.

کاتێــک بەرەو دەرگەی حەوشــە دەڕۆیشــتم، ژنە کە شــالێکی ســەوزی درێــژی بەســەر شــاندا دابــوو، لەتەنیشــت پلیکــانەی بانێژەکەوە[1] سەیری ڕۆیشتنمی دەکرد. خزمەتگوزارە گەنجەکە تا بەردەرگە وەک ئێشــکگر لەگەڵــم هــات. ئــاهووتەی[2] گەورەی حەوشــەکە ساردوســڕ بــوو. بــاخچەی گەورە، درەختــی میــوە و پەلوپۆی جوانی گوڵەکان لەژێر ڕووپۆشی بەفردا شاردرابوونەوە. لە مــاڵەکە هــاتمەدەر. دەرگــا لە پشتەســەرم داخــرا و دەنگێکــی ناخۆش بە شەقامی چۆڵ و ئاهووتەی بێدەنگدا بڵاوبووەوە.

---

[1] بانێژە: بالکۆن

[2] ئاهووتە: واتە فەضا.

# ٢

گەرمای زەوی تینی ئەوەی نەبوو بەفر بتووێنێتەوە. کلووەبەفرەکان بە ئارامی کۆڵانیان دادەپۆشی. لەنێو کۆڵاندا لەبەر خۆمەوە گوتم: "چارەنووسێکی چەند خەمگینە!"

پێم وا بوو تەواوی ئاواتەکانم بە جارێک بوونەتە دوکەڵ و بە هەوادا بڵاو بوونەتەوە. منیش وەکوو هەموو مرۆڤێک نەمدەویست تەواوی هیوا لە دەروونمدا لەناو ببەم. لە قووڵاییی دڵمدا تۆزقاڵێک هیوا مابووەوە. لەوانەیە کاوە بگەڕێتەوە. لەوانەیە کێشەیەک هاتبێتەپێش و چارەسەر بکرێت. لەگەڵ خۆم لە بەربەرەکانێدا بووم سا بەڵکو لەم گێژاوە ڕزگارم ببێت.

بەفر وردەوردە خۆشتری دەکرد. لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا کە هەڵمدەنا، هەستم بە سەرمای زیاتر دەکرد. تا ئەو شوێنەی کە چاو بڕی دەکرد، هەموو شتێک سپی بووبوو. تەنانەت بەرزترین لقەکانیش بەفر داپۆشیبوون. سەرما تا قووڵاییی دەروونم دزەی دەکرد و بە خراپی هەڵدەلەرزیم. دەستم سڕ بووبوون و سەری

پەنجەکانم تەزیبوون. بە تەواوی بەستبووم، بەڵام پەنجەی دەست و لاقم زیاد لە هەر بەشێکی لەشم لە سەرماندا ئازاریان هەبوو. کۆڵان بن‌بەست و تاریک بوو. درەختی بەرز و چڕی کۆڵان دەتگوت سەریان پێکەوە ناوە هەتا سەرما کاریان تێ نەکات. شەقامی سەرەکی زۆر دوور نەبوو، بەڵام من بە زەحمەت بەرەو پێشەوە دەڕۆیشتم. پێم سەیر بوو کە چۆن خەڵکی لە شەقامی سەرەکیدا وا بە خێرایی لە هاتوچۆدا بوون و منیش ئا وا بە سەختی هەنگاوم دەنا! هەرچۆنێک بێت، لە کۆتاییدا خۆم گەیاندە شەقامی سەرەکی.

هەستم کرد حاڵم باش نییە. سەرم دەئێشا، قورگم ئازاری زۆری هەبوو و بە زەحمەت دەمتوانی تف قووت بدەم. ئەگەرچی یەخەی پاڵتۆکەم زۆر درێژ نەبوو، بەڵام هەڵمکێشا تاکو کەمتر هەست بە سەرما بکەم. کەمێک بەفری لقەدارێکی کورت بە سەرمدا کەوت. دڵم وەکوو بەفری سەر لقەکان سارد و سڕ بووبوو. نەمدەتوانی باوەڕ بەوە بکەم هەموو شتێک وا بە سووک و سانایی تەواو بووە. بیری پەیوەندیی خۆم و کاوەم دەکەوتەوە و کەمێک هیوام بۆ دەگەڕایەوە، بەڵام ڕێک بۆ ساتێک دواتر بێهیوا دەبوومەوە. بارودۆخێکی دەروونیی جێگیرم نەبوو.

لە گژ فکران ڕۆچووبووم کە لەناکاو لەسەر شانم هەستم بە دەستێکی قورس کرد. دەمویست خێرا ئاوڕ بدەمەوە، بەڵام هەڵوەستەیەکم کرد و بیرم کردەوە ئاخۆ چ کەسێکە بەو گەرموگوڕییە دەست لەسەر شانی من دادەنێت؟ زۆر بە هێمنی ئاوڕم دایەوە. ڕوخساری لەلام بێگانە بوو. بە پێکەنینەوە گوتی: "دەمناسی؟"

لە سەر و سیمای ورد بوومەوە. چاوی، چرچ و لۆچیی ڕوخساری، تەنانەت پێکەنینیشی منی دەگەڕاندەوە بۆ سەردەمێکی دووروودرێژ. لەناکاو شتێک بە زەینمدا هات، بەڵام پێش ئەوەی بگاتە ئەنجامێک، دیار نەما و لەناو چوو.

دیسان گوتی: "نامناسی؟ چاک بیر کەوە."

"بە داخەوە، هیچ شتێکم لەبیر نییە."

"مەگەر تۆ دەزگیرانی کاوە نییت؟"

"بۆ نا؟"

"کەوایە چۆن منت بیر ناکەوێتەوە؟ من و ژنەکەم لە مارەبڕینەکەی ئێوەدا بووین."

کەمکەم ڕوخساری لە لابەلای یادەوەریی ڕۆژی مارەبڕینماندا، جێی خۆی کردەوە و ناسیمەوە. مێردەکەی یەکێک بوو لە هاوڕێیانی سەردەمی زانکۆی کاوە. ژن و مێردێکی زۆر لەسەرخۆ و میهرەبان بوون و لە هاوڕێ نزیک و خۆشەویستەکانی کاوە ئەژمار دەکران.

ژنە دوای هەڵوەستەیەک پرسیی: "ناوی منت لەبیرە؟"

"ڕێزتان هەیە، خاتوو نەسرین."

"ئافەرین بۆ بیری تیژتان."

"چی دەکەی لێرە؟"

"هیچ، هاتووم کەمێ شت بکڕم. بە ڕاست، دەمێکە ئاگام لە کاوە نییە، تەندروستیی چۆنە؟"

زۆر بە کورتی بابەتەکەم بۆ باس کرد. بە نیگەرانییەوە گوتی:

"ئەوەندەی من کاوە دەناسم، بە دووری دەزانم کارێکی وا بکات. کاوە هەمیشە ئەو بەڵێنەی داویەتی، پێیەوە پابەند بووە. ئێستا چۆن لەبارەی کارێکی ئاوا گرنگەوە وای کردووە ...؟! هەرچۆنێک بووە، من کاوە دەبینم و لەسەر ئەم بابەتە قسەی لەگەڵ دەکەم."

ئینجا دوای خواحافیزی لە یەکتر، جیا بووینەوە.

ئاشناکان زۆر زوو دێنە بوون، بەڵام بۆ جیابوونەوە پێویستی بە هەزار و یەک بیانوو هەیە. ئەگەرچی تەنانەت لەبارەی منەوە یەک بیانوویشیان نەبوو. بەبێ هیچ یەک و دوو، داوایان لە من کردبوو بابەتەکە بە بێدەنگی کۆتایی پێ بێنم.

سواری سەیارە بووم و کاتێک شۆفێر ناونیشانی پرسی، ئەوەندە زەینم ئاڵۆز بوو و چووبوومە قووڵاییی بیرکردنەوەوە کە تەنانەت ناونیشانەکەیشم بە ئەستەم بیر هاتەوە.

هەرچۆنێک بێت گەیشتمەوە ماڵەوە. ئەو شوێنەی کە دڵخوازی خۆم بوو و لەوێ بە ئاسوودەیی دەمتوانی خەمەکانم بخەمە ڕوو. لەوێ بە ئاسانی دەمتوانی خەمەکانی دڵم هەڵبڕێژم. دایکم دەرگەی حەوشەی بە ڕووومدا کردەوە. مەودای حەوشەم بڕی و چوومە بیناکەوە. بابم بە بینی من خۆی لە سۆبەکە کشاندەوە و بە دەست ئاماژەی بۆ جێی خۆی کرد و گوتی: "وەرە لێرە دانیشە، تا کەمێک گەرم ببیەوە."

هەوای ژوورەکە دڵگیر و فێنک بوو. بابم بە بینینی ڕوخساری من لەژێر لێوەوە کەوتە پرتەوبۆڵە: "ئێوەی گەنجان ئەسڵەن خەمی خۆتانتان نییە. ئەو بلووزە ڕەساسییە لەبەر کە. لەبەر ئەوەی خۆشت لە ڕەنگەکەی شایە، لەبەری ناکەی. ئەگەر بە قسەت کردبام، ئێستا ئا وا لە سەرمان هەڵنەدەلەرزییت."

دایکیشـــم بەدوای قســـەی ئەودا گـــوتی: "لەم وەرزەدا پێویســـتە گۆرەویی خوری لەپێ بکەی. خۆ سەرما گاڵتە نازانێ."

وردەوردە ئەوان هەستیان کرد کە من دەروونێکی ئارامم نییە. بـــابم ڕۆژنـــامەکەی بە کراوەیـــی هەڵـــدا گۆشـــەیەک و بە ڕووخۆشییەوە پرسیی: "مەسەلە چییە؟"

بە بێتاقەتییەوە ئەو شتەی کە ڕووی دابوو، کورت و پوخت بۆم باس کرد. بە بیستنی ئەم قسانە، دەتگوت بابم تووشی تاسان بووبوو! پێکەنین لەسەر لێوانی نەمابوو و بە شێوەیەک سەیری دەکردم کە دەتگوت ناتوانێت باوەڕ بە قسەکانم بکات. وەک گەچ ڕوخساری سپی هەڵگەڕابوو. دایکم زۆر بە سەیری تێمانەوە ڕامابوو. چاوەڕێ بوو تا بزانێت بابم بڕیاری چ دەدات.

کاتێک قسەکانم تەواو بوون، دایکم دەستی لەپشتی دەستی دا و گوتی: "چ جوابی خەڵکی بدەینەوە؟"

بابم بە تووڕەییەوە وەڵامی دایەوە: "مەگەر خەڵکی نان و ئاومان دەدەنێ تا لەوان بترسین؟ هەرکەس چ غەڵەتێکی حەز لێیە با بیکا."

ئینجا ڕووی لە من کرد و گوتی: "پێشتر هیچ دمەقاڵێیەکتان هەبووە؟"

"هەرگیز. من هیچ کات ب ەتەنیا چاوم بەو نەکەوتووە. هەمیشە لە کۆبوونەوەی خێزانیدا یەکترمان دەدی و هیچ کاتیش کێشەمان لەنێواندا دروست نەبووە."

"ئەی شتی وا چۆن دەبێ؟"

"بڵێم چی."



Scanned by TapScanner

"بەبێ هۆ و ئا وا بە سادەیی دایکی گوتی ئەم هاوسەرگیرییە گونجاو نییە؟"

"بەڵێ، هەر ئا وا بە سادەیی."

"ئەوانە یان کەرن، یان ئێمە بە کەر دەزانن. بە داخەوە کە من ئەهلی شەڕوشۆڕ نیم، دەنا پێم دەگوتن یاریکردن بە ئابڕووی خێزانێک مانای چییە."

بابم دڵۆپە فرمێسکی لەسەر کوڵمەکانم دیت و بە هاوڕێیانەوە گوتی: "جارێ ئەوە لێلێیە، دوایی تووشی کێشە گەورەکانی دیکە دەبی. لە ژیاندا ئەگەر ئۆقیانووس بووی، کەس ناتوانێ بتشڵەقێنێ. بەڵام ئەگەر گۆلاوێک بووی، تەنانەت کەمێک وردەبەرد دەتوانن وێرانت بکەن.

"مرۆڤ نابێ ئەوەندە بێهێز بێ بە یەکەم لێدان بکەوێ. تۆ هێشتا لە سەرەتای ڕێگەی و زۆر قەرزداری ئەم دنیایەی کە دەبێ بیدەیەوە. خۆت بۆ کێشەی گەورەتر ئامادە بکە. هەوڵ دە لەبەرانبەر ناخۆشییەکاندا وەکوو دەریا وا بی تا بتوانی بەرەو پێشەوە بڕۆی، دەنا زوو لەپێ دەکەوی. چەند ملیار کەس لەم دنیایەدا دەژین و تۆ پێت وایە هیچ کەس خەمی وەکوو تۆ گەورەی نییە؟ نا، ئەزیزم. هەموو مرۆڤێک بە جۆرێک لە جۆرەکان گرفتێکی هەیە. دانیشتن و خەمخواردن هیچ دەردێک چارە ناکەن. هەڵبەت لەبیرت نەچێ کە تێپەڕینی کات مەرهەمێکە بۆ تەواوی غەم و نارەحەتییەکان. ماوەیەکی دیکە سەیری ئەم کێشانە بکەی، وەکوو ئێستا بۆت کارەسات نابن. تەنانەت ئەگەر ئازیزێکیشت لەدەست بدەی، دوای ماوەیەک تێپەڕینی کات پەردەی لەبیرچوونەوە دەخاتە سەر خەمەکەت."



Scanned by TapScanner

لە تەواوی ئەو کاتەی قسەی دەکرد، بە ڕوخساری مرومۆچ و وەڕەزییەوە گوێم بۆ قسەکانی گرتبوو. کاتێک ڕوخساری بەم شێوەیە دیتم، بێ یەکودوو گوتی: "ئەگەر بیرت لە خۆکوشتن کردۆتەوە، فەرموو."

تاسام. ئەسڵەن حەزم بە وشەی خۆکوشتن نەدەهات. بە وەڕەزییەوە پرسیم: "خۆکوشتن لەبەر چی؟"

"نازانم، لە خۆت بپرسە. ئەوەندە خۆت لەدەست داوە کە پێم وایە نیازی خۆکوشتنت هەیە."

"نەخێر، هەرگیز هەر بیریشی لێ ناکەمەوە."

جا دواتر بۆی باس کردم کە چۆن لە سەردەمی گەنجێتیدا دوای خوازبێنیی کچێک کە بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە، بڕیاری داوە خۆی بکوژێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لە مردن ترساوە، پەشیمان بووەتەوە.

دایکم بە هۆی بیروباوەڕی ئایینییەوە بابەتەکەی زۆر بە سادە وەرگرت و بە قسمەت و نسیبەوە پەیوەستی کردەوە.

"نیگەران مەبە، ئەگەر خودا بیهەوێ، خۆی دەگەڕێتەوە."

پێویستم بە تەنیایی بوو. چوومە ژوورەکەی خۆم و دەرگەم لەپشت خۆم توند گاڵە دا. هەموو شتێک تەواو بووبوو. ئەو ئاسوودەییەی ماوەیەکی زۆر هاودەنگ و هاوڕێم بوو، هەر وا بە سووک و سانایی لە من دوور کەوتبووەوە. دەمەو بەیانی سەرتاپام شادی بوو و شەوەکەش خەم و پەژارە. نائومێدی وەکوو خورەیەک دڵ و دەروونی دەخواردم.

لە سووچێکی ژوورەکەدا ئەو کۆترە بچووکەی هەفتەیەک لەمەو بەر لەنێو بەفردا ڕزگارم کردبوو، بە چاوی ڕەشەوە کە زیاتر



Scanned by TapScanner

هاوشێوەی دەنکی تەسبێح بوو، کەمێک سەری بەرز کردبووەوە و سەیری منی دەکرد. دەتگوت ئەویش دەزانێت کە حاڵ و دۆخێکی خۆشم نییە.

کۆترەکە ڕۆژانی سەرەتا هاروهاج بوو. کاتێک دەستم لە داهۆکەکە[1] نزیک دەکردەوە، بە دەنووکە بچووکەکەی گازی لە پەنجەم دەگرت. بەڵام وردەوردە بە دۆخەکە ڕاهات و دوای ئەوە بە ئاسانی دەمتوانی دەستم ببەمە ناو داهۆکەکەوە و بیگرم.

کۆترەکە بە چاوی گەورە و خاڵدارەوە، زۆر بێگوناه دەهاتە بەرچاو. ئەوەندە فەقیر بوو کە بەزەییت پێیدا دەهاتەوە. ماوەیەک بوو کە وا هەستم دەکرد لە قسەکانمان تێدەگا و تەنیا ناتوانێت وەڵام بداتەوە. بەرەو لای داهۆکەکە ڕۆیشتم و هێنامە دەرێ. سەیرێکی پێیە برینداراەکەیم کرد. تا ڕادەیەک پێی باشتر بووبوو و دەیتوانی بفڕێت. بەڵام بەرەڵاکردنی لەو کەش‌وهەوا ساردەدا کارێکی باش نەبوو.

شەوێکیان کە هەرچی لە ماڵێدابوون چووبوونە خەوی قووڵەوە، کۆتا نامەی کاوەم لە دۆڵابەکە دەرهێنا و دەستم بە خوێندنەوەی کرد تا بەڵکو شتێکم لێی چنگ بکەوێت.

کاوە لە کارگەیەکی ڕێگەوبان کاری دەکرد و زۆربەی کات لە سەفەردا بوو و کاتێک بۆ ماوەیەکی زۆر دیار نەدەما، نامەی بۆ من و دایکی دەنووسی کە زۆرینەی نامەکانی دایکیشی هەر من پێم دەدا.

بیست‌ویەک ڕۆژ لەمەو بەر، کاوە کۆتا نامەی بۆ من ناردبوو. بەو خەتە خۆشەی کە هەیبوو سێ لاپەڕەی بۆ نووسیبووم:

---

[1] داهۆک: قەفەس

سڵاو،

بیرتان دەکەم، بە ڕادەیەک کە وشەکانیش ناتوانن بێنە گۆ. دوای خودای گەورە دایکم و، دوای ئەویش تۆ. خۆشم دەوییت. تۆ دوای دایکم گەورەترین پلەت لە دڵی مندا هەیە. هەڵبەت ئەو هەستەی بەرانبەر دایکم هەمە، لەگەڵ ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ تۆدا هەمە، تەواو جیاوازە. ئەوم بە شێوەیەک و تۆم بە شێوەیەکی دیکە خۆش دەوێت.

تۆ بەم زووانە دەبیتە هاوبەشی ژیانم و ئەوە تەنیا ئومێدێکە کە وای کردووە من لە ژیاندا بم. ئەو ئاسوودەییە نەبڕاوەیەی لە دڵمدا هەستی پێ دەکەم، بە هیی تۆی دەزانم. ئەم چەند ڕۆژە بە هیوا و خۆشحاڵییەوە زۆر هەوڵ دەدەم. بە ئارەقەی ناوچەوانم پارە پەیدا دەکەم تاکو لە داهاتوودا ژیانێکی ئاسوودەمان هەبێت. بەڵێن دەدەم تا ئەو جێگەیەی پێم بکرێت ئاسوودەیی بۆ خۆم و تۆ دابین دەکەم. حەزیش دەکەم ئەو کارەی دەیکەم لە ڕێگەی ڕاست و دروستەوە بێت. داوام لە خودای خۆم کردووە کە هەرگیز بۆ بەدەستهێنانی ماڵ تووشی ڕێگەی خراپ نەبم و هیچ شتێک جگە لە ڕاستی و دروستی لە ژیانمدا نەبێت. دیارە تۆ دەزانیت لە خێزانێکی هەژار نیم، بەڵام حەز دەکەم لە کاتی هاوسەرگیریدا لەسەر پێی خۆم بوەستم و پێویستم بە کەس نەبێت. چونکە ئەگەر وا نەبێت، شەرمەزاری تۆ دەبم. ئەمشەو بیرم لەوە دەکردەوە کە نامەکانم هەموویان حاڵەتی ئامۆژگارییان هەیە و نازانم کە چۆن ڕێم بە خۆم داوە هێندە ئامۆژگاریی تۆ بکەم. لەوانەیە بێدەنگیی تۆ لەبەرانبەر ئامۆژگارییەکانی مندا ببێتە هۆی ئازارت. لەوانەیە پێت وا بێت کە بەم جۆرە هەڵسوکەوت دەکەم، ڕەنگە مرۆڤێکی خۆپەرست بم. نا، من لە شوێنی خۆیدا ڕێز لە هەموو شتێکی ئەم دنیایە دەگرم. ئەم نامانە تەنیا بۆ ئەوەن کە بە خووڕەوشتی من

ئاشنا ببیت. دەمەوێت لەم نامەشدا چەند ئامۆژگارییەکت بکەم. نەک لەبەر ئەوەی من پیاوم و بەهێزترم. نەخێر، چونکە ئاژەڵی وا لە دەوروبەری ئێمە هەن و دەژین کە لە ڕووی جەستەییەوە لە منیش بەهزترن. من پێم وایە کە پیاوان لە ڕووی جەستەییەوە بەهێزترن و ژنانیش لە ڕووی هەستەوە. ژنان میهرەبانتر و بەسۆزتر و بەهێزترن. کە وایە لەم قۆناغەشدا ئەوان لە پیاوان لەپێشتر و باڵاترن. تەنیا لەبەر ئەوەی شەس ساڵ لە تۆ زووتر پێم ناوەتە ئەم دنیایە و زووتر وشە فێر بوومە و هەروەها ڕۆیشتنیشم لەپێش تۆوە ئەزبەر کردووە. هەرچۆنێک بێت، شەش ساڵ لەپێش ئێوەوەم. ماوەی شەش ساڵ کەم نییە بۆ بەدەستهێنانی ئەزموونی. تەنیا لەبەر ئەوەی لە ژیاندا ئەزموونی زیاترم هەیە، مافی ئەوە بە خۆم دەدەم،کە نامەیەکی لەم شێوەیەت بۆ بنووسم. وەک چۆن لە سەرەتای نامەدا نووسیومە تەنیا ژنێک کە پێش ئێوە لە ژیانی مندا هەبوو بێت، دایکمە کە لە ڕادەبەدەر خۆشم دەوێت. ئەگەر چاوەڕێم لە تۆ هەبێت ئەو هەستەی بەرانبەر دایکی خۆتان هەتە، بۆ ئەویش هەت بێت، مرۆڤێکی خۆپەرستم. وەک چۆن ناتوانم داوا لەویش بکەم ئەو سۆزەی بەرانبەر بە من هەیەتی، بۆ تۆیشی دەرببڕێت. ئەوە داوایەکی ئاساییە. بەڵام گەر ئەو بە چاوێکی ستەمکار سەیری تۆ بکات، ئەوپەڕی بێویژدانییە. تۆیش گەر وەکوو بووکنەوەرێکی زیادە و تێکدەر بیر لەو بکەیتەوە کە بە هەر شێوەیەک بتانەوێت لەسەر ڕێی خۆتان دووری بخەنەوە، ئەوپەڕی بێڕێزییتان کردووە. بە خۆشحاڵییەوە سەیری ئەو بکەن، چونکە بیرکردنەوەی نالەبارانە لە ژیانی ژنومێردایەتیدا وەکوو مۆرانە وان کە کوڵەکەی ژیان بە خراپی دروست دەکەن. کەسانی پیر و منداڵ لە ڕوانگەیەکەوە تا ڕادەیەک وەکوو یەکن. سست و لاوازن و بە ڕادەیەک کە پێویستییان بە سۆز و خۆشەویستییە. بە تایبەت

ژنان، لە تەمەنی پیریدا هەستیار و بیناییان کز دەبێت. تۆیش بە باشی دەزانیت کە دایکم چەندین ساڵە گەنجێتیی تێپەڕاندووە و لە ڕۆخی شۆڕبوونەوەدایە. داوات لێ دەکەم لەبەرانبەر ئەودا ڕێز لەبەرچاو بگرن. ڕێز شیرێکە کە بۆ هەمووان مایەی شانازییە. مرۆڤەکان دەتوانن لەم ڕێگەیەوە دوژمن بکەن بە دۆست. هەروەها ئەو ڕێگەیەی گرتوویانەتە بەر، بۆیان ئاسان دەکات. بەڵام ناکرێت بۆ کەسانی بەرانبەر لەبەر ڕێزگرتن خۆت لاواز نیشان بدەیت. هەوڵ بدە لەوپەڕی بەهێزیتاندا بەڕێز بن. ئەگەر خوا نەکات ڕۆژێک لەنێوان تۆ و دایکمدا هەڵەیەک ڕووی دا، لەبەر ئەوەی هەردووکتان ژیر و تێگەیشتوون، بابەتەکە بە ئاوەز چارەسەر بکەن. حەز ناکەم من هیچ لە بابەتەکە بزانم. تەنانەت دوای تەواوبوونی بابەتەکەیش حەز دەکەم بێئاگا بم. پێم خۆش نییە من وەکوو مامۆستایەک لە نێوەندی بڕیاردا دابنێن و ئێوە و دایکم وەکوو دوو منداڵی بچووک بە فرمێسک و ئاهەوە سکاڵا لە یەکتر بکەن. ئەو کات نە ئەو خووڕەوشت و سۆزە قووڵەی بەرانبەر دایکم هەمە و نە ئەو ئەوینە زۆرەی کە بۆ تۆی دەردەبڕم، لە دڵمدا هەست پێ دەکەم. تۆ و ئەو بەبێ بوونی من و وەکوو دوو ناسیاو مامەڵە بکەن. ئەگەر وەکوو دوو چاودێر بەردەوام لە یەکتر لە بیانوو بن و بەدوای خووی خراپ و شەڕانگێزیی یەکتردا بگەڕێن، ژیانی هەرسێکمان تێک دەچێت. منیش بەڵێن دەدەم لەبەرانبەر خێزانی تۆدا بەم شێوەیە بم. لە ژیانی ژنومێردایەتییدا هەندێک ڕشتەی وا هەن کە لە موو باریکترن، هەندێ جار هەر حیسابیان بۆ ناکرێت. بەڵام هەر ئەو ڕشتە بە ڕووکەش بێنرخانە، ئەگەر بەبێ موبالاتی و بێئاگایی بپچڕێن، ڕێک دەبنە هۆی لێکترازانی ژن و مێرد.

دەزانیت کە هیچ ماڵێک بەبێ کێشە و گرفت نابێت؟ دوو مرۆڤ، دوو فەرهەنگی جیاواز و دوو بیرۆکەی جیاواز بە یەکەوە لەژێر میچێکدا دەست بە ژیان دەکەن. ڕاسەوخۆ کێشە و گرفت و دەمەقاڵێ دێتە پێش، بەڵام گەر ئەم کێشانە لە بازنەی ماڵدا چارەسەر نەکرێن و دزە بکەنە دەرەوە، ڕاستەوخۆ کارەسات دەخوڵقێنن. هەرگیز، تەنانەت بچووکترین کێشەی ژیانیشت لەلای خەڵکی باس مەکە و وەکوو گەورەترین نهێنی لە دڵتدا بیهێڵەوە. لە ژیانی ژنومێردایەتییدا هەر کەمێک بەسەر هەردووکتاندا تێبپەڕێت، ئاسوودەیی و بەختەوەریی دەبێتە میوانتان. با پیاوی ژیانت وەکوو خزمەتکار سەیرت نەکات و هاوڕێ و هاوبەشت بێت. گەر وا نەبێت، نە تۆ بەختەوەر دەبیت و نە ئەویش.

ئەگەر لە ژیانتندا هەستت کرد لە منەوە ستەمێکت لێ کراوە، دژم بوەستەوە تا بڕوام پێ دەهێنیت. چونکە ئەگەر ستەم قبوڵ بکەیت و بێدەنگ بیت، وردەوردە دڵت ئەوینی لێ دەچێتە دەرێ و ڕق و نەفرەت جێی دەگرێتەوە.

هەوڵ بدەن لۆژیکی بیت و ئەم سوودەش لە هاوسەرەکەتاندا بەرقەرار بکەن و هەرگیز ئەو شتەی کە لە توانای مندا نییە، داوام لێ مەکە، چونکە ئەگەر بە شێوەیەکی بەردەوام لەبەرانبەر داواکانی تۆدا بێدەنگ بم، غروورم دەشکێت و بە تێپەڕینی کات بەرانبەر ئێوە سارد و سڕ دەبم. هیچ کات بەڵێنێک مەدە مەگەر ئەوەی کە دڵنیا بیت لەوەی دەتوانیت جێبەجێی بکەیت، چونکە کەسی بێبەڵێن جێگەی متمانە نییە. پیاوان لە تەمەنی پیریدا زۆربڵێ دەبن، نابێت لەبەر ئەو هۆیە مەجلیسیان بەجێ بهێڵیت. بە ڕادەیەکی زۆر سوود لە ئەزموونی کەسانی دیکە وەربگرە. هەرگیز پێت وا نەبێت بۆ فێربوون درەنگە، لە هەموو حاڵەتێکدا هەوڵ بدە. هەوڵ بدە لە کاتی بێکاریدا کتێب بخوێنیتەوە، چونکە

ئەم کارە تێڕوانینی مرۆڤ فراوان دەکات. پارەت بۆ تەندروستیی خۆت بوویێت نەک ئەوەی ئاسایش و ئارامی خۆت لەبەر پارە بخەیتە مەترسییەوە. هەرگیز بە جلوبەرگی گرانبەها و زێڕ و کەلوپەل نرخی خۆت بە خەڵکی بەراورد مەکە، بەڵکو ڕێگە بدە تا بوونی تۆ و خووڕەوشتی مرۆڤانەت لەپێش هەر نرخێکەوە بێت. ڕێز لە ژێردەستەی خۆت بگرە، چونکە هەمووان لەبەرانبەر خوداوەندا یەکسانن. هیوام وایە هەمیشە سەبارەت بە من میهرەبان و بە وەفا بیت، هەر وەک چۆن من تا کۆتاییی تەمەن بەرانبەر بە ئەوینی تۆ وەفادار دەبم. ڕێکوپێکی چ لە ژندا یان لە پیاودا نیشانەی ڕەسەنایەتییە. پۆشینی جلوبەرگی کەشخە و ئارایشی زۆر زیان بە کەسایەتیی ژن دەگەیەنێت. هەڵبەت ئەو کەسانەی وا دەردەکەون، ئەگەر بچیتە ناو ژیانیانەوە دەبینیت بە جۆرێک لە جۆرەکان نەخۆشن و خولیای وا لە دەروونیاندا هەیە. بۆ پەردەپۆشکردنی ئەم خولیایانە دەست بۆ ئەم کارانە دەبەن. جووڵە و بەرەوپێشچوون و زانست لە مرۆڤدا نیشانەی شارستانیەتین. هەوڵ بدە لە ماڵدا ڕێکوپێک بیت، چونکە پیسوپۆخڵی و شپرزەیی لە ماڵدا وا دەکات پیاو لەبارەی ژنەکە و داهاتوویەوە نائومێد ببێت. هەوڵ بدە هەموو ڕۆژ لە کارێکدا بەرەوپێش بچیت، تەنانەت ئەگەر ئەو کارە دروومان، چنین، یان خوێندنەوەی کتێب و یان هەرچییەکی دیکە بێت. ئەوکات ژیانتان لە بێزاری و نارەحەتی دوور دەبێت. لێدان و کووتان هۆی تێنەگەیشتنە، چونکە منداڵێکیش دەزانێت کە ناکرێت بە لێدان شتێک بخەیە ناو مێشکی کەسێکەوە. ژیری و وتوویژی ئارام زۆرێک لە کێشەکان چارەسەر دەکەن. ئەگەر لە ژیانی ژنومێردایەتیتدا هەستت کرد مافت دەخورێت، بەرانبەرم بوەستەو. ئەمەت بۆ بەردەوامیی ژنومێردایەتیمان لێ داوا دەکەم. ڕوخساری جوان بە تەنیا عەشق دروست ناکات، ڕوخساری جوانی تۆ سەرنجی منی



Scanned by TapScanner

بۆ لای خۆی ڕانەکێشاوە، بەڵکو ئاکار و ڕەوشتی تۆ بوو کە لە هەموو شتێک بۆ من گرنگتر بوو و هەیە. بەو شێوەیەی من تۆم ناسی، زیاد لە تەمەنی خۆت بیر دەکەیتەوە، لەڕادەبەدەر میهرەبان و دڵساف و پاکیت. لە هەموو شتێک زیاتر خۆبەختکەر و میهرەبانیت. لە کەسانێکیشیت کە دەکرێت لە ژیاندا متمانەیان پێ بکرێت. بزانە کە تا کۆتایی تەمەن خۆشم دەوێیت و ئەمە ئەوینێکە تێپەڕینی کات هیچ کاریگەریەکی لەسەر نابێت.

بەشێکی شەو ڕۆیشتبوو کە نامەکەم هەڵگرتەوە و لەناو دۆلابەکەدا شاردمەوە. خوێندنەوەی نامەکە لە ڕادەبەدەر خەمباری کردم. هەموو ئەندامانی ماڵ لە خەودا بوون، بە بێتاقەتییەوە چوومە سەر جێخەوەکەم و بە یەکەم ڕووناکیی کز لە خەو هەستام کە لە پەنجەرەوە هاتبووە ژوورێ. لە تەواوی شەودا کابووسی ترسناک ئازاریان دام. ئەو شەوە بە چاوی داخراوەوە تا بەیانی بەخەبەر بووم. بە هاتنی بەیانی، بابم زۆر هەوڵی دا تاکو پەیوەندی بە خێزانی کاوەوە بکات و ئاگاداری بابەتەکە بێت، بەڵام هەرچەندی هەوڵی دا، بێسوود بوو.

چەند ڕۆژێک تێپەڕی. ئەو ڕۆژانەی کە بە ماندوویێتی دەستم پێ دەکردن و شەوانە بە هەزار بیرکردنەوە و خەیاڵەوە پاڵ دەکەوتم. کۆتاییی هەفتە بابم بانگی کردم بۆ ژوورەکەی و گوتی: "تەواوی ئەو شتانەی کە لە کاتی دەسگیرانداری لە کاوە یاخود لە خێزانەکەیان وەرتگرتوون، خڕیان کەوە و بیاندەوە."

دایکیشم بە هۆی بیروباوەڕی ئایینەکەیەوە هەڵیدایە: "ئێمە عادەتمان نییە ماڵی کەس بە حەرامی بخۆین."

گەڕامەوە ژوورەکەم و ڕاستەوخۆ چووم بەرەو داهۆکی کۆترەکە. کەمێک دواتر بابم هاتە ژوورێ و کاتێک منی بینی کە

سەرگەرمی باڵندە بووم، نارەحەت بوو و گوتی: "بۆچی ئەو کارەی گوتم، نەتکرد؟ ئەم کورە گەمژەیە بە ڕووکەش مرۆڤێکی باش دەردەکەوت. مرۆڤەکان چەند بە باشی دەتوانن ڕوویان بگۆڕن. ئەوەندە جێی خۆی لە دڵی مندا کردبۆوە کە هەرگیز نەمدەتوانی باوەڕ بکەم مرۆڤی بەو باشییە لە دنیادا هەیە. زوو یان درەنگ پێوەی دەداتەوە. ئەم دنیایە خانەی سزادانە."

دواتر وەک ئەوەی لە بەرزیی دەنگی نارەحەت بووبێت، بەرەو لای من هات، سەیرێکی کۆترەکەی کرد و پرسی: "چاک بۆتەوە؟"

"بەڵێ، بە تەواوی چاک بۆتەوە."

"دەتەوێ ئازادی کەی؟"

"نا."

"بۆچی؟"

"چونکە لەم سەرمایەدا ناتوانێ بفڕێ."

"کەوایە تا کۆتاییی زستان میوانی ئێمەیە."

"لەوانەیە."



Scanned by TapScanner

# ٣

ڕۆژی دواتر، پێش نیوەڕۆیەکەی بەستەیەکی گەورەم هەڵگرت و ڕێی ماڵی کاوەم گرتە بەر. لەم بەستەیەدا ئاڵقەی دەسگیرانی، جلوبەرگ و هەندێ کەلوپەلی دی کە کاوە بە دیاری پێی دابووم، تێیدا پێچرابوونەوە. ئەم کەلوپەلە دوایەمین پاشماوەی گرێدراوی نێوانمان بوو، بە گەڕاندنەوەیان لەوانە بوو بۆ هەمیشە هەموو شتێک لەنێوان ئێمەدا تەواو ببێت و، بۆ تاهەتایە ئەوم لە دەست دەدا.

فشارم خستەسەر زەنگی ماڵەکەیان. دیسانەوە تەواوی یادگارییەکانی ڕابردوو لەبەردەممدا زیندوو بوونەوە و تێپەڕین، بە ئەستەم ڕێگریم لە هاتنەخوارەوەی فرمێسکەکانی خۆم کرد.

خزمەتکاری ماڵ دەرگەی کردەوە. پیرێژنی بێچارە بە بینینی من راچڵەکی و ڕەق راما. سڵاوم کرد. پیرێژنە هاتەوە سەرخۆی و ئەحواڵپرسیی کرد و دەرگەی بە تەواوی کردەوە. فەرمووی ژوورەوەی لێ کردم، بە یەکەوە بەرەو بیناکە ڕۆیشتین. دە-

دوازدە ساڵ دەبوو لەو ماڵەدا کاری دەکرد و لەبەر ئەوەی وردەوردە لاواز و نەخۆش بووبوو، کچێکی گەنجیش لە کارەکانی ماڵەوە یارمەتیی دەدا. پیرێژن لە ڕێگەدا بە قیافەیەکی ماندووەوە دەستی بە گلەیی و گازندە کرد و گوتی: "ماوەیەکە چاوی ڕاستم ئاوی سپی دەردەکا، ئەگەر زوو نەشتەرگەری نەکرێ، کوێر دەبم."

دواتریش بە پەنجە پێڵووی چاوی هێنا خوارەوە تا من ناو چاوی ببینم.

"جا بریا هەر ئەو دەردەبا، بەرگەم دەگرت. ئازاری پشتم ناچاری کردووم پشتێنی پزیشکی ببەستم. دکتۆریش زەرفێک داو و دەرمانی داومەتێ، بەڵام هیچ فەرقم نەکردووە. لەوانەش خراپتر دەردی ڕۆماتیزمەیە کە لەپێی خستووم."

بۆ ئەوەی سەرەداوێکم دەسکەوێت، گوتم: "ئێ بە کاوە بڵێ."

پیرێژن بە بیستنی ناوی کاوە لە جێی خۆی ڕەق بوو، لە ڕۆیشتن وەستا و بە شێوەیەک سەیری ڕوخساری کردم وەک ئەوەی من باسی بوونەوەرێکی لەدەستڕۆیشتووم کردبێت. لەجیاتی هەر قسەیەکی دیکە تەنیا ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و بێدەنگ بوو.

تا کۆتاییی ڕێگە چەند جارێک هەوڵم دا باسی کاوە بێنمە گۆڕێ، بەڵام پیرێژن بە تەواوی بێدەنگ بووبوو. ئیدی گوێی نەدەدایە.

لەبەر ئەوەی هەمووان لە ناندینەکە[1] کۆبووبوونەوە، پیرێژن ڕێک منی بەرەو ئەوێ برد.

ناندینەکە گەورە و فراوان بوو. ناوکەوەکەیان[1] بە جۆرێک مشەمای پتەو و ڕەنگین داپۆشیبوو. ئەو ڕووناکییەی بەناو

---

[1] ناندین: موبەق، مەتبەخ

پەنجەرە گەورەکەدا دەهاتە ژوور، لەگەڵ کەمێک تیشک کە ئاوێزانی بنمیچەکە بووبوو، بە تەواوی ئەوییان ڕووناک دەکردەوە. دوو سەلاجەی گەورە، یەکێکیان شین و ئەوەی دیکە سپی لە دوو سووچی ناندینەکەدا دانرابوون. سەماوەری کارەبایی لەسەر مێزێکی دارین زلۆزلۆق[2] دەکولا.

بەفری سەربان لەژێر کاریگەریی تیشکی خۆردا لە توانەوەدا بوو و ئاو بە لووساوکەدا چۆڕەچۆڕی بوو. دایکی کاوە و ئەو کچە گەنجەی گوایە خزمی بوو، لەسەر کورسیی پێچکگەورە لەدەوری مێزێک کۆ بووبوونەوە. لەناوەڕاستی مێزەکەدا گوڵدانێکی چینی هەبوو کە چەند لقەگوڵێکی دەستکرد و گوڵی نێرگز دەبینران. بۆنی گوڵەکان لەگەڵ بۆنی ئەو خواردنەی لەسەر ئاگر بوو ئاوێتەی یەک دەبوون و کەشی ناندینەکەی پڕ کردبوو.

لەسەر یەکەمین کورسی دانیشتم. دایکی کاوە جلێکی درێژ و تاراڕەیەک ئاوریشمینی سەوز و بنچکی سپی لە بەردا بوو. بە سەرنجەوە لە ڕوخساری ڕامام. تێپەڕینی کات کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ڕوخسار و پرچی دانابوو. قژی لوول و درێژی، کە چواردەوری لاجانگەکانی سپی بووبوو، بە تۆقەیەکی گەورە کۆ کردبووەوە و توند بە پشتەسەریەوە بەستبووی. لە لابەلای پرچە نارێک و ئاڵۆزەکەیدا بە کەمی تاڵی ڕەش بەرچاو دەکەوتن.

لە هەمیشە زیاتر غەمگین و هیلاک و بێمەیلتر دەهاتە بەرچاوم. بە بێهیواییەوە لە کاتێکدا فرمێسک لە چاوانمدا ڕیزیان بەستبوو، ئەو شتەی کە لە دەستمدا بوو لەسەر مێزە دارینەکە خستمە بەردەمی.

---

[1] ئاوکەو: بەشی زەمینی.

[2] زلۆزلۆق دیفدۆنگێکی کوردییە و بۆ حاڵەتێک بەکاردێ، کە ئاو خەریکە دەکوڵێ.

کچە گەنجەکە بە سووکایەتییەوە سەیرێکی سەرتاپامی کرد و بە سەرسوورمانەوە سەیری بەستەی سەر مێزەکەی کرد. کچە ئەندامی ناسک و لەبار، تەقریبەن قژێکی زەردی هەبوو کە بەسەر شانیدا هاتبووە خوار. چاوی گەورە و درەوشاوەی کچە لە ڕەنگی ئەو جلە بوو کە لە بەریدا بوو. ڕوخساری ساف و بێگەرد و بچووک بوو. ئارایشتێکی زۆر جوان ڕوخساری داپۆشیبوو. چونکە ڕوخساری بەبێ ئارایش گەشتر و جوانتر دەهاتە بەرچاو.

جوانییەکەی ئەو چیرۆکانەی بەبیر هێنامەوە کە لە منداڵیدا بیستبوومن. چیرۆکی شازادە خاتوونێک کە لەنێو گەڵای گوڵی سووردا پەروەردە بووبوو و مانگ و خۆرەتاو لە تاسەی بینینی ڕوخساریدا بوون. جلوبەرگێکی مۆر، لە پارچەی ناسک و باریک، پڕبەخۆی لە بەردا بوو. لەوانەیە ئەو شتەی لە بەریدا بووبێت ناوی لێ نەنرێت، چونکە بەشێک لە جەستەی دادەپۆشی و بە ڕادەیەک تەسک بوو کە جەستەیی بە توندی دەگوشی. شانەکانی بە شێوەیەکی ناشیرن ڕووت بوون و دامێنی لەپشتەوەڕا کراوەیەکی گەورەی تیا بوو. کاتێک بە ڕێگەدا دەڕۆیشت ئەم درزە کەمێک دەکرایەوە و جلوبەرگی ژێرەوەی بە باشی دەردەکەوت. دەستی وەک بەفر سپی بوون و نینۆکەکانی ئەوەندە درێژ بوون کە کەمێک چەماوە دەهاتنەبەرچاو. ڕەفتار و هەڵسوکەوتی بە شێوەیەک بوو کە هەر بە یەکەم بینینی سەرەتا مرۆڤ پەی بە بێئەقڵیی دەبرد. بە شێوەیەکی ئەوەندە لەخۆباییانە بە ڕێگەدا دەڕۆیشت کە لووتی گەیشتبووە ئاسمانێ. زۆر بە سارد و سڕی سەیری خزمەتکاری ماڵەوەی دەکرد و خزمەتکاری گەنجیش بە شێوەیەک قسەی دەکرد کە دەتگوت خودا ئەم کچە جوان و بێگوناهەی تەنیا بۆ خزمەتکردن و ڕاپەڕاندنی وردە فەرمایشتەکانی ئەو دروست کردووە. هەڵسوکەوتی بەرانبەر ئەو

پیریژنە پەککەوتە و بەستەزمانە زۆر ڕەق و توند بوو. پیریژنە خزمەتکارەکە بێدەنگیی نێوان ئێمەی شکاند. سەبەتەیەکی لە سووچێکی ناندینەکەدا هەڵگرت و لەسەر مێزی دانا و ئەو شتانەی لەناو سەبەتەکەدا بوو لەسەر مێز ڕیزی کردن.

"نۆک، هێلکە، ئارد، گۆشت، ئەی کوا شەکر؟"

دایکی کاوە وەڵامی دایەوە و گوتی: "حەتمەن دیسان لای دوکانی میوەفرۆشەکە بەجێت هێشتووە."

"نا ... ئەوەتا."

کچە گەنجەکە بەبێ مەیلییەوە چای بۆ هێناین و بە ساردییەوە دوور کەوتەوە.

دایکی کاوە ئەوی بە من ناساند: " ئازادێی برازام، تازە لە سەفەر گەڕاوەتەوە.

کچە گەنجەکە بەرەو لای پووری چوو، لە باوەشی گرت و ماچێکی ڕوومەتی ڕەنگپەڕیوی کرد و بە دەنگێکی سەیر و لەرزۆکەوە گوتی: "نا، من کچی خۆتم. من تۆم وەکوو دایکێک خۆش دەوێ."

ناوی ئازادێ لە زەینمدا ئاشنا بوو. ئەو قسانەی کە لەبارەیەوە بیستبوومن، وەبیر خۆمم هێنانەوە. ئەو بە بیستوچوار ساڵییەوە لەوپەڕی دەوڵەمەندیدا بوو کە تەواوی ئەورووپا گەڕابوو و چەند ساڵێکیش لە ئەمریکا ژیابوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خوێندنی تەواو نەکردبوو و تەنیا کاری ئەوە بوو کە لەبارەی ئارایشت و قژ و جلوبەرگەوە پەیڕەوی لە ئەکتەرانی فرانسەیی بکات. بیستبووم کە کچێکی زۆر ڕووکەش، کەمئەقڵ و گەلەک لەخۆبایی و خۆبەگەورەزانە، هەر لەبەر ئەو سیفەتانە بووە کە کاوە

پەشیمان بووەتەوە لەوەی هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکات. دایکی ساڵانێکی زۆر بوو هەوڵی دەدا تاکوو کچی خۆی لە کاوە مارە بکات و ئەو هەوڵە تا ئەو کاتەی من چووبوومە ناو ژیانی کاوەوە بەردەوامیی هەبوو. جا هەر لەو رۆژەوەی کە من پێم خستبووە ئەو ماڵەوە، سەرەتا پەیوەندیی نێوان دوو سەر خێزان پچرابوو و دواتر بە تەواوی کۆتایی هاتبوو. ئێستاش ئەوە بۆ یەکەم جار بوو کە من ئازادیم دەدی.

کاتێک ئەو فکرانە لە خەیاڵم دەرچوون، کەمێک وەخۆ هاتمەوە. هەڵسوکەوتیم خستە ژێر چاودێرییەوە. لە خۆوە نیگام کەوتە سەر پەنجەکانی. لە پەنجەیدا بەدوای ئەڵقەیەکدا دەگەڕام.

مرۆڤ هەمیشە لەبەرانبەر ڕکابەرێکدا هەست بە لاوازی دەکات. جا ئەگەر ئەو ئامبازە خاڵیکی بەسوودیشی هەبێ، مرۆڤ بە تەواوی هەست بە کەموکووڕی و ڕووخاوی دەکات.

لەو کاتەدا ئەوەندە خۆم بە لاواز دەهاتە بەرچاو کە وەسف ناکرێت.

لە دەرەوە دەنگی پێ بیسترا. کەسێک بەرەو پلیکانەکان لە جوولەدا بوو. لەوانەیە دەنگی پێی کاوە بێت. سوور هەڵگەڕام و ناوچەوانم ئارەقێکی ساردی دەرکرد. بە ئاشکرا دەستەکانم دەلەرزین. نەمدەزانی بە بینینی ئەو شادمان دەبم، یان تووڕە. توانام نەبوو بە باشی بیر بکەمەوە. دەنگی پێ سات بە سات نزیکتر دەبووەوە.

لە کۆتاییدا دەرگە کرایەوە. پیاوێکی چوارشانە هاتە ژوورێ کە چاویلکەیەکی خڕی لەچاودا بوو. پیاوەکە بە پەلە لەسەر کورسی دانیشت و دەیویست قسەیەک بکات کە ژنەکە مۆرەیەکی لێ کرد. پیاوەکە ئەوەندە شێوابوو کە ئاگای لە نیگای ژنە نەبوو و

دەیویست بەردەوام بێت، کە ژنە بە دەستی ئاماژەی بۆ کورد تا بێدەنگ ببێت و تێبگەیاند بچێتە دەرەوە.

پیاوەکە بە هێمنی لە جێی خۆی هەستا و پێیەکی لەودیو دەرگە و پێکەی دیکەی لەمدیو، پرسیی: "چیتان لە سەیارەکە کرد؟"

"هێشتا لای فیتەرە؟"

"دواینیوەڕۆ لە ماڵن؟"

"نا."

"دەمەوێ تەلەفۆنتان بۆ بکەم."

"کەی؟"

"لەوانەیە دوای سەعات هەشت. هەڵبەت ئەگەر لە ماڵێ بن."

"پێم وا نییە لە ماڵێ بین. هەڵیگرە بۆ دوایی."

دوای ڕۆیشتنی ئەو پیاوە، مانەوەمم لەوە زیاتر بە گونجاو نەزانی. نیازی خواحافیزیم هەبوو کە دایکی کاوە هاتە پێشەوە و بە دەنگێک کە هیچ گەرموگوڕی و سۆزێکی تێدا نەبوو، گوتی: "تۆ کەلوپەلی خۆت دەناسیتەوە. وەرە ژووری کاوە و بیبە."

ژووری کاوە لە نهۆمی دووەم بوو. کاتێک دوازدە پلەم بڕی، چوومە ژوورێکی کەمێک بچووک و خاوێنەوە کە ناوکەوەکەی مۆکێتی شینیان لێ ڕاخستبوو. لەسەر دۆلابێکی دارین پەیکەری حەزرەتی عەلی(سەلامی خودای لەسەر بێت) لە چوارچێوەیەکی نەخشداردا بەرچاو دەکەوت. لەلای ڕاستی ژوورەکەوە مێزێکی دارین هەبوو کە چەرچەفێکی خاوێنیان بەسەردا دابوو. لەلاکەی دیکەدا کتێبخانەیەکی گەورە هەبوو کە دوو ڕەفەی سەرەوە کتێبەکانی زۆر بە ڕێکوپێکی دانرابوون. ئازادێ بە تیزخەندێکەوە

دەرگای مێزەکەی کردەوە و کەمێک لە کەلوپەلی کاوەی هەڵڕشت. دیمەنێکی لەڕادەبەدەر خەمناک بوو. وا هەستم کرد کچە بە سووک و، ژنە بەبەزەییەوە سەیرم دەکەن. ئازادی بە شێوەیەک هەڵسوکەوتی دەکرد کە بوونی من لەوێ بە تەواوی لەلای بێنرخە. بەڵام شێوەی قسەکردن و بەو هەڵسوکەوتەی کە دەیکرد، بەباشی پێیەوە دیار بوو لە دەروونیدا زریان هەستاوە. زریانێک لە ڕق و نەفرەت.

ژنەش وەکوو پکوژێک کە بەرانبەر دیمەنی تاوان ڕاوەستابێت، ڕووی لێ وەرگێڕام و بە تەنیا جێی هێشتم. کەلوپەلەکانم دیتنەوە و جیام کردنەوە. ئازادی بە شێوەیەک پەرتوبڵاوی دەکردن کە دەتگوت ئێسک و پرووسک هەڵدەداتە بەردەم سەگی بەرەڵا.

دوای خواحافیزی، بە خێرایی لە ماڵ هاتمە دەرێ. هەوای دەرەوە خۆرەتاو بوو و بایەکی فێنک ڕوخساری نەوازش دەکردم. لە دەرەوەی ماڵەکە هەستم بە ئاسوودەیی زیاتر دەکرد.

لەو ساتەدا تەنیا خودای میهرەبانە کە مرۆڤ ڕادەگرێت. بوونی ئەوە کە مرۆڤ بە ژیانەوە دەبەستێتەوە. ئەگەر ڕووناکیی ئومێدێک لە دڵی مرۆڤدا دەدرەوشێتەوە، تەنیا و تەنیا لەبەر ئەوە. بە گشتی مرۆڤ لەو کاتانەدا پەنا بۆ ئەو دەبات و بەس.

کاتێک گەیشتمەوە ماڵێ، دیسانەوە هەمان ئەو قسانەی پێشووتر دەستیان پێ کردەوە. بابم هاوڕێیانە پرسیی: "ئەم دیدارە چ ئەنجامێکت دەست کەوت؟ ئێمە هیچ عەیبێکمان هەبووە کە وازیان هێناوە؟"

ئەو جۆرە پرسیارکردنە وای نیشان دەدا کە بابم زۆر بە ڕێزەوە لێم دەپرسێت کە ئایا خێزانی کاوە کێشەیەکیان لە مندا دیوە؟ جا ئەوە هەمان ئەو پرسە بوو کە زۆر لێی دەترسام. هەرچەندە کە

دەمزانی بابم لەسەر ئەو پرسە هیچ مەبەستێکی خراپی نییە، بەڵام هەموو ترسەکەم لەوە بوو کە دۆست و ناسیاوی وا هەبوون ئەم پرسیارە بە مەبەستێکی دیکەوە بکەن.

دایکم بە تووڕەییەوە گوتی: "من دڵنیام هەموو ئەو مەسەلانە لەبن سەری دایکی کاوە دان."

بابم بە هێمنییەوە گوتی: "ئەگەر پیاوێک لەژێر کاریگەریی قسەی خەڵکیدا بڕیار بدات، ئەسڵەن بە کەڵکی ژیان نایە. باشتر کە ئەم پەتە پچڕا."

هێشتا لە قووڵایی دڵمدا تروسکاییی ئومێدێک هەبوو، گوتم: "لەوانەیە کێشەیەکی بچووک بێ لەنێوان خۆیاندا کە بەم زووانە چارەسەر بکرێت. من دڵنیام ڕۆژێک کاوە دەگەڕێتەوە."

بابم سەیرێکی کردم. چەند خولەکێک چاوی لەسەر ڕوخسارم لا نەبرد. لە نیگایەوە خوێندمەوە کە هەم نیگەرانە و هەم دەیەوێ دڵم بداتەوە. هەرچۆنێک بێت بێدەنگیی شکاند و بە زمانێکی خۆش، بەڵام کورتبڕ گوتی: "هەرگیز بیر لە گەڕانەوەی ئەو مەکەوە. کاوە کاتێک بۆی هەیە پێ بخاتە ئەمماڵەوە کە من مردبم. تا ئەو کاتەی من زیندووم، ڕێگە نادەم چاوی بە تۆ بکەوێتەوە. حەز دەکەم ئەم قسەیە چاک لەگوێ بگری. چۆن دەتوانی ئەو هەموو بێڕێزییەت لە بەرچاو نەبێ؟ غرووورت کوا؟"

بابم هیچ کات خووی وا نەبوو سنوور دابنێت، بەڵام کە قسەیەکی دەکرد، دەیبردە سەر. بەو قسەیە، بابم ڕووناکیی ئومێدی ناو دڵی منیشی کوژاندەوە. قسەی بابم گەردەلوولێک بوو کە هەموو شتێکی لەسەر ڕێگەی خۆی ڕادا و لەناوی برد. ئا ئەو کاتە بوو کە تامی تەڵخیی نائومێدیم بە تەواوی بوونمەوە چەشت.



Scanned by TapScanner

کاتی خەو چوومە ژوورەکەم. ئەو شوێنەی کە دەمتوانی لەگەڵ ئەندێشەکانمدا بێدەنگ بم. باڵندەکە تەنیا و بێکەس لە سووچێکی داهۆکەکەدا هەڵکوڕمابوو. دەتگوت چاوەڕێی من دەکات. چوومە پێشێ و لە داهۆکەکە دەرمهێنا. دەستم بە باڵە سپی و نەرمەکانیداهێنا کە لەلای سەریەوە کەمێک خۆڵەمێشی بوون و نەوازشم کرد. بە وردی سەیری جێبرینەکەیم کرد. بە تەواوی چاک بووبووەوە.

"باڵندەی جوان، لە بەیانیەوە دەتوانی بفڕی."

باڵندەکە سەری بەرزکردەوە و بە چاوە بچووکەکانیەوە سەیرێکی کردم.

"باڵندەچکۆلە، لەگەڵ ئەوەی زمانی قسەکردنت نییە، بەڵام بە جۆرێک سەیرم دەکەی، هەر دەڵێی لە هەموو قسەکانم تێدەگەی."

باڵندەکەم لەسەر زەوی دانا و دوای خاوێنکردنەوەی داهۆکەکە، هەمتر دانم بۆ ڕۆکردەوە و ئاوم بۆ تێکردەوە و خستمەوە جێی خۆی.

پیش چوونە سەر جێخەوەکەم، لەناو دۆلابەکەدا نامەکانی کاوەم دەرهێنان و دەستم بە خوێندنەوەی ئەو نامەیە کرد کە باسی ئازادیی بۆ کردبووم.

سڵاو،

کاتێک ئەم نامەیە دەنووسم، زۆر لە تۆ دوور نیم. لەڕادەبەدەر خۆشم دەوێیت. هەر ئەو مەودا کەمەش بۆ من زۆرە. نازانم ئاخۆ نامەکانم بێزارکەر و درێژن یان نا؟ ئەگەر بێزارکەرن، ئاگادارم بکەرەوە تا خۆم چاک بکەم.

ئەمڕۆ دەمەوێ باسی ڕابردووی خۆمت بۆ بکەم. ڕابردووی زۆر دووریش نا. جا لەبەر ئەوەی بەم زووانە تۆ دەبیتە هاوبەشی ژیانم، دەبێت هەموو شتێک بزانیت، تا دوایی کێشە نەیەتە پێش.

خۆشبەختانە من ڕابردوویەکی هێندە ڕەشم نییە. قۆناغی خوێندن بە هێمنی تێپەڕی و سەردەمی زانکۆشم بە خێر و خۆشی تێپەڕاند.

کەس نییە لە دنیادا بڵێ من هەرگیز هەڵەم نەکردووە. یان عەیبێکی تێدا نییە و هەڵە ناکا. ئێستایش کە لە هەموو شتێکی تایبەتدا هاوبەشین، دەبێت عەیب و عاری یەکتر داپۆشین و لە هەڵەی یەکتر ببوورین و هەرگیز کێشەی خەڵکی تووشی خۆمان نەکەین. ئەگەر خەڵکێکیش هەیە شایەنی ئامۆژگارییە، بە تەنیا ئاگاداریان بکەینەوە. ئەگەر نا، غەیبەتکردن کارێکی جوان نییە و جگە لە کاتبەفیڕۆدان هیچ سوودێکی دیکەی نییە.

حەز دەکەم لەم نامەیەدا باسی ئازادێ کچە پوورمت بۆ بکەم. لەگەڵ ئەوەی عادەتم وا نییە بە خراپە باسی کەس بکەم، بەڵام لێرەدا پێویستە نەگوتراوەکان بگوترێن. بۆیە ئەو شتەی کە پێویستە بیزانیت، لە زمانی خۆمەوە بیزانیت باشترە، نەوەک لە زمانی بێگانان.

چوار ساڵ لەمەو بەر کاتێک ئازادێ هاتە ئێران، خێزانەکەمان سوور بوون لەسەر ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەودا بکەم. هەڵبەت بەو ناسیاوێتییەی کە ساڵانی زوو لەگەڵ ئەودا هەمبوو. بە هەموو توانامەوە دژی خواستەکانی چواردەورم وەستامەوە و پەیامم بۆ ئازادێ نارد کە هەستی من بەرانبەر ئەو وەکوو هەستی برا بۆ خوشک وایە و هیچ هەستێکی دیکەم بەرانبەری نییە. ئەم قسەیە بووە هۆی ناکۆکیی نێوان دوو خێزان. هەر زوو بە



Scanned by TapScanner

ڕاگەیاندنی دەزگیرانێتیی من و تۆ، پەیوەندیی ئەوان لەگەڵ ئێمەدا بە ناڕەحەتی کۆتایی هات.

ئازادێ کچێکی بیستوسێ یان بیستوچوار ساڵەیە کە بە نزیکەیی نیوەی دنیا گەڕاوە. لە خێزانێکی بەڕێزە و بە ڕووکەشیش جوان و ڕووخۆشە. تا ڕادەیەکیش کۆمەڵایەتی بەرچاو دەکەوێت.

بەڵام بە بڕوای من ئازادێ کچێکە بەبێ یاسا و ڕێسا کە پابەندی هیچ یەکێک لە نەریتەکانی کۆمەڵگە نییە. هێزی بیرکردنەوەی دیاریکراوە و هەست و سۆزیشی سنووردارە. ئەگەرچی ئەو ئێستا وەک ژنێک وایە، بەڵام تا ئێستاش لەگەڵ منداڵان فەرقی پێ ناکەیت. میوانداریییەکی پڕ جۆشوخرۆش، پارچەیەک خشڵ، یاخود دیارییەکی گرانبەها ڕازیی دەکەن. وەک چۆن کیسە چکلێتێک هاتوهاواری منداڵێک بۆ شادی دەگۆڕێت. ئەو وەکوو ئەو قەپووشکە[1] وایە کە لە قەپێلکی خۆیدا پاڵ کەوتووە و هەر لەم قەپێلکەیشەوە سەیری دنیا و مرۆڤەکان دەکات. لە ڕاستیدا، ڕێک وەک ئەو کرمەلیقە ژیانێکی پووچ تێدەپەڕێنێت.

با ئەوەش بڵێم، ئەو خۆی بە بەختەوەر دەزانێت. لە کاتێکدا تەنانەت لە مانای ڕاستەقینەی بەختەوەرییش نەگەیشتووە. مرۆڤی وەکوو ئەو کەم نین، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە تووشیان نابین، نایانناسین و هەقمان بەسەریانەوە نییە.

بەس لەبەر ئەوەی ئازادێ لەسەر ڕێی من ڕاوەستاوە، ناچارم لەبارەیەوە قسەت بۆ بکەم، تا بزانیت بۆ هاوسەرگیریی ئێمە سەری نەگرت.

---

[1] قەپووشک واتە شەیتانۆکە. لە هەندێ شوێن قەپووچکیشی پێ دەڵێن.

ئازادیٚ جگە لە جوانیی ڕووکەشیەکەی، هیچی دیکەی نییە. بەو دڵە پووچ و مێشکە بەتاڵەیەوە وەکوو ئەو بووکەشووشەیەیە کە تەنیا بەکەڵکی پشتی جامخانە دێت. ئەو لە ڕادەبەدەر خۆی لە مرۆڤ و ژیان دوورەپەرێز گرتووە و ئەگەر ڕۆژێک بیەوێت بە دوو ئەسپی خێرا قەرەبووی ئەو دواکەوتوویەی بکاتەوە-کە من بە دووری دەزانم،-دیسان ناتوانێت بگاتە ژیانی ڕاستەقینە.

بە بڕوای من، ئەو بەرانبەر ئەو ڕاستییانەی کە لە دەوروبەرمان هەن وەکوو کوێرێک وایە کە نابینێت و تەنیا دەستیان پێدا دەهێنێت. دڵی لە ئەوین بەتاڵە. خۆشەویستیش لە دڵی ئەودا نادیارە. پەیی بە فەلسەفەی ژیان و بوون نەبردووە. هەڵبەت ژیان فەلسەفەیەکی ئاڵۆزی هەیە کە کەمتر کەسێک لێی تێدەگات. بەڵام ئەو بە تەواوی لێی بێئاگایە. لەگەڵ ئەوەی بیستوسیٚ یان بیستوچوار ساڵێکە، سەرەتاییترین ژیانی ڕۆژانەی تێدەپەڕێنێت. ئەگەر کەسێک بەوپەڕی وشیارییەوە خۆی بداتە دەست ئەم کەسانە، وەک ئەوەیە بە ئەنقەست خۆی بخاتە چاڵێکی قووڵەوە و خۆی زیندەبەچاڵ بکات. چ کەسێکی ژیر ئامادەیە لە کاتێکدا کە لە ژیاندایە لەگەڵ مردووان بژی؟ یان چ مرۆڤێکی وشیار بە دەستی خۆی خۆی دەخاتە ناو تاریکییەوە؟ نێوانی زەوی و ئاسمان چەندە؟ ئاوایش بەیەکگەیشتنی ئێمە نەکردە بوو.

ئەو ژنێکی بێکەڵکە و هیچ سوودێکی نییە. ئەگەر لە داهاتوودا ڕۆژێک تێکهەڵەئەنگوتن[1] بە شێوەیەک هەڵسوکەوت بکە کە بەرەو خوورەوشتە باشەکانی خۆت ڕاییکێشیت تا لەبەرانبەرتدا هەست بە سووک و کەمی بکات.

---

[1] تێکهەڵەئەنگوتن: چاوتان بەیەک کەوت، یاخوود یەکترتان بینی و بەیەکگەیشتن.

ئەگەر لە نزیکەوە ببیبینیت، زۆر زوو لەوە تێدەگەیت کە پێش ئەوەی ئیرەیی پێ ببەیت، بەزەییت پێیدا دێتەوە.

لەڕادەبەدەر لەسەر ئازادیٰ نووسیم. با ئێستا باسی خۆمان بکەم. هەفتەی ڕابردوو باوکت داوای بەرگێکی "دائیرەتولمەعاریف"ی لێ کردبووم کە بەڵێنم دابوو ڕۆژی داهاتوو بۆی بهێنم، بەڵام سەعات یازدە و نیو، هەمان ئەو ڕۆژە تەلەفۆنێکم بۆ هات کە دەبوو بە زوویی بڕۆمە سەفەر. جا بۆ ئەوەی بێبەڵێن نەیەمە دەر، سەعات دوازدەی شەو خۆم گەیاندەماڵتان کە هەمووتان لە خەودابوون و بینیم گشت گڵۆپەکان کوژابوونەوە. بیرم کردنەوە ئەگەر زەنگ لێبدەم، لەوانەیە ببمە هۆی نیگەرانیتان، بۆیە گەڕامەوە. دوو کتێب و "دائیرەتولمەعاریف"ـم بە هەدیە بۆ ڕۆژی لەدایکبوونت کڕیبوون. بە ئەمانەت لای دایکم دامناون کە بە داخەوە ئەم ماوەیە شتی لەبیر دەچێتەوە. تکایە سەرێک لە ماڵی ئێمە بدە و کتێبەکان وەربگرە. ئەمشەو بیرم لەوە دەکردەوە دەقێکی ئەدەبیت بۆ بنووسم. لەگەڵ ئەوەی زیاتر لە سێسەد کتێبم لە کتێبخانەدا هەیە و کەم تا زۆر هەموویانم خوێندوونەوە، بەڵام ئەگەر بمەویٰ دوو دێڕ دارشتن بنووسم، باوەڕ بکە ناتوانم. بەس کەمێک لە وێنەکێشاندا بەرەو پێشەوە چوومە و لەوانەیە بتوانم لە داهاتوودا وێنەکەت بکێشم. بەڵام ئەمشەو، بە هەر زەحمەتێک کە بوو، پارچەیەک شیعرم بۆت نووسی. باوەڕ بکە ئەوەی نووسیومە، نازانم ناوی ڕێکخستنە، پەخشانە، یان شیعرە. تەنیا ئەوەی لە زەینمدا نەخشی بەستبوو، بۆت دەنووسم.

ئەوین

ئەوین وەکوو ئاهەنگێکی خۆش وایە کە بە یەک جار بیستن، دزە دەکاتە نێو دڵ و ڕۆحی مرۆڤەوە.

ئەوین وەکوو لقەگوڵێکی سوورە کە لە باخێکی گەورەدا ڕووابێ.

ئەوین وەکوو ئاسمانە، وەکوو ئەستێرەکانە.

ئەوین وەکوو ڕۆحی کۆرپەیەکی تازە پاکە و وەکوو باڵندەیەک ئازادە.

ئەوین وەکوو گوڵی دەشتێ وایە.

ئەوین وەک بۆنی گوڵی یاسە.

ئەوین وەکوو کازیوەی بەهارە.

ئەوین وەکوو هیوایە.

ئەوین وەکوو ئەو ئارەزووانەیە کە کرێکار وەک جل لەبەریان کردوون.

ئەوین ڕووناکیی خودایە وەکوو هەموو شتێکە، بەڵام هیچ شتێک لە ئەوین ناچێ.

ئەو دڵەی ئەوینی تێدا بێ، شەیتان لەوێدا جێی نابێتەوە.

ڕۆحی مرۆڤی ئەویندار، وەکوو گەڵای یاس نەرم پاک و جوانە و دڵی مرۆڤێکی ئەویندار وەکوو بێگەردیی ئاوێنەیەکی گەورە بە قەد ئاسمانە.

ئەوین دژەژەنگی ناشیرنییەکانی دڵ و ڕۆحە.

هیوادارم ئەوەی کە نووسیومە بەدڵت بووبێت. تەنیا لەبیرت بێت کە من نە نووسەرم و نە شاعیر. ئەگەر لە ڕووی دارشتنەوە هەڵەیەکت بینی، بمبوورە.



Scanned by TapScanner

لەم هەفتەیەدا نامەیەک بۆ دایکم دەنێرم بۆ ناونیشانەکەی تۆ، مەبەستم لەم کارە ئەزیەتدانی تۆ نییە، تەنیا حەز دەکەم لە نەبوونیی مندا پەیوەندیت نەپچڕێت.

دایکم بە بینینی تۆ خۆشحاڵ دەبێت. تازەکییش بیستم کە دایکم زۆر دڵی پێت دەکرێتەوە و خۆشی دەوێیت، زۆرم پێ خۆشە.

خودا حافیز.

بەشێکی شەو تێپەڕیوە، نامەکەم پێچایەوە و چوومە سەر جێخەوەکەم، تا بتوانم ئەو شتەی کە لە ڕۆژدا بەسەرم هاتووە، بە دەستی فەرامۆشیی بسپێرم.

# ٤

ڕۆژ و هەفتە و مانگ، بەبێ هیچ ڕووداوێک تێپەڕین.
ڕۆژەکان ئەوەندە هاوشێوەی یەکتر و دووپاتە بوون کە دەتگوت ڕۆژێکی زۆر درێژمان تێپەڕاندووە.

لە نیوەی دووەمی "جۆزەردان"ەوە هەواڵێکی خۆشم پێ گەیشت. ماوەیەک لەمەو بەر تاقیکردنەوەی دامەزراندنم بۆ مامۆستایەتی کردبوو. ئەو ڕۆژە لەڕێی نامەیەکەوە هەواڵی قبوڵکردنم پێ گەیشت.

دوو ڕۆژ دواتر پەیوەندیم بە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەوە کرد. داوایان لێ کردم وەکوو مامۆستا بچمە یەکێک لە دێهاتەکانی دەوروبەرمان. هەڵبەت پێیان گوتم لەوێ ژوورێکیان داوەتێ کە هێی خاوەنماڵێکی گوندەکەیە و تەواوی خەرجی و تێچووی سەفەرەکە پەروەردە دابین دەکات.



Scanned by TapScanner

ڕۆژێکی مابوو بۆ سەفەر کە سەرقاڵی کۆکردنەوەی کەلوپەکانم بووم. کاتێک دایکم منی بینی سەرقاڵی داخستنی جانتام، گوتی:
"ئەم باڵندەیە ئازاد بکە. دوای تۆ کەس نییە ئاگای لێی بێ."

باڵندەکە تا ڕادەیەک وەک ئەندامانی خێزانی لێ هاتبوو. دەتگوت دڵگران نییە لەوەی لە داهۆکدایە. بە دەستی من ئاو و دانی دەخوارد و بەو شێوە ژیانە ڕاهاتبوو.

باڵندەکەم هێنا حەوشە و ئازادم کرد. ئەو کە پێشتر ئەزموونی فڕینی کردووە و بەردەوام لە ئاسمانی خوادا فڕیوە، دەتگوت نایەوێت ماڵ بەجێ بهێڵێت. ماوەیەک بە چاوە بچووک و میهرەبانەکانیەوە نیگایەکی بێگوناهانەی لە دەوروبەری کرد، دواتر باڵی لێکدان، چەرخێکی کرد و ئینجا لە ئاهووتەی کراوەی ماڵدا ڕاست بەرەو سەرەوە فڕی.

ماڵئاواییمان لە یەکتر خەمناک بوو. باوک و دایکم لەتەنیشتمەوە ڕاوەستابوون و سەیری ئەم دیمەنەیان دەکرد. بابم گوتی: "حەزی نەدەکرد لێرە بڕوات."

"بەڵام لە کۆتاییدا ڕۆیشت."

"کەواتە چاوەڕێت دەکرد بۆ هەمیشە لەلامان وەمێنێ؟"

"تەواوی زستان ئاو و دانم بۆ ڕۆکردووە و ئاگام لێی بووە، بەڵام ئەو بێ گوێدانە هەموو ئەو شتانە ڕۆیشت. چەند بە ئاسانی هەمووان مرۆڤ جێ دێڵن!"

بابم بە خەمبارییەوە گوتی: "بەڵێ، ڕۆژێک دادێ کە هیچ کەسێک لە دەوروبەری خۆت نابینی، دەبێ خۆت بۆ ئەو ڕۆژەش ئامادە بکەی."

"ئەو ڕۆژە چ ڕۆژێکی ناخۆش دەبێ بۆ من!"



Scanned by TapScanner

شەو کاتێک گەڕامەوە ژوورەکەم، بە ڕاستی جێی باڵندەکە خاڵی بوو. هەستم دەکرد بۆی دڵتەنگم، بەڵام هەرچۆنێک بێت چوومە سەر جێخەوەکەم. بیرم لە باڵندەکە دەکردەوە کە خەوم لێکەوت. لە خەومدا لەتەنیشت پەنجەرەیەکەوە ڕاوەستام و باڵندەکە بە فڕین لە من دوور دەکەوتەوە. جیابوونەوە لەو بۆ من سەخت بوو، فرمێسکم دەهاتنە خوارێ، بەڵام باڵندەکە ڕۆیشتبوو و من هێشتا چاوم لە ئاسمان بڕیبوو کە لەناکاو لەنێو هەوری سپیدا باڵندەکەم دیت کە بە باڵە جوانەکانیەوە بەرەو لای من دەهات. بە خۆشحاڵییەوە هاوارم کرد: "دەمزانی دەگەڕێیەوە، دەمزانی. وەک ڕۆژ لێم ڕوون بوو. نازانی چەندە حەزم دەکرد جارێکی دیکە بتبینمەوە!"

باڵندەکە لەتەنیشت پەنجەرەکەوە هەڵنیشت. باڵی کردنەوە و گوتی: "وەرە سەر باڵەکانم."

سەیر بوو، باڵندەکە قسەی دەکرد! ئەو کارەی کە پێشتر هەرگیز ڕووی نەدابوو. گوتم: "نا، ناتوانم لەسەر باڵەکانی تۆ ڕاوەستم. ئاخر باڵەکانی تۆ زۆر ناسکن."

"مەترسە، من هیچم لێ نایەت."

"ناتوانم."

"تاقیی کەوە."

"پێم بڵێ من نووستووم یان بێدار!"

"تۆ نە بێداری و نە خەوتووی."

بە ئاسانی چوومە سەر باڵی باڵندەکە. چەندە سووک بوو، وەکوو ڕووحێک، وەکوو سایەیەک. باڵندەکە چەند بە جوانی جێی منی لەسەر باڵەکانی کردبووەوە. پرسیم:

"بۆ کوێم دەبەی؟"

"بۆ ئاسمان."

"بۆ ئاسمان؟ بۆچی؟"

"دەتبەم بۆ ئاسمان تا یەکێک لە ئاواتەکانت بهێنمە دی. ئاواتت چییە؟"

لە خۆشیان باڵم گرتبوون. هاوارم کرد: ""ئەگەر بتوانی ئاواتەکانم بهێنیە دی، تا دەمرم مەمنوونت دەبم."

"لەبیرت بێ کە من تەنیا دەتوانم یەک ئاواتت بهێنمە دی."

"سەیر کە، نەکا گاڵتەم لەگەڵ بکەی؟"

"نا."

"دەتوانی پێم بڵێی بە چ هۆیەک هاوسەرگیریی من و کاوە سەری نەگرت! تەنیا ئاواتی من ئەوەیە کە ئەم بابەتەم بۆ ڕوون ببێتەوە."

باڵندەکە بەرەو ئاسمان فڕی.

کاتێک بە سەروو ئەو باڵەخانە سپییەدا تێپەڕیم کە بە بەردی مەڕمەڕ نەخشێنرابوو، بەردەکان لە دوورەوە ڕەش دەچوون. بەنێو ڕووناکی و ڕۆشناییی قاتبەقات ئاسمانی خوادا بەرەو پێشەوە دەڕۆیشتین. ئاسمان ئیدی ئەو ئاسمانە نەبوو و ڕەنگەکانی جیاواز بوون لەگەڵ ئەو ڕەنگانەی کە ئێمە لەسەر زەوی دەماندیتن. هەموو شتێک لەو سەرەوە ڕەنگێکی تازەی هەبوو. لە باڵندەکەم پرسی: "بەڕاست ئێمە بۆ کوێ دەچین؟"

"لەبەر ئەوەی لەگەڵ من زۆر میهرەبان بووی، دەمەوێ بتبەم بۆ لای یەکێک لە هاوڕێکانم."

"هاوڕێی تۆ کێیە؟"

"فریشتەیەکی میهرەبان کە دەتوانی یەکێک لە ئاواتەکانت بهێنێتە دی."

"کەواتە تۆ باڵندە نیی. پێم وایە فریشتەیەکی بچووکی کە لە قالبی باڵندەیەکدا جارناجاریَ لە زەوی دەردەکەوی. بیرتە لەگەڵ ئەوەی دڵم پڕ لە خەم بوو، بەڵام هیچ کات تۆم لەبیر نەدەکرد؟ ئاو و دانم بۆ لە داهۆک دەکردی و وەکوو گوڵ ئاگام لێت بوو؟"

"بەڵێ، بیرمە."

"لەگەڵ تۆ زۆر میهرەبان بووم، ئەی وا نییە؟

"با وایە."

"بە ڕاست، میهرەبانی چەند باشە باڵندە؟"

لە وەڵامدا تەنیا سەیری کردم. ڕێک وەکوو ئەو کاتانەی کە ئاو و دانم بۆ ڕۆدەکرد. گوتم: "ئەگەر پێت وایە زۆر قسان دەکەم، پێم بڵێ."

"نا هەرگیز، بەو شێوەیە نییە."

ئەو لە ئاسمانی بێکۆتادا دەفڕی و بەردەوام بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت. ئەوەندە بەرز بووینەوە کە مانگ و خۆرم دیتن لەملاو ئەولای زەویدا لە جووڵە دابوون. بە شادییەوە بە باڵندەکەم گوت: "سەیر کە، ئەویَ نیشتیمانی منە. من نیشتیمانم بەقەد گیانم خۆش دەوێت."

"لەو مەودا دوورەوە چۆن زانیت کە ئەویَ نیشتیمانی تۆیە؟"

"چونکە وا هەست دەکەم ڕایەڵی نادیار بەویمەوە دەبەستنەوە."

لەو کاتەدا ڕووناکییەکی شین لە ڕۆیشتنمان ڕێگر بوو. باڵندەکە گوتی: "ڕێگە بدە تێبپەڕین. مۆڵەتم بۆ ئەویش وەرگرتووە."

ئینجا بە خێرایی لەوێ دوور کەوتینەوە. باڵندەکە بە هێمنییەوە گوتی: ""هیوادارم ناڕەحەت نەبووبی. ئاخر ئەگەر ئێرەش وەکوو زەوی بەبێ دەرگە و دەروازە بێ، هەموو شتێک تێک دەچێ. مرۆڤەکان ڕێگەی هاتنیان بۆ ئێرە نییە، چونکە لەوانەیە خراپی و ناشیرینی لەگەڵ خۆیان بێنن. لە هەمووشیان گرینگتر تاریکی لەگەڵ خۆیان بێنن."

سووچێکی ئاسمان وەکوو ئەڵماس دەدرەوشایەوە. چاوم توانای بینینی ئەم هەموو ڕووناکییەی نەبوو. باڵندەکە بەرەو ڕووناکییەکە ڕۆیشت. کاتێک گەیشتینە ئەوێ، باڵندەیەکی گەورەتر لە ئاسمان دەرکەوت کە باڵەکانی لە چەند ڕەنگێک پێک هاتبوون. باڵندەی بچووک بە هێمنییەوە گوتی:

"هەر ئاواتێکت هەیە لە ڕووی ئەودا بیڵێ."

زمانم تەتەڵەوپەتەڵەی کرد و بە هەر ناڕەحەتییەک بوو، گوتم: "حەزەکەم بزانم بۆچی کاوە بەجێی هێشتم."

بۆ ساتێک بە زەینمدا هات بپرسم، ئایا ئەو دەگەڕێتەوە؟ ئەگەر بگەڕێتەوە بابم ڕێگر نابێت؟ ئەوەی لە مێشکمدا بوو دانەدانە هێنامنە سەر زمان.

لە چاوترووکانێکدا زریانێکی بەهێز دەستی پێکرد و هەورەکان بە خێرایی بڵاو بوونەوە و لەناکاو هەموو ئەو ڕووناکی و ڕۆشناییییە لەنێوچوو و بێدەنگی و تاریکییەکی لێڵ ئاسمانی داگرت. کەمێک ترسام. باڵندەکە گوتی: "مەترسە. هیچ نییە. وەرە بگەڕێینەوە."

"بۆ کوێ؟"



Scanned by TapScanner

"ئەو شوێنەی کە پێشتر لێی بووی."

"بەڵام هاوڕێکەت وەڵامی نەدامەوە."

"تۆ ئەوت تووڕە کرد."

"مەگەر چیم کرد؟"

"تۆ دەبوو تەنیا یەک پرسیار بکەی، نەک سێ پرسیار."

بە ڕاستی بەم قسەیە بێتاقەت بووم و بە نارەحەتییەوە گوتم: ""من هەمیشە هەموو شتێک تێک دەدەم. هەر لە منداڵییەوە وا بووم. ئەسڵەن من مرۆڤێکی گەمژەم. هەر بەڵایەک کە بەسەرم بێ، حەقی خۆمە."

باڵندەکە بە هێمنییەوە گوتی: "تۆ خەتابار نیی. تا ڕادەیەک هەموو مرۆڤەکان چاوچنۆکن و هەر ئەوەش دەبێتە هۆی بەدبەختییان."

لەناکاو لەنێوان ئاسمان و زەویدا بەرەڵا کرام و وەکوو خڕەبەردێک کەوتمە سەر زەوی.

لە خەو ڕاپەڕیم. ئاسمان بە تەواوی ڕووناک بووبوو. بایەکی فێنک بەر ڕوخسارم دەکەوت. دایکم لە دەرەوەی ژوورەکەمڕا بانگی کردم: "هەستە، کاتی ڕۆیشتنە."

دەرگەی ژوورەکەم کرایەوە. بابم هاتە ژوورەوە. هیچ کات بەو ڕادەیەم مات و مەلوول نەدیتبوو. بە چاوی سوور و شێداری کە وا دەهاتە بەرچاو، سەیرێکی جانتاکەمی کرد وگوتی: "ئەمڕۆ دەبێ بڕۆی؟"

"بەڵێ."

"بە سەلامەتی."

ئینجا لە کەنار تەختەکەدا دانیشت و ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی: "تەمەن چەند زوو تێدەپەڕێت! هەر دەڵێی دوێنێ بوو کاتێک تۆ منداڵێکی بچووک بووی و لەم ژوورانەدا یارییت دەکرد و، هەندێ جار منیشت بەشداریی یارییەکانی خۆت دەکرد. ئێستا تۆ ئەوەندە گەورە بووی کە دەتەوێ لێرە بڕۆی. منداڵان کاتێک گەورە دەبن، تازە خەم و پەژارە بۆ دایک و باوکیان دەست پێدەکات."

بە هێمنییەوە گوتم: "بابە، ئەگەر کاوە بگەڕێتەوە و وەڵامێکی ڕازیکەرانەی هەبێت، دیسان تۆ دژی دەوەستیەوە؟"

دەستەکانی گوشین و کەوتە بیرکردنەوە. ماوەیەک بەم شێوەیە تێپەڕی.

"بابە، وەڵامی منتان نەدایەوە."

سەیرێکی ڕوخسارمی کرد و بە کزییەوە پرسیی:

"تۆ هێشتا بیر لەو دەکەیەوە؟"

"ئاخر کاوە پیاوێکی باشە. من پێم وایە کێشەیەکی بۆ هاتۆتە پێشێ."

"تۆ پێت وایە کە وا بێ؟"

"بەڵێ."

ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی:

"ئەگەر بتوانێ من ڕازی بکات، هیچ کێشەیەکم نییە."

دواتر بە دەنگی گیراوەوە گوتی: "لەبەرخاتری ئەو ئێرە بەجێ دەهێڵی؟"



Scanned by TapScanner

"نا، هەرگیز. دەمەوێ بچمە ناو خەڵک و تا ئەو شوێنەی لە توانمدا
هەبێ یارمەتیی خەڵک بدەم."

"ئەگەر بەم بیروباوەڕەوە بچییە ناو کۆمەڵەوە، جێگای ڕێزی. دەنا
هیچ کات سەرکەوتوو نابی."

"بابە، تەنیا کەمێک دەترسم."

"لە چی؟"

"لەوەی کە نەتوانم بەو شێوەیەی کە حەزم لێیەتی سوودبەخش
بم."

"ئەگەر مرۆڤ کارێک بە ترسەوە دەست پێبکا، حەتمەن
سەرکەوتوو نابێت."

"ئاخر من ناتوانم لەگەڵ منالآن توند بم، یان خوا نەکات لە خۆم
بیانتۆرێنم. لە کاتێکدا سەروکاری من لەگەڵ منالآنە و دەبێ
لەگەڵیان جددی بم."

"هیچ مرۆڤێک ناتوانێ تەنیا بە هەستەکانی سەرکەوتوو بێ. دەبێ
بە وریایی و جدییەوە دەست پێبکەی، بەڵام ئەوەش بزانە کە
توندڕەوی لەڕادەبەدەریش دەبێتە هۆی دواکەوتنی مرۆڤ لە ژیان.
میهرەبانی هونەرێکە هەموو کەسێک ناتوانێت بە دەستی بێنێت."

کاتی ڕۆیشتن بوو. خواحافیزیم لە دایک و باوکم کرد و لە مال
هاتمە دەرێ. دایکم بە ڕوخسارێکی خەمگینەوە کە لەژێر لێوەوە
نزای دەکرد، تا دەرێ لەگەڵم هات.

# ٥

نزیکەی یەک-دوو سەعات پێش خۆرئاوابوون گەیشتمە گوند. گوندییەکان لەپشتی پەنجەرەی بچووک و لە درزی دەرگەی دارینی کۆنەوە بە وردیەوە سەیری منیان دەکرد. دیواری بەرزی گڵ، کۆڵانی خۆڵ و بێدەنگ و جۆگە کە وەکوو ئاوێنە دەدرەوشانەوە، لەسەر ڕێگەم بوون.

بە تەنیشت مزگەوت و گەرماوی دێیەکەدا تێپەڕیم. گوێدرێژێک بە لینگەلینگەوە بەرەو تەویلەکەی دەڕۆیشت و چەند هەنگاوێک ئەولاتر پیرەپیاوێک بە ڕوخسارێکی چرچولۆچەوە کە نەقیزەیەکی لە دەستی ڕاستدا بوو و باقەگیایەکی سەوز لە بنباڵیدا بوو و لەودیو دیوارێکی ڕووخاوەوە تێدەپەڕی.

ئەمبەری دیوار باخێکی گەورە و پڕ گوڵ بوو و تا کۆتاییی ئەم باخە جادە بەردەوامیی هەبوو. کاتێک مرۆڤ بە تەنیشت دیوارەکەدا تێدەپەڕی، هەستی دەکرد ئێستا نا ئێستا دیوارەکە دەڕووخێت. چەند سووچێکی کەوتبوونە خواری و باخەکە بە

تەواوی دیار بوو. لقی گوڵێکی سوور هاتبووە سەر دیوارەکە و بە دزییەوە بەدیار باخەوە دانیشتبوو. پیرەمێردی ماندوو بە پێ دەڕۆیشت و ئەو نەقیزانەی کە لە کەرەکەی دەژەنین، وای لە کەرەکە کردبوو بێدەنگ و بێهەست بە هەر زەحمەتێک کە بووە بە جادەکەدا خۆی بەرەو پێشەوە کێش بکات.

هەردووکیان لەتەنیشت یەک، بەوپەڕی لێکترازیبوونەوە بەرەو پێشەوە دەڕۆیشتن. دوای بەجێهێشتنی ئەو ڕێگە دوور و درێژە گەیشتینە جادەیەکی باریک کە لەمبەر و ئەوبەری جادەکەدا داربی و دارچنار سەریان دەرهێنابوو. لە دوورەوە ماڵێکم بەرچاو کەوت. دەرگەی ماڵەکە نیوەکراوە بوو. درەختی بەرز و دەوەنی چڕ دیواری بچووکی ماڵەکەیان داپۆشیبوو. ئەو پیاوەی ڕێنیشاندەرم بوو، سەری هێنایە بناگوێم و بێدەنگیی شکاند:

"تۆ لێرە کەس دەناسی؟"

"نا."

"ئەوە زۆر خراپە."

"جا چی دەکرێت؟ من ئا وا دەستم پێ کردووە."

بە سادەیی گوتی: "نامەوێ بتترسێنم، بەڵام دەبێ ڕاستییەکت پێ بڵێم. ئەم خەڵکە بە ڕووکەش و بێگوناهە بوونەوەرێکی زۆر ترسناکن کە جگە لە خۆیان هیچ کەسێک قبووڵ ناکەن. لە هەمووی خراپتر ئەوەیە کە هیچ نرخ و بەهایەک بۆ ژن دانانێن. خوا نەکا ڕۆژێک دابێ ژنێک فەرمانیان بەسەردا بکات. باوەڕ بە قسەکانی من دەکەی، مەگەر نا؟"

لە کاتێکدا لە قسەکانی ئەو ترسابووم گوتم: "دروستە، قسەکانت بە تەواوی ڕاستن، بەڵام بۆ خۆتان باشتر دەزانن کە هاتنی من بۆ

ئێرە تەنیا بۆ خزمەتکردنە و، جگە لەوە هیچ مەبەستێکی دیکەم نییە. جا ئەوان بە هەر شێوەیەک هەڵسوکەوتم لەگەڵ بکەن، گرنگ نییە. ئەو شتەی کە بۆ من بە نرخ و گرنگە، ئەوەیە کە بتوانم بەو شێوەیەی دەمەوێ خزمەت بەم خەڵکە بکەم."

لەوکاتەدا پیاوە ڕێنیشاندەرەکە لە ڕاست دەرگەیەکی دارینی گەورەی شیندا ڕاوەستا و بە پێ پاڵی بە دەرگەکەوە نا. دەرگەکە کرایەوە. پیاوەکە بە ڕووخۆشییەوە گوتی: "لەگەڵ من وەرە. ئێرە ماڵی مەحەممەد خانە. مەحەممەد خان مرۆڤێکی خراپ نییە، بەو مەرجەی ڕێز لە بیروباوەڕی بگرین."

ماڵی مەحەممەد خان باخێکی گەورەی بە ڕووبەری سێ بۆ چوار هەزار مەتر دووجا هەبوو کە لە هەر لایەکیەوە درەختی سێو و گێلاس بەرچاو دەکەوتن. لەپێش باخەکەوە گوڵەهێرۆ، گوڵی ئەتڵەسی و شەوبۆ پانتاییی زەوییان داگیر کردبوو. لە دەستەچەپی باخەکەدا سەوزە کرابوو و چەند ڕیزێک گوڵی چنگەپشیلە لە نزیک دیواری باخەکە بە بەرزایی چەند مەترێک دیوارەکەیان داپۆشیبوو.

ژنانی ماڵەکە بە بینینی من بە خێرایی چارشێویان بەسەر خۆیاندا دا. لە پیاوان جگە لە مەحەممەد خان، کەسی دیکە لەوێ نەبوو. لەسەر بانێژەکە دانیشتبوو و چاوەڕێی کەسێکی دەکرد. بە بینینی ئێمە بە هەنگاوی خێرا و شەقاوی درێژ هاتە پێش. خۆشحاڵ دەهاتە بەرچاو، بە شێوەیەک کە لە خۆشییاندا لاقی زەویی نەدەگرت. قاقایەکی لێدا و گوتی:

"بەخێر بێن. پێڵاوتان سەرچاوم."

ئینجا منی بەرەو ژوورێکی کەمێک گەورە برد. چەند بەڕەیەکی جوان ناوکەوی ژوورە سادەکەیان داپۆشیبوو. دەفری چینیی کۆن

جوانییەکی تایبەتیان بە دیواری ژوورەکە دابوو. وێنەی ناو دەفرەکان گەنجییەتی مەحەممەد خانیان بە ڕوونی نیشاندەدا. مەحەممەد خان کە لەسەر ئەژنۆ بەرانبەرم دانیشتبوو، سەری سووڕاند و بە دەنگێکی کەمێک بەرزەوە هاواری کرد: "هۆی لالە، چا بێنە."

هەر لە هەمان ساتی یەکەمدا ئەوم وەکوو پیاوێکی میهرەبان، مکوڕ، چالاک و بەهێز هاتە پێشچاو. لەگەڵ ئەوەی کە نزیکەی شەستوپێنج ساڵ، ڕەنگە زیاتریش تەمەنی بووبێت، بەلام ساغ و بەکەیف بوو. چۆغەیەکی قاوەیی لەسەر کراس لەبەر کردبوو. زنجیری سەعاتەکەی کەوتبووە سەر چۆغەکەی.

بۆ جاری دووەم، بەلام ئەم جارەیان بە دەنگێکی هێمنترەوە گوتی:

"لالە، چا بێنە."

هێشتا قسەی لە زاری نەهاتبووە دەرێ کە کچێکی گەنج وەک ئەوەی ڕوخساری لە من بشارێتەوە، هاتە ژوورێ. کچە بە پێکەنینەوە سلاوی کرد. دەتگوت لەپشت دەرگەوە چاوەڕێ بووە.

لە بەری هەستام و وەلامی سلاوەکەیم دایەوە و سەرقاڵی هەواڵپرسین بووم. کچەی گەنج بە خێرایی لە گەنجەی[1] بەرانبەردا چەند فنجان و ژێرپیاڵەیەکی دەرهێنان و کەمێک دواتر چا و نان و هەندێک کەرەی بۆ هێنان. کاتێک دەیویست لە ژوورەکە بچێتە دەرێ، مەحەممەد خان بانگی کرد و گوتی: "لالە، وەرە دانیشە کارم پێتە. دەمەوێ پێت بڵێم کە ئەم خانم بەڕێوەبەرەی لە

---

[1] لە کۆندا شوێن بۆ جلوبەرگ و پێداویستیی ناوماڵ و قاپوقاچاخ لە دیواردا دروست کراوە و لە جێگەی کەوەنتەری ئێستا سوودی لێ وەرگیراوە و پێی گوتراوە گەنج.

شارەوە هاتووە، لەمڕۆوە لەگەڵ ئێمە دەژی و لەمە بەدواوە یەکێک دەبێ لە ئەندامانی خێزانەکەمان."

بە بیستنی وشەی "خانم بەڕێوەبەر" قسەم پێ بڕی و گوتم:

"با هەڵەتێگەیشتن ڕوو نەدا، مامۆستام نەوەک بەڕێوەبەر."

"توو خوا ئەم قسانە چین؟ مامۆستا یاخود بەڕێوەبەر جیاوازییان چییە؟"

"ئێوە ڕێزتان هەیە، بەڵام ئەم دووە جیاوازن لە یەکتر."

"باشە، قسەم نییە. دەزانم کە جیاوازیی نێوان مامۆستا و بەڕێوەبەر هەیە. هێندەش نەخوێندەوار نیم. تا پۆلی چوارم خوێندووە. چیت لێ بشارمەوە کە شەوانە تا درەنگ کتێب دەخوێنمەوە. بەڵێ، ئەم لالەیە شاهیدە. بەڵام حەزدەکەم لەمەو دوا لای ئێوە دەرس بخوێنم."

زۆر بە قسەکانی دڵخۆش بووم و گوتم: "کارێکی باش دەکەن، منیش لە ئێستاوە لە خزمەتتاندام."

"ئێ لەکوێ بووین؟ ئەها، لالە ئەم مامۆستایە بۆ یارمەتیدانی خەڵکی ئەم گوندە هاتوتە ئێرە و لە ئێستاوە دەبێ وەکوو چاوی خۆت ئاگات لێی بێ. لە کارەکانی یارمەتیی بدە و، خولاسە نابێ ئەم خاتوونە دڵی لە شتێک تەنگ ببێ. دەڕۆی و بە دایکیشت دەڵێی. نەبیستم کەسێک لەمماڵەدا بە چاوی بێگانەوە سەیری ئەم مامۆستایە بکات."

لالە لە وەڵامدا بە شەرمەوە سەری لەقاند و گوتی:

"بەسەر چاو بابە."

ئینجا سەیری منی کرد و پێکەنی. پێکەنینێک کە پڕی بوو لە سۆز و خۆشەویستی. تێگەیشتم کە من و ئەو دەتوانین بۆ یەکدی هاورێی زۆر باش بین.

کەمێک دواتر مەحەممەد خان بە هێمنی ڕووی لە من کرد. تێڕامانی لە من وەکوو نیگای باوکێکی میهرەبان بوو بۆ کچە بچووک و بێتواناکەی. بە میهرەبانییەوە گوتی: "هەر کێشەیەکتان بۆ هاتە پێش، بە من بڵێن. من خۆم چارەسەریان دەکەم."

هەر لە سەرەتاوە ئەوم وەکوو پیاوێکی بڕوادار و دەمارگیری ڕۆشنبیر هاتە بەرچاو. ئەو پیاوەی کە بۆ ئاسوودەیی خەڵکی گوند ئامادەی هەموو کارێک بوو.

مەحەممەد خان ڕێک بابەتی قسەکردنی گۆڕی: "ساڵێک دەبێ کە ئەم قوتابخانەیە دروست کراوە. بۆ ئەوەی منداڵەکان ئاسوودە بن. لەم ئاواییە مامۆستامان نییە. منداڵان دەبێ بەم سەرما و گەرمایە بڕۆنە دێیەکەی سەرەوە کە زۆر لێرەوە دوورە. قوتابخانەمان دروست کرد، بەڵام تا ئەم ساتە هیچ مامۆستایەک ئامادە نەبووە بێتە ئێرە. وردەوردە بێهیوا دەبووم. چەند شەوێک لەمەو بەر لەبەر خۆمەوە گوتم خەڵکی ئەم شارەی کە هێندە وشیارن و بە قسەی خۆیان خوێندەواریشن، مرۆڤێکی بەویژدانیان تێدا نییە کە بیەوێ بێتە ئێرە و یارمەتیی خەڵک بدات. خۆ ناکرێ مرۆڤ تەنیا بۆ ئەم دنیایە بژی. قیامەتێکیش هەیە. خودا تەمەنت درێژ بکات، مرۆڤی باش لە هەموو شوێنێک هەر هەیە. دیارە کە شیری حەڵاڵت خواردووە. ببورە کە فزوولی دەکەم، بەڵام دەمویست بپرسم کە ئایا تۆ دەرۆستی[1] ئەم کارە دێی؟ ئاخر ژنان توانای پیاویان نییە و لاوازن."

---

[1] دەرۆست: واتە دەرەقەت یاخود توانای کردنی کارێک.

لە وەڵامدا بە پێکەنینەوە گوتم: "بەڵێ، باوەڕ بە قسەکانی من بکەن. ئەو کارەی کە من دەستم پێ کردووە، کارێکی قورس و پیاوانە نییە. کارێکە کە هەم پیاو و هەم ژن بە باشی دەرەقەتی دێن و تا ئەو شوێنەی من ئاگادار بم ماموستایەتی زیاتر پەیوەندیی بە ژنانەوە هەیە."

"دەی لە خوای بەزیاد بێ. خەیاڵم ئاسوودە بوو. لە ماڵی خۆمدا ژوورێکت پێ دەدەم. بۆ نانی نیوەڕۆ و ئێوارە وەرە لای ئێمە. ماڵی خۆتانە. تۆ لەگەڵ ئەم لالەیەی کچمدا هیچ جیاوازییەکت نییە. خودا ئاگادارە کە بە ڕاستمە."

ئینجا ئاماژەی بۆ لالە کرد و گوتی: "خێرا ژوورەکە پیشانی ماموستا بدە."

لالە لە شوێنی خۆی هەستا و لە چاوتروکانێکدا جانتاکەمی خستە ژێر باڵی و بەڕێ کەوت. منیش دوای کەوتم. بەنێو درەختی زۆردا تێپەڕیم. تا ڕادەیەک دوور لە خانووی سەرەکی، لە سووچێکی باخەکەدا لەنێو ڕیزەدارێکی قۆخدا بینایەکی نوێ و بچووک دەرکەوت. لالە بە پەنجە بیناکەی پیشاندام و گوتی: "ژووری ئێوە ئێرەیە."

لالە تا بەر دەرگای ژورەکە لەگەڵم هات و دواتر بە تەنیا جێی هێشتم. بۆ چوونە ناو ئەم ژوورە پێویست بوو بەسەر دوازدە پلەی باریکی گڵدا سەر بکەوم. هەر لە سەرەتاوە شیلمانی دەرگاکە مرۆڤی دەچەماندەوە. ژوورەکە تەنیا بۆ کەسێک بوو. دیواری ژوورەکە دووکەڵیان گرتبوو، ڕەش دەهاتنە بەرچاو. لای بنمیچەکە بەشێکی زۆری دیوارەکە گەچی بەردابوو و جێیە بەتاڵەکەی وەکوو ئەشکەوت وا بوو. ناوکەوی ژوورەکە بەڕەیەکی مەیلەو



Scanned by TapScanner

تازەی لێ ڕاخرابوو. چرپا دارینەکە لەتەنیشت پەنجەرەکەوە بوو. ئاوێنە و قورئانیان لەسەر ڕەفەی ژوورەکە دانابوو.

سەیرێکی کاتژمێرم کرد، حەوت و دە خوولەک بوو. چاوانم لێک نان و لە گژ فکران ڕاچووم. بە ڕاست چەندە لە ماڵ دوور کەوتووومەوە؟ خودا باشتر دەزانێت. لەم تەنیایەدا دووری هەرچەندە کەمیش بێت، سەد هێندە دێتە بەرچاو.

نازانم چەندە لەو حاڵەدا مامەوە. کاتێک چاوانم کردنەوە هەوا وردەوردە تاریک دەبوو. خێرا هەستام و جانتاکەم کردەوە. قورئانێکی بچووک لە بەرگێکی ڕەشدا، دوو پارچە جلکی درێژ کە یەکێکیان شین و ئەوەی دی قاوەیییەکی کراوە، هەندێل کەلوپەلی پێویستیی دی، کتێبی "باڵندەی شین"ـی "مۆریس مێتەرلینگ"، کتێبێکی دەروونناسی و کتێبێکی مێژوویی، پاکەتێک فستەق و چەند دانە شیرینی کە لەناو پلاستیکێکی سپیدا بوون، تەواوی شتەکانی جانتاکەم بوون. پاکەتە فستەقەکە و چەند دانە شیرینییەکە دایکم بۆمی خستبووە جانتاکەوە. هەرچەندە لەگەڵ ئەو میهرەبانییەی دایکمدا ڕاهاتبووم، لە خۆوە هەستم بە دڵتەنگی کرد. چوومە کەنار پەنجەرەکەوە، پەردەکەم لا دا و پەنجەرەکەم کردەوە. هەوای دەرەوە پاک، هێمن و کەمێک سارد بوو. کاتێک چاوم بە گردی بەرانبەر کەوت، لە سەرسووڕماوییاندا چاوانم ئەبڵەق بوون! دیمەنێکی چەن جوانە! تا چاو بڕی دەکرد گوڵی دەشتەکیی سپی، مۆر و زەرد لەنێو شینایيدا کۆمەڵکۆمەڵ لەتەنیشت یەکەوە ڕوابوون. بۆنی گوڵەکان بە خێرایی بە چەپ و ڕاستدا دەهاتە ژوورەوە. جا چونکە من بەو بۆنە ئاشنا نەبووم، گێژیان کردم.

لە بەرزترین خاڵی ئەم گردەدا بینایەک نەخشێنرابوو کە بە بەردی مەڕمەڕ دروست کرابوو. بیناکە دەرگە و پەنجەرەی گەورەی هەبوو کە بە شووشوی بچووکی ڕەنگاوڕەنگ دەهاتنە بەرچاو. ئەم بینایە لەنێو ئەم ماڵە گڵینانەدا بە بنمیچی نزم و دەرگای بچووکی دارین و پەنجەرەی چوارگۆشەوە وەکوو کۆشکێکی ئەفسانەیی و خەیاڵی دەهاتە بەرچاو. لە بەر خۆمەوە دەمگوت کە ڕەنگە مرۆڤی دەوڵەمەندی تێدا بژی. ناکرێت ئەم ماڵە هیی دێهاتییەکی سادە یاخود کرێکاریکی هەژار بێت. ئەوەی کە لێی دڵنیا بووم، ئەوە بوو کە ماڵەکە خاوەنێکی دەوڵەمەند و خۆش‌سەلیقەی هەیە. جوانییەکەی وای لێ کردم چاو لەو بینایە دانەبڕم.

ئەو دەرگەیەی کە بەرانبەر بانێژەکە دەکرایەوە، جوولا و ژنێک لای دەرگەکەوە دەرکەوت. ژنێکی باڵابەرز و کەمێک چەماوە. ژنە بە قیافەیەکی خەمگینەوە سەرقاڵی تەماشاکردنی سەرەوە بوو. واوە هاتم تاکو چاوی پێم نەکەوێت. لە دوورەوە ڕوخساری بە تەواوی دیار بوو. بە ڕووکەش کەمێک غەمگین و ماندوو دەهاتە بەرچاو. جارێک بە وردییەوە سەیری پەنجەرەی ژوورەکەمی کرد، بەڵام من لە گۆشەیەک وەستابووم و منی نەدەدیت. دەتگوت ژنە لەگەڵ خۆی قسە دەکات و بە پەنجەکانی دەستی شتێک دەژمێرێت. لە دوورەوە ژنێکی جوان و هێمن دەهاتە بەرچاو. دەستی چەپی خستە سەر دیواری بەرانبەر و دەستی ڕاستی بردە ژوورەوە. داهۆکێکی ئاسنینی گەورەی لەسەر مێزەکە هەڵگرت و بە شیشەی ئاسنی تەنیشت بانێژەکەدا هەڵیواسی. سێ یان چوار باڵندەی بچووک لەناو داهۆکەکەدا بوون. باڵندەکان لەو ئاهووتە بچووکەدا بەبێ پەروا لەمسەر بۆ ئەوسەری داهۆکەکە دەستیان بە باڵەفرکێ کرد و خۆیان بە شیشەی باریکی داهۆکەکەدا دەدا. لەوانەیە باڵندە



Scanned by TapScanner

بینەواکان پێشتریش ئەم شتەیان ئەزموون کردبێت و فڕین لە ئاسمانی بێکۆتا و ڕووناکدا بۆ ئەوان مەحاڵ بێت، بەڵام دەستیان لە هەوڵدان هەڵنەدەگرت. نازانم بۆچی هەر کات باڵندەیەک لە داهۆڵدا دەبینم بێتاقەت دەبم.

لەم هەوا هێمنەدا جێگەی باڵندە ئازادەکان چۆڵ بوو. کاتێک باڵندەی ئازاد لە ئاهووتەی بێسنووردان، بۆ ساتێک داناسەکنێن و لەم لق بۆ ئەو لق، لە زەوی بۆ ئاسمان و لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی دیکە دەفڕن. فڕین بۆ ئەوان ژیانە. کاتێک مرۆڤ باڵندەیەک لە داهۆک دەکات وەکوو ئەوەیە ژیانی لێ وەرگرتبێت. بینینی ئەمانە لەپشت شیشەی ئاسنینەوە چ چێژێکی هەیە؟ ئەم بێبەزەییە چ مانایەکی هەیە؟ ئایا مرۆڤەکان دەزانن کە ئەم بەندکراوە بێگوناهانەی ناو ئەم داهۆکە تەنگە چ حاڵێکیان هەیە؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر.

ژنە دەستی لەسەر تەوێڵی دانابوو و سەیری باڵندەکانی دەکرد. چووبووە قووڵایی بیرکردنەوەوە. بیری لە چی دەکردەوە؟ خوا دەزانێت. بەڵام دیار بوو کە بیری لە ئازادیی باڵندەکان نەدەکردەوە، چونکە ئەگەر وا با، دەرگەی داهۆکی دەکردەوە و ڕێگەی دەدان تاوەکوو سوود لە باڵە ڕەنگاوڕەنگەکانیان وەربگرن و دنیا بخەنە ژێر پێیان.

دواتر ژنە دەستی لە ناوچاوانی هێنا خوار و خستییە گیرفانی کراسەکەی و ڕووی وەرگێڕا. لەو کاتەدا هەستم بەوە کرد کە نێوانی ئێمە چەند کەمە. ئەگەر من لەپشت پەردەکەوە واوە هاتبام، ئەویش دەیتوانی بمبینێت. بەڵام من خۆم شاردبووەوە و هەڵسوکەوتەکانی ئەوم خستبووە ژێر چاودێرییەوە. پێم وا بوو ئەو ژنەی سەر بانێژەکە لە ڕیزی ئەو ژنە مەغروور و

بیرکەرەوانەیە کە زۆر میهرەبان نین، بەڵام کاتێک میهرەبانییان دەربڕی، بە ڕاستی جێگەی متمانەن. ئەم دەستەژنانە هێمنن، بەڵام لە کاتی تووڕەییدا ئەستەمە بتوانی هێوریان بکەیتەوە. بۆ ناسینی مرۆڤەکان پێویستە بچییە ناو ڕوحیانەوە.

چارەکێک دواتر، ژنە داهۆکی باڵندەکانی هەڵگرت و چووە ژوورەوە و دەرگەی توند گاڵەدا. بەم شێوەیە بە دراوسێی بەرانبەرم ئاشنا بووم.

سەعات و نیوێک دوای ئێوارە لالە بە ڕووخۆشی و پێکەنینەوە هاتە ژوورەکەم. لەوەی کە من چووبوومە ناو کۆمەڵەکەی ئەوانەوە، ڕازی دیار بوو. جلێکی سووری لە بەردا بوو کە گوڵی شین و سپیی تێدا بوو. لەگەڵ هاتنەژوورەوەی بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

"ئەو ژوورە پێشتر ئیی من بوو."

"بە داخەوەم. کە وایە من جێگەی تۆم داگیر کردووە."

"نا، ئێستا ئێرەماڵی خۆتانە."

"سپاست دەکەم."

"زووکە بڕۆین، درەنگ دەبێ. دەمانەوێ نانی ئێوارە بخۆین و بنووین."

چووین بۆ ژووری مەحەممەد خان. بە بینینی من لە جێگەی خۆی هەستا و سلاوی کرد. منیش سلاوم بۆ سەندەوە.

لە گوندی دابوونەریت وایە هەر کاتێک بچیە ژوورێکەوە، حەتمەن پێویستە سلاو بکەیت، تەنانەت ئەگەر لە ڕۆژێکدا ناچار بیت چەندین جار لە ژوور بێیتە دەرێ و بگەڕێیتەوە ژوورێ.

هەر کە پێم نایە ژوورەکەوە، ڕووبەڕووی سێ پیاو بوومەوە. یەکێکیان پرچێکی سووری بڵاوی هەبوو و لەگەڵ ددانی دەستکرد کە دەتگوت ددانەکان کەمێک بۆ زاری گەورەنە، لەگەڵ تەوێڵێکی پان کە ڕوخساری تێک دابوو و وەک شەیتان دەچوو. ڕەنگە لە شەیتانیش ناشیرینتر. تەمەنی نەگەیشتبووە پەنجاساڵی. دووەکەی دی گەنجتر بوون و کەمێکیش هەیکەلیان جوانتر.

مەحەمەد خان لە یەکێک لە گەنجەکانی پرسی:

"لە کۆتاییدا کەربەلایی چیی کرد؟"

"هیچ. هەفتەی دوو ڕۆژ ئاو بوو بە هیی کەربەلایی."

"کەواتە بابەتەکە بەم شێوەیە چارەسەر بوو."

"سپاس بۆ خوا، بەڵێ."

مەحەممەد خان دەیویست پرسیارێکی دیکە بکات، کە پیاوە پرچ سوورەکە کەمێک هەڵچوو بوو، گوتی: "من کچ بە تۆ نادەم. هەر غەڵەتێکیشت پێ خۆشە بیکە."

ئەو پیاوەی کە لە هەمووان گەنجتر بوو، ناڕەزاییی دەربڕی. ڕووی لە مەحەممەد خان کرد و گوتی: "پار من کچەکەیم مارە کرد. دایکم و پوورم چوونە ماڵیان و قەندیان شکاند[1] و بڕیار بوو من پێنجهەزار تمەن شیربایی بدەم.

---

[1] ڕێڕەسمی قەندشکاندن یەکێکە لەو مەراسیمانەی کە لە کۆندا دوای خوازبێنی و ڕازیبوونی ماڵی بووک کراوە. بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێوڕەسمە بنەماڵەی زاوا لەگەڵ خزم و دۆست و ڕیشسپییان دەچنە ماڵی بووکێ. بە هاوکاریی ڕیشسپیەکان ماڵی بووک و ماڵی زاوا بڕیار لەسەر شیربایی و مارەیی دەدەن و وەکوو لەسەر کاغەزێک دەینووسن و واژووی دەکەن. دواتر کەلەقەندێکی گەورە دەهێنن لەگەڵ سینییەکی گەورە و پارچە پەڕۆیەکی سوور بەسەر سینییەکەیدا دەدەن. لەنێو کۆمەڵەکەدا قەندەکە دەدەن بە بەتەمەنترین پیاوی نێوان خۆیان و دەیێت ئەو قەندەکە بشکێنێت. گەنجانی هەردوو بنەماڵەیش لەدەوری کۆ دەبنەوە و پێشبڕکێی ئەوە

پیاوە پرچسوورەکە هاواری کرد و قسەی گەنجەکەی بڕی:

"کچەکەم ئەوی ناوێ."

گەنجەکە بە هێمنییەوە وەڵامی دایەوە: "لە خوا بترسە، پیاو. ئەو منی دەوێت و، منیش ئەو. دوو دڵدار لە یەکتر جیا مەکەوە. مەگەر ناتەوێت کچەکەت لە ژیاندا بەختەوەر بێت؟"

لەناکاو پیاوە پرچسوورەکە کە لە تووڕەییان دەلەرزی، لە شوێنی خۆی هەستا، لەمبەری ژوور خێرا خۆی گەیاندە ئەوبەری ژوورەکە. هێندەی نەمابوو ببێتە کوتەککاری. مەحەممەد خان کە هەڵسوکەوتی ئەوانی بەرانبەر من زۆر پێ ناخۆش بوو، زۆر دڵگران بوو و لە تووڕەییان هەستا و خۆی خستە نێوانیان. هەرسێکیانی بەرەو سووچێک بڵاوە پێ کردن و گوتی: "شەرم بکەن. ماڵی من شوێنی ئەم کارانە نییە. چیتانە ئێوە؟"

گەنجەکە کە مستێکی توندی لە دەم درابوو، لەتاو ئازار بەدەوری خۆیدا دەسوڕایەوە، گوتی: "بەڵێ، خۆ درۆ ناکەم. وا توورە دەبی وەک ئەوەی درۆم کردبێ."

پیاوە پرچسوورەکە وەڵامی دایەوە: "دەزانی ئەگەر درۆت کردبێ، چیت لێ دەکەم؟"

---

دەکەن داخۆ کامەیان یەکەم کەس کەلەقەندی شکاو هەڵدەگرێتەوە. دوای شکاندنی کەلەقەندەکە ئەو گەنجەی هەڵیدەگرێتەوە، لەگەڵ خۆی دەیباتەوە ماڵێ تا چەند ڕۆژێک. دوای چەند ڕۆژێک دایکی بووک بە دیارییەکەوە دەچێ بۆ ماڵی ئەو کەسەی کەلەقەندەکەی هەڵگرتووەتەوە و لێی وەردەگرێتەوە و دیارییەکەی پێ دەدات و بەرەو ماڵی زاوا دەچێت. لەگەڵ ئەوەی بە شکاندنی ئەم قەندە لە ڕووی شەرعەوە کوڕ و کچ لە یەکتر حەڵاڵ نابن، بەڵام لە ڕووی کلتوور و تەقالیدەوە هیچ جیاوازییەکی نییە و بە هاوسەرگیرییەکی ڕەسمی دادەنرێت.

وەرگێڕ.



Scanned by TapScanner

مەحەممەد خان بە هێمنییەوە گوتی: "شەیتان بە نەحلەت بکەن، سەڵەواتێک لێدەن. دوژمنایەتی هیچی لێ شین نابێ. بە هاتوهاوار و دوژمنداری هیچ کارێک بەرەو پێشەوە ناچێت."

پیاوە پرچسوورەکە لەژێر لێوەوە بۆڵەیەکی لێوە هات و گوتی: "ڕۆژێکی سەیر بوو ئەمڕۆ. تووشی دوو شەیتان بووینە، نەفرەت لە دایک و باوکی هەرکەسێکی ئازاردەر."

مەحەممەد خان ڕووی لە من کرد و گوتی: "مامۆستا، لانی کەم ئێوە قسەیەک بەم سێ کەسە بڵێن."

کاتێک مەحەممەد خان وشەی مامۆستای هێنا سەر زمان، هەرسێ کەسەکە ڕێک نیگایان بەرەو من وەرسووڕاند. تا ئەو کاتە هێندە سەرگەرمی شەڕ بوون کە ئاگایان لە من نەبوو، هەر پێیان وا نەبوو جگە لە خۆیان کەسێکی دیکەش لە ژووریدا بێت.

بە چاوی ئەبڵەقەوە سەیری منیان دەکرد.

پیاوە پرچسوورەکە مرۆڤێکی فێڵباز بوو، بە زمانلووسییەوە گوتی: "توو خوا ئێوە ڕێگەچارەیەکمان پیشانب دەن. ئەم دوو پیاوە چاویان لە ناموسی من بڕیوە. ئێوە بڵێن چی بکەم؟"

پیاوە گەنجەکە ڕێک گوتی: "ئەم پیرەمێردی لەخوابێئاگایە درۆ دەکات. ئەمە دەرسێ بە شەیتانی دەڵێ. لە هەر باڵێکیدا شەش شەیتانی خەواندوون. پار من و کچەکەی بووینە دەسگیران و ئێستا کە یەک هەفتەی ماوە بۆ گواستنەوە، دەڵێ کچەکەم ڕازی نییە."

دەزانم کە درۆ دەکات، چونکە دەیەوێت کچەکەی بداتە پیرەمێردێکی پەنجاونۆساڵە کە ژنەکەی مردووە و حەوت منداڵی

بچووک و گەورەی هەیە. بۆچی؟ تەنیا لەبەر ئەوەی پەنجاهەزار تمەن شیربایی وەربگرێت.

ڕووم لە پیاوە پرچسوورەکە کرد و گوتم: "سەیرکە بابە گیان، لەم دنیایەدا هیچ شتێک لە ڕاستی باشتر نییە. بۆ ئەوەی کە بابەتەکە بە تەواوی ڕوون بێت، وا باشترە کەسایەتییە سەرەکییەکە بێتە ئێرە. ئەو کات بابەتەکە بە تەواوی ڕوون دەبێتەوە. ئەگەر کچەکەت ئەم گەنجەی دەوێ، دەبێ ڕازیبی و ڕێگە بدەی زەماوەند بکەن."

بە بیستنی ئەم قسەیە پیاوە پرچسوورەکە لە شوێنی خۆی دەرپەڕی و بە زبرییەوە گوتی: "لێرە شتی وا بوونی نییە. کچانی ئەم ئاواییە چاو و گوێیان بەستراوە و هێشتا زووە کە ئەم غەڵەتانە بکەن. بەهـ بەهـ گوێم لە چی دەبێ! سەیرکە، خانمی شاری چ قسەیەک دەکات! هاتوویە ئێرە تا چاو و گوێی کچانی ئێمە بکەیەوە؟"

"خۆتان منتان کردە دادوەر و، منیش هەرچییەک حەق بوو گوتم. چۆن دەتوانن لە جێی کەسێک کە لێرە نییە قسە بکەن و بڕیار بدەن؟"

مەحەممەد خان کە ڕوخساری لە تووڕەییان سوور هەڵگەرابوو، گوتی: "پیاو، تۆ کە تەمەنێکت تێپەڕاندووە، جوان قسە بکە. ئەمە چ جۆرە قسەکردنێکە؟ بۆچی دەتەوێ دارەکەی لەسەری ئەم بەندەیەی خوادا بشکێنی؟ مامۆستا ڕاست دەکات، دەبێ کچەکەت بێتە ئێرە دەنا ئەم هەویرە ئاوێ زۆر دەکێشی."

پیاوی پرچسوور کە دیتی چارەیەکی نییە، گوتی:

"باشە، قسەم نییە."

ئینجا کەسێکی بەدوای کچەکەیدا نارد. کەمێک دواتر کچە لەگەڵ دایکی هاتن. مەحەممەد خان بە ئاوازێک کە پڕ بوو لە سۆز و خۆشەویستی، ئارامی و میهرەبانی، خولقی کردن تا بێنە ژوورێ و، هەردووکیان لە بەردەرگا ڕاوەستان وەکوو ئەوە وا بوو کە قسەی مەحەممەد خانیان نەبیستبێ. کچەکە کە تەمەنی لە دەوروبەری چواردە بۆ پازدە ساڵ دەبوو، سەری لە بەر خۆی نابوو.

پیاوی پرچسوور کە لەو کاتەدا لە تووڕەییان ئاگری لێ هەڵدەستا. بە خێرایی لە شوێنی خۆی هەستا. لە کاتی ڕۆیشتندا لاقی ڕاستی کەمێک دەشەلی، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بە گورجوگۆڵییەکی تایبەت هێرشی بۆ کچەکە برد. من بە خێرایی پێ شم پێگرت و بە هێمنییەوە گوتم: "بۆ خاتری خوا! بەزەییتان هەبێ. ئەم کچە تاوانێکی نەکردووە."

پیرەمێرد بە تووڕەییەوە سەیرێکی منی کرد و ئینجا لە سووچێکی ژوورەکە دانیشت. بەرەو لای کچەکە ڕۆیشتم. کچێکی جوانی چاوڕەش، لە ترسان و لە شەرمان نقەی لێوە نەدەهات. بە باشی گوێم لە هەناسەکانی بوو. بە ڕووخۆشی و زۆر بە هێمنیەوە بە بناگوێیدا گوتم:

"لە هیچ مەترسە. هیچ ڕوو نادات. جێگای نیگەرانی نییە. تەنیا دەمەوێت هەر شتێک کە لێت دەپرسم، بە ڕاستی وەڵامم بدەیەوە. ئەگەر تۆ ئەو پیاوەت دەوێت، هیچ عەیبی تێدا نییە. بە دەنگی بەرز بە شێوەیەک کە بابیشت ببیستێ قسە بکە. ئەو کات ئەو پیاوە دەبێتە مێردت. ئەگەر خۆشیشت ناوێت، دیسان گرینگ نییە، بەبێ ترس بڵێ کە خۆشت ناوێت."

دڵنیا نەبووم کە گوێی لە قسەکانی من بوو، چونکە لەبەرانبەر قسەکانمدا هیچ کاردانەوەیەکی نەنواند. چاوی گەورە و ئارامی لە نەخش و نیگاری بەرەکەدا ون بووبوون و حاڵەتێکی وای بە خۆوە گرتبوو کە دەتگوت لەنێو ئەم کۆمەڵەیەدا نییە. ئەم جارەیان ڕێک بەرانبەری ڕاوەستام و سەیری ڕوخساریم کرد. ناچار بوو سەیری ڕوخسارم بکات. ئێستا زۆر لە یەکتر نزیک بووین و باشتر لە قسەکانی من دەگەیشت. پرسیم: "لە چی دەترسی؟ لە باوکت؟ مەترسە و قسەکەت بکە."

لێوی جووڵەیەکیان کرد، بەڵام هیچ نەبیسترا.

ئەم بێدەنگییە درێژە بووە هۆی ئەوەی کە پیرەمێردی ناجسن سوود لە کاتەکە وەربگرێت و بە دەنگێکی گڕەوە هاواری کرد: "بە خودا، بە ئایین، کچەکەم ئەم لۆتییە نەفرەتییەی ناوێت. وازی لێ بێنن. چیتان لە گیانی کچە بێچارەکەی من دەوێت؟"

لەناکاو ژوورەکە بوو بە یەک پارچە ئاگر و هەرسێ کەسەکە دیسانەوە کەوتنەوە گیانی یەکتر. لەنێو ئەم هەرایەدا جگە لە نێوەندگیری، چارەیەکی دیکەم پێ شک نەهات. بە دەنگی بەرز گوتم: "بەڕێزان، لانی کەم کەمێک ئارامتر. ئەگەر بڕیار وایە بەم شێوەیە هاتوهاوار بکەن، خۆ هیچ شتێک چارەسەر نابێ."

دواتر ڕووم لە کچەکە کرد و گوتم: "بێدەنگیی تۆ ئاگری ئەم شەڕە خۆشتر دەکات. تۆ ئەم پیاوەت دەوێت یان نا؟ بە یەک وشە وەڵام بدەوە."

کچەکە بەبێ ئەوەی قسە بکات بە ئاماژەی سەر وەڵامی بەڵێی دایەوە و هەموو ئامادەبووان بە ڕوونی ئەم نیشانەیان دیت. پیاوە پرچسوورەکە ئیدی ڕانەوەستا و وەکوو پڵنگێکی تووڕە هێرشی بەرەو کچەی بێچارە هێنا. پیرەمێرد هەرچەندە لاواز و بێحاڵ بوو،

بەلام لەگەل توورەییەکەیدا هێزێکی سەیری هەبوو و بە هەمان هێزەوە کچەی وەبەر شەق و پێلەقە دا. دەتگوت پشیلەیەکی بێبەزەیی باڵندەیەکی ئەسیر و بەستەزمانی خستووەتە ژێر چنگی خۆیەوە.

مەحەممەد خان بە ئەستەم پیرەمێردی کشاندەوە دواوە کە وەکوو درەندەیەکی ترسناک وا بوو. بە شڵەژاویەوە گوتی: "ویژدانیش شتێکی باشە. پیاوبوون خۆ بە زۆری نییە."

کچەکەم بردە لای خۆم. کچە بە وریاییەوە لەسەر بەڕەکە دانیشت و بۆ چەند ساتێک بێدەنگی و هێمنی باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا. بەلام پیرەمێرد خۆی ڕانەگرت و بێدەنگیەکەی شکاند و بە جۆرێک لە گاڵتەجاڕییەوە گوتی: "لەو هەموو بێچاوڕووییەی! لە قسەی مندا قسە دەکەی؟ چاوقایم! مەگەر پێم نەگوتی ئەم پیاوە بە کەڵک تۆ نایەت، ها؟"

مەحەممەد خان بە دەنگێک کە زیاتر وەکوو هاوار بوو، گوتی: "بێدەنگ بە. ساڵێک لەمەو بەر کچەکەت لەم پیاوە مارە کردووە و ئێستا دەتەوێ بۆ پەنجاهەزار تمەن بیدەی بە پیرەپیاوێکی شەست ساڵە؟ شەرم ناکەی؟"

پیرەمێرد سەری لە بەر خۆی نا و توورەیییەکەی گۆڕا بە کزۆڵەیی و قیافەی پیاوێکی پەشیمانی وەرگرتبوو. بە پارچەپەڕۆ سوورەکەی دەستی ئارەقەی ناوچاوانی پاک کردەوە. مەحەممەد خان دۆخەکەی بە هەل زانی و بە هێمنییەوە دەستی بە قسە کرد. خولاسە دوای قسەکردنێکی زۆر تا ڕادەیەک ئەوی ڕازی کرد. هەمان شەو قەول و قەرار دانرا و هەریەکە و لەژێر کاغەزێکدا واژوویان کرد.

هەموو پێکەوە نانی ئێوارەمان خوارد و من ژنی مەحەمەد خانم ناسی. خەڵکێکی میهرەبان و گەرموگوڕ بوون. ژنان لەژێر دامێنی درێژ و بەربەستی خۆیاندا پانتۆڵێکی رەشی ئەستووریان لە بەردا بوو و، پیاوان نینۆکی پێیان لە گۆرەوییە دڕاوەکانیاندا هاتبووە دەرێ.

دوای نانی ئێوارە، لالە بە فانۆسێکی بچووکەوە تا ژوورەکەم لەگەڵم هات و دواتر فانۆسەکەی دایە دەستم و ژوورەکەی بەجێ هێشت.

هەموو شتێکی ژوورەکە بۆنی بێگانەیی دەدا. تەنانەت بتمیچ و دیوارەکانیش بۆم حاڵەتێکی نامۆیان هەبوو. تەنیایی و تەنیابوون خراپترین شتێک بوو کە لەوێ هەستم پێ دەکرد. هەموو خەڵکی ئاوایی چووبوونە خەوێکی قووڵەوە و تەنانەت ساراش لە تاریکیدا کپ بووبوو.

باڵندەکان لە جووڵە کەوتبوون و دەنگیان نەدەبیسترا. لەو تاریکەدا هیچم نەدەدیت. نە سارا، نە گوڵ و نە باڵندە. بەڵام ئەو بێدەنگییەی کە هەموو شوێنێکی داگرتبوو، نیشانەی ئەوە بوو کە هیچ کەسێک بێدار نییە. تەنیا لەپشت پەنجەرەوە مانگم دەبینی کە ڕووناکیی بەسەر تاریکی و بێدەنگیدا پەخش دەکرد. لەپشت پەنجەرەوە بە دیارییەوە ڕاوەستام. مانگ ڕێک لەسەرمەوە بوو. هیچ شەوێکم لەبیر نییە کە وەکوو ئەو شەوە مانگم جوان و بەشکۆ و ڕووناک دیتبێت. کاتێک سەیری ئاسمانم کرد، ئیدی هەستم بە تاریکیی نەکرد. ئاسمانی پڕ ئەستێرە ساف و ڕەنگین بوو. ئەستێرەکان کە لە ئەڵماسیش گەشتر بوون، لە دوورەوە دەدرەوشانەوە. خودای میهرەبان لەو سەرەوە هەموو شتێکی ڕێک خستبوو و ئەو دەریا شینەی ڕوون کردبووەوە. بۆچی؟

لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت کە من ئەو شەوە لە تاریکی و تەنیایی نەترسم. ئەگەرچی پەڕی سپی کە لە باڵی فریشتەیش سپیتر بوون، بە شێوەیەکی ئاڵۆز لە گۆشەی کەناری ئاسماندا بەرچاو دەکەوتن. هەورە بچووکەکان کە لە تارای بووکە تازەکانیش جوانتر بوون، زۆر بە هێمنی لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات لە جووڵەدا بوون.

زەوی تاریک و ئاسمان ڕووناک بوو. هەورە سپییەکان کە دەتگوت لە کڵووکی[1] گێلاسیش سپیترن، جارناجارێک بە شێوەیەک لە شێوەکان بەری مانگیان دەگرت و ژوورەکە کەمێک تاریک دەبوو. دیسانەوە بەری مانگیان بەر دەدا و مانگ دەگەشایەوە. مانگ حاڵەتی ڕوخسارێکی گیراو و نوورانیی پەیدا کردبوو کە لە ئاسماندا وەکوو منداڵێکی پێڕەوکەی[2] شەیتان و بێگوێ لەناو هەورەکاندا بە خێرایی ئەمبەر و ئەوبەری دەکرد.

ئاسمان بە شکۆ و جوان، بەڵام دەشت تاریک و ترسناک دەهاتە بەرچاو.

لە ئاسمانەوە چاوم کەوتە سەر بینا سپییەکەی سەر گردەکە، دراوسێی بەرانبەر لە وکاتەی شەودا هێشتا بێدار بوو. بیناکە ڕووناکییەکی کەمی لێ دیاربوو و تەنیا ئەو پەنجەرەیەی بەرانبەر پەنجەرەی ژوورەکەی من بوو، ڕووناکیی لێ دەردەچوو. لەتەنیشت پەنجەرەکەوە قەرەوێڵەیەکی گەورە هەبوو کە دراوسێکەم لەسەری درێژ بووبوو و هێشتا نەخەوتبوو.

پەردە ڕەشەکانی پەنجەرەی لا دابوون. پشیلەیەکی خۆڵەمێشیی قەڵەو و خڕپن لە دەرەوەی باڵکۆنەکە هەڵتروشکابوو. لەتەنیشت

---

[1] کلووک: چرۆ

[2] پێڕەوکە: منداڵی تازەپێگرتوو

دەرگەی چوونەژوورەوەدا تابلۆیەک بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو کە لەو دوورەڕا بە باشی دیار نەبوو. بەرگی سەر قەرەوێڵەکە سپیی بوو، کەلوپەلی جیاوازی لێ نەخشێنرابوو. لە دوورەوە شەوقێکی تایبەتیان هەبوو. دەستەگوڵێکی گەورە لەناو گوڵدانێکی چینی لەلای سەریەوە بەرچاو دەکەوت. ئەو شتەی کە لەو ژوورەدا هەبوو تا ڕاددەیەک جوان و خەیاڵی بوو.

ژووری من سارد و تاریک و نووتەک بوو، کەلوپەلەکانیی ناوی هەژارانە و ناشیرین دەهاتنە بەرچاو. بەڵام ژووری ئەو وەکوو ڕۆژی ڕووناک و چراخان وا بوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە شتێکدا هاوبەش بووین، ئەویش تەنیایی بوو. چونکە ئەویش لەو بینا گەورەیەدا تەنیا بوو.

هەستم کرد پێڵووەکانم وردەوردە قورس دەبن. چوومە سەر چرپاکەم و خێرا خەوم لێ کەوت. نیوەشەو بەو دەنگە وەخەبەر هاتم کە لە کۆڵان دەبیسترا. پەنجەرەی ژوورەکەم کراوە بوو. سەرم لە پەنجەرە بردە دەرێ. چەند کەسێک لەو تاریکییەی شەودا کە قیافەیان دیار نەبوو لە خوار پەنجەرەکەوە ڕاوەستابوون. وا پێ دەچوو دوو پیاو و کچێکی بچووک بن. کەمێک وردبوومەوە و سەیرم کردن. دوو پیاوی باڵابەرز کە جلوبەرگی گوندی و کۆنەیان لە بەردا بوو، کچێکی نۆ بۆ دە ساڵەیان لەگەڵ خۆ دەبرد. کچە جلێکی ناسک و تەنکی لە بەردا بوو و لەسەرمان خۆی گرمۆڵە کردبوو و دەستی خستبوونە ژێر باڵی.

یەکێک لە پیاوەکان بە دەنگی بەرز فەرمانی بە کچەکە دا کە فانۆسەکە هەڵبکات. کچە خێرا فانۆسەکەی هەڵکرد، بەڵام کەمێک دواتر لە خۆوە فانۆسەکە کووژایەوە. پیاوەکە لەناکاو مستێکی لە

جەستەی لاواز و بچووکی کچەکە دا کە بەو مستە هاوسەنگیی خۆی لەدەست دا و هێندەی نەمابوو بکەوێت. بەڵام بە هەر زەحمەتێک کە بوو خۆی ڕاگرت. کچە نە ناڵەیەکی کرد و نە دەنگی لێوە هات، وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت. دەستی کز و ئێسقانی، پرچی پەرێشان و بەیەکەوەنووساو، ڕوخساری باریک و ناڵەباری نیشانەی ماندوویتی و بەدبەختیی بوون. پیاوەکە بۆ خۆی فانۆسەکەی هەڵکرد و دواتر هەرسێکیان بە خێرایی لەوێ دوور کەوتنەوە. بە بینینی ئەم دیمەنە بە تەواوی تاسابووم کە لەناکاو دەرگەیەکی کۆنی دارین لە پشتەوەڕا کرایەوە و دەنگێکی ناخۆشی دروست کرد و دواتر دەنگی باعەباعی مەڕان لەگەڵ دەنگی زەنگوڵی ملیان تێکەڵ بە یەک بوون و ئەو بێدەنگییە قووڵەی تا چەند ساتێک لەمەو بەر هەموو شوێنێکی داگیر کردبوو، بە تەواوی تێکی شکاند.

دیسان چوومەوە سەر چرپاکەم. خەریک بوو خەو بمباتەوە کە لەناکاو دەنگی شکانی شتێک لە جێی دەرپەڕاندم و ئینجا دەنگی هاوارێکی کورتم بیست. وەک ئسپرینگ لە جێی خۆم دەرپەڕیم و خۆم گەیاندە پشت پەنجەرە. گڵۆپەکانی ناو بینا سپییەکە پێ بوون. پیاوێکی چوارشانە بە قەد و باڵایەکی مامناوەند و قژێکی پڕ و کورتەوە کە بە شێوەیەکی جوان ئارایش کرابوو، لە ژووری هاوسێی بەرانبەرمدا ڕاوەستابوو. دەتگوت کەسێک بەرانبەری لەسەر زەوی دانیشتووە. پیاوەکە لە ژوور هاتە دەرێ و کەمێک دواتر بە پەرداخێک ئاوەوە هاتەوە.

دوای چارەکێک گڵۆپەکان کوژانەوە و دیسانەوە بێدەنگی بەرقەرار بوو. بە ترسەوە چوومەوە سەر چرپاکەم. دەمارم لە بینینی ئەم دیمەنە گرژ بووبوون.

خەوم لێ زڕا بوو. وا هەستم کرد چەند ڕووحێکی ناشیرن لە ژوورەکەدا لە هاتوچۆدان و لە نزیک پەنجەرەکەوە جووتێک چاوی ڕەش لە منەوە ڕاماون. لە دەرەوە دەنگێکم بیست وەک ئەوەی کەسێک لە دیوارەوە خەریکی هاتنە سەرەوە بێت و بیەوێت بە پەنجەرەکەدا بێتە ژووری. پەنجەرەم داخست و پەردەکانم دادانەوە و بە کوێرەکوێر بە دوای فانۆسدا گەڕام. لە سوچێکی ژوورەکەدا دۆزیمەوە. تازە وەبیرم هاتەوە بۆ پێکردنی فانۆسەکە شەمچەم[1] پێ نییە. ئینجا بە مێشکمدا هات کە کەسێک لە دەرەوە بە دەست سەرقاڵی کردنەوەی دەرگایە و دەیەوێت بێتە ژووری. بە هەر زەحمەتێک بوو چرپا دارینەکەم هێنا ناوەڕاستی ژوورەکە و بە دەرگامەوە نا. دۆشەک و سەرینم لەسەر تەختەکە هەڵگرتن و لەسەر زەوی دامنان و لەسەریان درێژ بووم. کەمێک دەروونم هێور بووبووەوە، بەڵام خەوم لێ نەدەکەوت. لەناکاو دەنگی ڕووخانی شتێکم لە ژوورەکە بەر گوێ کەوت. بە دەنگێکی لاوازەوە پرسیم: "کێی لێیە؟"

جگە لە دەنگی خۆم هیچ دەنگێکی دیکەم نەبیست. بە ترس و لەرزەوە هەر چوارگۆشەی ژوورەکە گەڕام. دیوارەکە کەمێک گەچی بەر دابوو و کەوتبووە زەوی. نیوەشەو بایەکی توونددەستی پێکرد. بایەکە دەنگێکی ترسناکی لەپشت پەنجەرەکەوە دروست دەکرد. لای بەیانی بایەکە هێمنتر و دنیا ڕووناکتر بووەوە. دەمەو بەیان هەستم بە کەمخەوی و ماندوویەتییەکی زۆر دەکرد. مێگەلێک لەژێر پەنجەرەکەوە لە کاتی ڕۆیشتندا بوون و کچێکی ئاوایی بە پرچی ئاڵۆز و بەو بلوزە کۆنەی لە بەریدا بوو، بەدوای مەڕەکانەوە بوو. داردەستە درێژەکەی کچەکە لەگەڵ دامێنە درێژ و شۆڕەکەیدا بەسەر گوڵی سووری زەویدا دەخشان.

---

[1] شەمچە: واتە شقارتە.



Scanned by TapScanner

قیافەی کچەکە بۆم ئاشنا بوو. شەو ئەوم لەگەڵ ئەو دوو پیاوەدا دیتبوو. سەگێکی ڕەشی چاو گەورە و درەوشاوە بە ددانی تیژ و ترسناکەوە لە خوار گردەکەوە دووراودوور بەدوای مەڕەکانەوە لە جووڵەدا بوو. ژنانی گوندیش وردەوردە دەرکەوتن. ئەوان کە خۆیان بە چارشێوی تەنک داپۆشیبوو، بە تووڵەڕێیەکدا بەرەو کانی دەڕۆیشتن. لەوێ زۆر زوو بەیانی دەستی پێدەکرد و شەویش زوو دادەهات. ئەو کچەی شوانی مێگەلەکە بوو بە بینینی من کە لەپشت پەنجەرەکەوە ڕاوەستابووم، هاتە پێش و سڵاوی کرد. ئەمەش بەشێک بوو لە دابوونەریتی گوندی بچووک کە خەڵکەکەی سڵاو و هەواڵپرسی لە تازەهاتووان دەکەن. هۆکاری ئەم کارەم نەدەزانی، بەڵام بە هەرحاڵ دابوونەریتێکی باشە و دەریدەخات کە خەڵکی گوند چەندە سادە و ساکارن.

لە کچەم پرسی: "ناوت چییە؟"

"کەبووتەر."

"ئەوە خۆ ناوی باڵندەیە."

"ئێ، ناوی منیشە."

"خۆشت لە ناوەکەم نایەت؟"

"نا، بەم شێوەیە نییە. تەنانەت ناوێکی جوانیشت هەیە، تەنیا دەمویست بزانم بە ڕاستی بیستوومە یان نا. بەردەوام تۆ مەڕەکان دەبەیە دەشتێ؟"

"ئەرێ. ئاخر من برام نییە. ئێمە تەنیا چوار خوشکین. ئێوارە دێمە کنت."

دواتر بەبێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامی من بێت، بەدوای مەڕەکاندا ڕۆیشت. وەکوو دایکێکی میهرەبان ئاگاداریان بوو. وەکوو

شوانێکی بەساڵاچووی شارەزا بەسەر بەردەکاندا هەڵبەز و دابەزی بوو و بەو داردەستەی کە بەدەستیەوە بوو، مەڕەکانی کۆ دەکردنەوە و لێی دەخوڕین. کچە ئەوەندە سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا تا لەپشت گردێکی پڕاوپڕ لە گوڵی زەرد و شین لە پێشچاوم ون بوو. چرپاکەم ڕێک خستەوە و لە ژوور چوومە دەرێ. هەوای دەرەوە هێمن و سازگار بوو. لەسەر ئالیکی وشک بەرخێکی خۆڵەمێشی درێژ بووبوو. چاوی گەورەی بەرخەکە بێگوناه بوو. لەسەر نیوە دیوارێک کەڵەبابێکی قەڵەو و خڕپن بانگی دەدا و لەلای دیوارەکەوە لەنێو ئالیکەکەدا مریشکێک بەدوای داندا دەگەڕا.

لقە گوڵدارەکان لە بەرانبەر ئەو بایە هێمنەدا دەلەرینەوە. دەتگوت گوڵەکان بە ئاوازی ئاسمانیی کەوتوونەتە سەما. کەمێک زیاتر ڕۆیشتم، مەحەمەد خانم بینی کە لە هەیواندا دانیشتووە و قورئان دەخوێنێت. دەنگێکی خۆش و دڵگیری هەبوو. بە بینینی من هاتە پێشوازیم و "بەیانی باش"ی کرد. سلاوم کرد و دوای هەواڵپرسی پێکەوە چووینە ژوورەوە. سفرەیەکی سپیی کەتان لەناوەڕاستی ژوورەکەدا ڕاخرابوو. لەسەر سفرەکە چەند پارچەنانێکی خۆماڵی، قاپێکی گەورە شیر و قاپێکی دیکە کەرە و هەنگوین هەبوو. لەتەنیشت لالەوە دانیشتم و لەو سەماوەرە مسە زەردەی کە لە کولێندا بوو، چای بۆ تێ کردم. کاتی نانخواردنی بەیانی مەحەممەد خان باسی ئەوەی کرد کە دوو پوورەی هەنگیکی هەیە و خۆی ئەم هەنگوینە بەرهەم دەهێنێت.

دوای نانی بەیانی کاتژمێرێکی کۆنی زنیجیرداری لە گیرفانی چۆخەکەی دەرهێنا و سەیری شاشە خڕەکەی کرد و دواتر ڕووی لە من کرد و گوتی: "پەلە بکەن، دەبێ وەڕێ کەوین."

لە ماڵ هاتینە دەرێ و کۆڵانی خۆڵ و ناهەمواری ئاواییمان بە خێرایی بەجێ هێشتن. لە ڕێگەدا مەحەممەد خان باسی هەموو کەسێک و هەموو شوێنێکی بۆ دەکردم. باسی خەڵکی گوندەکەی کرد کە هەموو کێشەکانیان بۆ ئەو باس دەکەن و ئەویش ناچارە بە ڕۆژ و شەو بە سکاڵای ئەوان ڕابگات. ئەو شەڕانەی لەسەر ئاو لەنێوان جووتیاراندا ڕوو دەدەن، هاوسەرگیریی بەزۆری و ئەو کێشانەی کە لە گونددا هەن. باسی فاتیمەی هاوسەریشی کرد کە میهرەبان و دڵسۆز بوو. لە قسەکانی مەحەممەد خانڕا دیار بوو کە لە دڵەوە لە ژنەکەی ڕازییە و پێچەوانەی هەموو پیاوانی گوند، ژن لەلای ئەو بوونەوەرێکی سووک و چرووک نەبوو. لە ڕێگەدا هاوسێی بەرانبەرمم دیت کە بە ڕوخسارێکی خەمگینەوە بە کۆڵاندا خەریکی پیاسەکردن بوو. مەحەممەد خان سەلاموعەلەیکی لێ کرد و دوای ناساندنی من بەو، بە خێرایی لە ڕێکردنمان بەردەوام بووین. زۆری پێ نەچوو کە گەیشتینە بینای قوتابخانە. بینایەکی بچووک و تازە، حەوشەیەکی درێژ و ژووری تێکپەستراو کە لە پەنجەرەی دارین و تۆڕدار پێکهاتبوو. بینایەکی دڵگیر دەهاتە پێش چاو، بەڵام ئاهووتەی دەرەوەی قوتابخانە زۆر فراوان بوو و لە ڕادەبەدەر جوان بوو! منداڵانێکی زۆر لە حەوشەی قوتابخانەدا بوون، ئاوازی بە کۆمەڵیان دەگوتەوە، دەستی یەکتریان گرتبوو و بە بازنەیی سەرقاڵی یاریکردن بوون.

یەکەم ڕۆژی قوتابخانە و یەکەم ڕۆژ بوو کە ئەو قوتابخانەیە دەکرایەوە. منداڵەکان بە جلوبەرگی پیس و پێڵاوی دڕاو و کۆنەوە خەریکی یاریکردن بوون.

من مامۆستای پۆلی یەکەم بووم. لە چوار مامۆسای دیکە، تەنیا یەکێکیان هیی ناوچەکە بوو و سێ کەسەکەی دی وەکوو من لە شوێنانەوە هاتبوونە ئەوێ.



Scanned by TapScanner

نزیکی سەعات دە تەواوی منداڵەکان لەسەر کورسی دانیشتبوون. سی‌وشەش کەس دەبوون. هەموویان نزیکەی حەوت‌ساڵە بوون. تەنیا یەک-دوو کەسی هەشت‌ساڵە لەنێویاندا دەبینران. بینینی قیافەی ئەو منداڵەکانە لەو حاڵەتەدا زۆر جوان بوو. ڕوخساری پاک و بێگەرد و ڕوحیەتێکی زیندوو و چالاک کە ئاماژەی بە ژیانی دەشت و سارا دەکرد.

لەپشتی پەنجەرەوە بەشێکی بچووکی ئاسمان و گوند بە باشی دەبینران. چوومە پاڵ پەنجەرەکەوە و لە ئاسمان ڕامام و لە بەر خۆمەوە گوتم: "چۆن دەتوانم ساڵێک لێرە بەرگە بگرم، دوور لە خێزان و ماڵەوە؟! لەم شوێنە بێدەنگ و ئارامە کە ژیان تێیدا بەرەو تاریکی دەڕوات؟!" بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن دەتوانم بەرگە بگرم بۆ ئەو شتەی کە فێری بوومە، فێری منداڵەکانیشی بکەم.

ئەوانەی بە شارنشینی ڕاهاتوون، تەنیا ڕۆژەکانی سەرەتا بینینی دیمەنـی سروشـتی بۆیـان جـوان و چێژبەخشـە. وردەوردە لە شوێنەکە بێزار دەبن و بۆیان دەبێتە جێگەیەکی خەمهێنەر.

بۆ یەکەمین جار لە ژیاندا هەموو ئاواتەکانم لەدەست دان و سەرکونەی خۆمم کرد کە چۆن ماڵی ڕووناک و پڕ سۆزی خۆم بە ژوورێکـی بچـووکی بێـڕوح و بـۆگەن گۆڕیـوەتەوە. لە بەر خۆمەوە بیرم دەکردەوە کە ئەم دۆخە بەردەوامیی نابێت و هەر زوو بە بڕیارێکی سەرشێتانەوە جانتاکەم دەبەستم و لەوێ ڕا دەکەم. ئەم بیرکردنەوەیە وەکوو چرایەک لە زەینمدا پێکرا، بەڵام هەر زوو پێشم پێ گرت و کوژاندمەوە. ڕاکردن لەوێ چارەسەری دەردەکەی مـن نەبـوو. چ کەسێک لەم دنیایەدا ئەو شتەی کە ویستوویەتی بەبێ ڕەنج و ماندووبوون پێی گەیشتووە. کەوتمەوە



Scanned by TapScanner

بیری دایکم و ماڵەوەمان و، ئەم یادە ڕووناکییەک بوو کە زەینی ڕووناک کردمەوە و لە گۆڕێکی ساردەوە بەرەو بەهەشتی بردم. هیچ کەس ناتوانێت دەرکم پێ بکات، مەگەر ئەو کەسەی کە لە وەها دۆخێکدا بووبێت. گیانم ئامادەی فڕین بەرەو ماڵەوە بوو. حەزم کرد چاوەکانم بنووقێنم و کاتێک دەیانکەمەوە لە ماڵەوە خۆم ببینمەوە. تەنانەت بیرکردنەوەش لە ماڵەوە بۆم چێژبەخش بوو. ماڵەوە و ئەو ژوورەی کە لەپشتی پەنجەرەکەیەوە هەموو وەرزەکانم دەدیت، لەپشت پەنجەرەی ژوورەکەمەوە گوڵی سوور و پەمەیی و لاولاوی سەوزم دەبینی و بۆنی یاسی بنەوشەم[1] لە بەهاردا لەپشت هەمان پەنجەرەوە دەکرد. لەپشت هەمان پەنجەرەوە بوو کە پاییزان بە سەعات بە دیار داکەوتنی گەڵای درەختەکانەوە دادەنیشتم.

لەو بیرانەدا بووم کە چۆن ساڵێک دەتوانم لێرە، دوور لە ئازیزانم و لە سەرما و بەستەڵەکی زستاندا بەسەر بەرم کە دەنگەدەنگی منداڵان بە ئاگایان هێنامەوە. کچێکی بچووک کە لە ڕیزی پێشەوە دانیشتبوو، بە چاوی پڕ فرمێسکەوە شکایەتی لە تەنیشتەکەی دەکرد کە لە دەفتەرەکەی ئەوی نووسیوە. لەگەڵیان سەرقاڵی گفتوگۆکردن بووم. منداڵەکان بەو زمانە شیرین و منداڵانەیانەوە باسی ئەوەیان کرد کە لەو تەمەنە کەمەدا لە ماڵەوە و کێڵگەدا کار دەکەن. باسی باوک و دایک و ئاواتەکانیان بۆ کردم. لە ماوەیەکی کورتدا لەگەڵیان ڕاهاتم و هەر ئەم هۆگربوونەش بووە هۆی دڵگەرمیم.

سەعات دوازدە زەنگی قوتابخانە لێ درا و دوای ناردنەوەی منداڵەکان، بەرەو ماڵی مەحەممەد خان بەڕێ کەوتم. کاتێک

---

[1] مەبەستی لە گوڵی یاسە.

گەیشتمە دووڕیانێک، بەلای ڕاستدا ڕۆیشتم و چوومە گۆڕەپانێکی بچووکەوە کە تا چاو بڕی دەکرد دوکان بوو. بیرم کردەوە ڕێگەم هەڵە کردووە. سەرەتا میوەفرۆش، ئینجا عەترفرۆش و دواتر نانەواخانەیەکی بچووک لەسەر ڕێگەم بوون. لەبەردەم نانەواخانەکەدا لەسەر مێزێکی دارینی پان چەند نانەسەنگییەک[1] بە بزماردا هەڵواسرابوون و لەودیو جامی قەسابخانەکەوە مێش و مەگەز دەسووڕانەوە. دوو سەگی ڕەش و بەستەزمان لەبەردەم قەسابخانەکەدا هەڵترووشکابوون. لەبەردەم دوکانی میوەفرۆشەکەشەوە سندووقی ساردی تا نیوەی دیوار هەڵچنرابوون.

لە بەری دیکەی گۆڕەپانەکەوە قاوەخانەیەک هەبوو کە کەلوپەلی سەرەتایی و ئاسایی بوو. لژێر کەپرەکەی دەرەوەدا چەند کورسییەکی کۆنە و دوو مێزی بێکەڵک بە چەند ڕیزێک دانرابوون. ڕیزی یەکەم چوار پیاوی نێوانساڵی گوند لێی دانیشتبوون. پیاوەکان جلوبەرگی کۆنەی نیشتیمانیان لە بەردا بوو و کڵۆسی[2] کۆنەیان لەسەر بوو.

لە دەوروبەری ئەوانیشەوە چەندین نێرگەلە و قەلنە[3] هەبوون. لە ڕیزەکەی دیدا چەند گەنجێک سەرقاڵی چاخواردنەوە و گاڵتەوگەپ بوون. کاتێک بە تەنیشتیاندا دەڕۆیشتم، چاوی پرسیارئامێزیان تێ بڕیم. داوام لەو پرەمێردە کرد کە لە ناوەڕاستیاندا بوو، ماڵی مەحەممەد خانم پیشان بدات. پیرەمێردەکە لە جێی خۆی هەستا و تا ماڵی مەحەممەد خان لەگەڵم هات. لە ماڵدا هەموو لەسەر سفرە

---

[1] لە هەندێک ناوچەی ئێراندا لەجیاتی نان بە تەندوور بکرێت، کۆمەڵێک چەویان داناوە و کوورمیەکی لە بنە و نانەکە لەسەر ئەوە دەبرژێنن و، پێی دەگوترێت: نانەسەنگی.
[2] کڵۆس: واتە کڵاوی لە بەرگ چنراو.
[3] قەلنە: نێرگەلە.

دانیشتبوون و چاوەڕێی من بوون. مەحەممەد خان بە ڕێزەوە لە بەر من هەستا و سڵاوی کرد. خۆشحاڵ و ڕازی دەهاتە بەرچاو. ئەوم بەرانبەر خۆم زۆر بە میهرەبانییەوە دەدیت. هەر جارێک کە پێدەکەنی، یان تەنانەت ئەو کاتەی جددی و تووڕە بوو، ڕوخساری هەر میهرەبان و لەبەردڵان بوو. چرچولۆچیی ڕوخساری کە مانای بەتەمەنداچوون بوو، ئەوی میهرەبانتر نیشان دەدا و ئاماژە بوون بۆ ڕوحی پاک و دڵی سافی.

ناسینی کەسانی باش هێندەش قورس نییە.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ دراوسێی بەرانبەر مەحەممەد خان هات تا لەگەڵ مندا ئاشنا ببێت.

لالە بە بینینی ئەو، ڕێک لە منی پرسی:

"ئەم ژنە دەناسی؟"

"نا، تەنیا دوێ شەو لەپشت پەنجەرەوە بینیم و ئەمڕۆش لە کۆڵان. ئاشنایەتییەکی زۆرم لەگەڵی نییە."

لالە زۆر بە هێمنییەوە بە بن گوێیدا چرپاندم:

"ئەو شێتە، بەڵام شێتێکی بێزیان. دەڵێن مێردەکەی منداڵەکەی هەڵگرتووە و هەڵاتووە، ئەویش لە خەفەتان شێت بووە. ئەگەر شەو دەنگی هاوارێکت بیست، مەترسە. پێشتر کە لە ژوورەکەی تۆدا دەنووستم، هەندێ جار گوێم لە دەنگی ناڵە و هاتوهاواری دەبوو، بەڵام وردەوردە ڕاهاتم."

"منیش دوێ شەو گوێم لە دەنگی گریانی بوو. بەڵام پیاوێکی گەنجیش لە ژوووورەکەیدا بوو."

"ئەوە برایەتی."

"کەواتە لەو ماڵەدا بە تەنێ نییە."

"نا، لەگەڵ پووری دەژی."

"بۆچی هاتوتە ئێرە؟"

"لەبەر نەخۆشییەکەی. ئاخر ئێرە بێ هەست و خووستە."

پیاوی گوند دڵیان سادەیە و دوورن لە مەرایی و دووڕوویی، بەبێ ئەوەی کە خراپ بیر بکەنەوە، حەز بە زانینی شتەکان دەکەن.

لە لالەم پرسی: "تۆ ئاشنایەتیت لەگەڵی هەیە؟"

شانە نەرمەکانی هەڵتەکاندن و بە بێمەیلیەوە گوتی: "نا، تەنیا هەندێ جار لە ڕێگەدا دەیبینم و سەلاموعەلەیکێک دەکەم."

"ناوی دەزانی؟"

"بەڵێ."

"ناوی چییە؟"

"سوهەیلا."

ژنە وەژوور کەوت و بە دەنگی بەرز سڵاوی لە هەمووان کرد و ڕێک هاتە لای من و لەتەنیشتمدا دانیشت. مەحەممەد خان بە دڵسۆزییەوە لە تەندروستیی پرسی. ژنە ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی: "تۆزێک باشترم."

"سەدهەزار جار شوکر بۆ خوا."

ژنە ڕوخسارێکی باریک و چاوی گەورە و کراوەی هەبوو، بەڵام خەم و پەژارە بە باشی لە نیگایدا شەپۆلی دەدا. گۆناکانی چاڵ بوون و ڕوخساری کە کەمێک مەیلەو زەرد بووبوو، نیشانەی

شێواویی ئەو بوون. لە کاتی قسەکردندا کەمێک تووڕەیی لە وشەکانیدا هەست پێ دەکرا و بە باشی دیار بوو کە لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە نەخۆشە. هەر لە یەکەم بینیندا وەکوو پارچە سەهۆڵێک دیتم کە ڕەقییەکانی ژیان تەواوی دەروونیان داپۆشیوە و ڕەقتریان کردووە.

مەحەممەد خان جارێکی دیکە منی بەو ناساند و گوتی: "سوهەیلا خانم، ئەم مامۆستایە لە شارەوە هاتووە و بە تەویایی خوای تا کۆتایی ساڵ لەلامان دەمێنێتەوە. لە کۆتاییدا بینیمان کە ڕەنجمان بە خەسار نەچووە. خودا بۆ خۆی کارەکان ڕێک دەخات. من لەم کۆتاییانەدا خەریک بوو بە تەواوی بێهیوا دەبووم. چەند شەوێک لەمەو بەر بۆ کردنەوەی قوتابخانە مەڕێکم لەخۆ گرت[1] و هەمان شەو لای خودا قبووڵ بوو."

بەو قسانەی کە مەحەممەد خان کردنی تێگەیشتم کە بەجێهێشتنی ئەوێ ئەستەمە. پێداگرتن لەسەر هەستی پاکی ئەو پیاوە کارێک بوو کە لە توانای مندا نەبوو.

دوای ڕۆژئاوابوون سفرە ڕاخرا و زوو شێومان خوارد. سوهەیلایش بە زۆرلێکردنی مەحەممەد خان لەگەڵ ئێمە نانی خوارد. ئەو شەوە پێچەوانەی شەوی ڕابردوو زۆر ئاسوودە و بەبێ هیچ ڕووداوێک بەیانیم کردەوە و سەر سەعاتی حەوت و نیو لە قوتابخانە ئامادە بووم. هەر زوو لەگەڵ منداڵانی پۆل ئاشنا بووم و خۆشەویستییان لە دڵمدا جێی گرت. تا ڕادەیەک هەموویان زیرەک، گوێڕایەڵ لە ڕادەبەدەر سادە و میهرەبان بوون.

---

[1] لەخۆ گرتن: نەزر کردن.

زوهرا و سەدیقە لە قوتابییەکانی دی لاوازتر و داماوتر بوون، بەلام لە ڕووی بیرکردنەوە و جددیاتەوە هیچ یەکێ لە قوتابییەکان تۆزی پێی ئەوانیشیان نەدەشکاند. هەردووکیان لە هەژارترین خێزانەکانی گوند بوون.

دنیای منداڵەکانم بە دنیایەکی بێ فرۆفێڵ و ڕیا و ناپاکی و پڕ لە شادیی مندالانە دیت. ئەگەر تەمەنی خۆم لەگەڵ هەریەکێک لە تەمەنی ئەم مندالانە بە شێوەیەکی کەم هەژمار کردبا، نزیک شازدە ساڵ دەمایەوە و، ئەگەر لە ڕوانگەیەکی دیکەوە سەیرم دەکرد، ئەم دوو ژمارەیەم کۆ دەکردنەوە و دەبوو بە نزیکەی سی ساڵ کە مرۆڤ لەم تەمەنەدا گەیشتووەتە ڕاددەی کاملبوون. لە ڕاستیدا من لەلای ئەوان مرۆڤێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو بووم و مرۆڤێکی کامڵ دەهاتمە ئەژمار. لە دڵمدا بەڵێنم بەخۆم دا لەلایان بمێنمەوە تا ئەوەی لەدەستم دێ بۆیان بکەم. لەمە بەدوا ڕۆژانە مکوورتر لە قوتابخانە ئامادە دەبووم. بە حەز و ویستی تایبەتەوە دەرسم بە قوتابییەکان دەگوتەوە. کارەکان بەباشی دەچوونە پێش و من ئەوەندە سەرقاڵی کارکردن بووم کە بە ئەستەم کاتم هەبوو بیر لە خۆم بکەمەوە.

بابەتی بێگانەبوونم هەر زوو لەلای خەڵکی گوند دەنگی نەما و زۆری پێ نەچوو دەمبەخەندە و ڕووخۆش کەوتمە سەر زاران.

یارمەتیدانی ئەوانی دی دەبێتە هۆی ئارامیی دەروون و کارکردن بۆ تاکەکان مرۆڤ هیلاک ناکات. دوای مانگێک کارکردنی بەردەوام، کاتێک بۆ یەکەمین جار گەڕامەوە ماڵێ، پێشوازییەکی گەرمم لێ کرا.

ئەو شتەی کە لەو ماوەیەدا ڕووی دابوو، بۆ بابمم باس کرد و پێم گوت کە لەنێویاندا لەڕادەبەدەر هەست بە ئارامی دەکەم. بابم

بە وردییەوە گوێی بۆ قسەکانم گرتبوو و وەک هەمیشە دریغیی لە ئامۆژگاری و ڕێنماییکردنم نەکرد.

درەنگانی شەو کاتێک لەگەڵ دایکم تەنیا مامەوە، لێم پرسی:

"چیی تازە هەیە؟"

بە بێمەیلییەوە وەڵامی دایەوە: "شتێکی گرنگ نەهاتۆتە پێش. تەنیا هەفتەی ڕابردوو مام و ئامۆژنت لێرە بوون و داوایانکرد سەردانیان بکەین."

"ئەدی خەبەر و باسی ئەوان؟"

"مەبەستت لەوان کێیە؟"

"یانی بە ڕاستی لە مەبەستەکەم تێناگەی؟"

"نا، تێناگەم."

"هیچ هەواڵێکتان لە کاوە نییە؟"

"هێشتا ئەوت لەبیر نەکردووە؟ بۆچی ناتەوێ قبووڵی بکەی کە هەموو شتێک تەواو بووە؟"

"چۆن دەتوانم کاوە بەو هەموو باشییەوە لەبیر بکەم؟ ئەگەر دەمزانی بۆچی بەجێی هێشتووم، ئاسوودەتر دەبووم."

دایکم بە توورەییەوە گوتی: "ئیدی حەز ناکەم ناوی ئەو کورە لەلای من بێنی."

ئەو شەوە گفتوگۆ لێرەوە کۆتایی پێ هات و لەوە بەدوا ناوی کاوە نەهاتەوە گۆڕێ.

دوو ڕۆژ زیاتر نەمتوانی لای خێزانەکەم بمێنمەوە و بەیانیی ڕۆژی هەینی بەڕێ کەوتم.

شەممە بە دەروونێکی ئاسوودەوە چوومە سەر پۆل و وەکوو ڕابردوو بە پێداگرییەوە سەرقاڵی وانەوتنەوە بووم. ئاو، باب، نان، میوە، هەنار، ماف و ... منداڵەکان لەو ماوەیەدا بەباشی ئەم وشانەیان لەبەر کردبوون.

مەحەممەد خان وەکوو باوکێکی دڵسۆز، وەک سێبەرێک کارەکانی منی خستبووەنە ژێر چاودێرییەوە تا ئەگەر پێویستیم بە شتێک بێت، لە کاتی خۆیدا ڕێنمایی تەواوم بکات. تەواوی خەرجییە زیادەکانی قوتابخانەی لە گیرفانی خۆی دەدا. ئەو ئەم قوتابخانەیەی بە زەحمەتێکی زۆرەوە دروست کردبوو و ئەویی وەکوو شوێنێکی پێشکەوتوو و پەرەپێدەری خەڵکی گوند دەزانی و بۆ لەسەرپێمانەوەی قوتابخانە ئامادە بوو هەموو کارێک بکات. یەکێک لە ڕۆژەکان کە لەگەڵ منداڵەکاندا هیلاک بووبووم، کاتێک بە ماندوویێتی و شەکەتییەوە گەڕامەوە ماڵێ، مەحەممەد خان بەبینینی سەروسیمای تێکشکاوی من پرسیاری کرد: "نەخۆشی؟"

"نەخێر."

"بەڵام نارەحەت دیاری."

"ئاخر هەندێک لە قوتابییەکانم زۆر سەرەڕۆ و بێگوێن. هەڵکردن لەگەڵیان زۆر ناخۆشە."

مەحەممەد خان بەبیستنی ئەم قسەیە تا ڕاددەیەک نارەحەت بوو و گوتی: "من پێم وا نییە بەم شێوەیە بێ. تەواوی منداڵانی ئەم ئاوایییە زیرەک و دەرسخوێنن."

تێگەیشتم کە ئەو لەبارەی ئاوایییەوە دەمارگیرییەکی تایبەتی هەیە و ئەم بابەتە بووە هۆی ئەوەی ئیدی بە دوای بەهانەدا نەگەڕێم و بە وریایییەوە کارەکەم بکەم.



Scanned by TapScanner

هەفتەی دواتر، هەینی، دەمەو ئێوارە کاتێک سەرقاڵی نووسینی نامەیەک بووم بۆ خێزانەکەم، لەناکاو دەرگەی ژوورەکەم کرایەوە و کەبووتەر هاتە ژووریَ. سەلامی کرد و زۆر بە هێمنییەوە لە نزیک دەرگەی هاتنە ژوورەوە لەسەر زەوی دانیشت. ڕوخساری تۆزاوی و جلوبەرگەکەی دڕاو و کۆنە بوون. لەگەڵ ئەوەی کە نەعلە لاستیکییەکانی لە دەرەوە دانابوو، بەڵام کە پێی دەخستە هەر شوێنێک، جێپەنجەی دەردەچوونەوە. دەستی زبر و پەنجە ڕەق و قڵیشاوەکانی دڵی هەر مرۆڤێکی دەهێنا ئێش. ئەو لەبەرانبەر بێسۆزی و بێمیهر و هەژاری و سەختی و چارەنووسی نادیاریدا کە قەدەر بۆی نووسیبوو، ئارامی و خۆڕاگیرییەکی سەرنجڕاکێشی هەبوو. هەر لە یەکەم بینیندا ئەم کچە بچووکە بەم جۆرە ژیانە ڕاهاتووە و پێی وایە هەموو منداڵانی دنیاش وەکوو ئەو دەژین. پرسیم: "لەکویَ بووی؟"

"لە دەشتیَ."

"بە ڕاست، دەزانی ئەو مەڕە ڕەش و سپییە زەردوویی گرتووە؟"

"ئێستا دەبیَ چی بکەی؟"

"هیچ. بەستەزمانە مردار دەبێتەوە."

"وا دیارە تۆ مەڕەکانت زۆر خۆش دەوێن."

"بەڵیَ، زۆر زۆر."

لەو شوێنەی کە دانیشتبوو، هەستا و هاتە لای پەنجەرەکەوە و سەیری دەرەوەی کرد. کەمێک دواتر بە شێوازی منداڵانەی گوتی: "بەهـ بەهـ ژوورێکی چەند خۆشت هەیە! لەم سەرەوە هەموو شوێنێک دیارە. دەتەویَماڵیمان ببینی؟"

"لێرەوە دەتوانی پیشانم بدەی؟"

کەبووتەر بە پەنجەی خاڵێکی دووری دیاریی کرد و گوتی:

"دیتت؟ ئەوێیە نزیک مزگەوت، تا کۆڵانێکی ماوە بۆ مزگەوت."

"گێرەوە زۆر دوورە."

"بەڵێ، حەز دەکەی ڕۆژێک بتبەمە ماڵیمان؟"

"باشە، ئەگەر هەلێکم بۆ ڕەخسا حەتمەن دێم."

سەیرێکی نامەکەی کرد و بە سەرسووڕماوییەوە پرسیی: "چی دەنووسی؟ نامە؟"

"بەڵێ."

"دەتوانی نامەش بنووسی؟"

"بەڵێ، ئاخر من مامۆستام."

بە جۆرێک بێزارییەوە گوتی: "من هەر نازانم بنووسم."

ئینجا بابەتی قسەکردنی گۆڕی و دیسان لەبارەی مەڕەکانییەوە دەستی بە دەردەدڵ کردەوە.

خۆشی لە دەشتی دەهات. لە دەشتی گەورە بووبوو. لە جیاتی ئەوەی لەگەڵ مرۆڤەکان هەڵسوکەوت بکات، لەگەڵ مەڕەکانی ڕاهاتبوو. خەڵکی گوندیش زۆر سەرنجیان نەدەدایە و لە چاوی ئەواندا وەکوو بەرخێکی بچووک وا بوو کە لە دەشت و سارادا وێڵ کرابێت.

زۆربەی ڕۆژەکان دەمبینی کە لەگەڵ مەڕەکان و سەگێکی گەورەدا ئاواییان بەجێ دەهێشت. لە کاتی ڕۆیشتندا گۆپاڵێکی گەورەی پێ بوو و بوخچەیەکی چوارلای لە دەستی چەپدا بوو. پەلکەنان لە سووچی بوخچەکەوە هاتبوونە دەرێ.

ئێوارەش بە ڕوخساری ماندوو و هیلاکەوە بە بوخچەی بەتاڵەوە بە خێرایی بەژێر پەنجەرەکەمدا تێدەپەڕی. هێشتا لەگەڵ کەبووتەر سەرقاڵی قسەکردن بووم کە سوهەیلایش وەژوور کەوت. بە سەروسەکوتێکی پەرێشان و چاوی پڕ لە فرمێسکەوە کە سوورب ووبوونەوە، لەلای چرپاکەمدا دانیشت و دەستی بە گریان کرد. کەبووتەر کەمێک هاتە پێش و بە وردییەوە سەیری سوهەیلای کرد. لە کۆتاییدا سوهەیلا هێور بووەوە پرسیم: "چی بووە؟"

بە دەنگی کز و قورگی گیراوەوە وەلامی دایەوە: "بێزارم لە دنیا، حەز دەکەم بمرم."

پاکەتە جگەرەکەی کە لە دەستیدا بوو، کردییەوە و جگەرەیەکی لێ دەرهێنا و پێی کرد. مژێکی قووڵی لە جگەرەکە دا و دوکەڵەکەی بە هێمنی بە بادا کرد. پرسیم:

"بە ڕاست، تۆ ڕۆژانە چی دەکەی؟"

"نەخۆشم و هەتا حەبی تووڕەییەکەم نەخۆم، ناتوانم لە شوێنی خۆم هەستم."

"کاری تۆ تەنیا حەبخواردن و جگەرەکێشانە؟"

"بەڵێ."

"ئەی ئەم ژیانە چ سوودێکی هەیە. منیش لە جێگەی ئێوە بوومایە پێم وا دەبوو کە مردن باشترە لەم ژیانە."

"من نەخۆشم و ناتوانم هیچ کارێکی دیکە بکەم."

"ناتوانی کتێبیش بخوێنییەوە؟"

"حەزم لە کتێبخوێندنەوە نییە."

"پێویستە هەندێک کتێب بخوێنییەوە و لە هەر کتێبێک شتێک فێر بی و لە زەینداا جێی بکەیەوە. دوای ماوەیەک تێڕوانینت بۆ ژیان دەگۆڕێ و بە جۆرێکی دیکە سەیری ژیان دەکەی. وەکوو ئەمڕۆ هەست بە پووچی ناکەی."

بە خەمگینییەوە گوتی: "ئەسڵەن تاقەتی خوێندنەوەم نییە."

پرسیم: "ئەی وێنەکێشان؟"

ئەگەر حەزت لە وێنەکێشانە، هەر لەم دیمەنە سروشتییەوە دەست پێبکە.

"وێنەکێشان بۆ کەسێک دەبێ کە دڵێکی خۆشی هەبێت، نەک من کە لەم ژیانەدا ئەوەندە کێشە و بەدبەختیم هەیە، هەر حەز ناکەم بژیم. ڕقم لەم دنیایە و خەڵکەکەیەتی."

جگەرەکەی تەواو بووبوو و بە هەمان جگەرە دانەیەکی دیکەشی پێکرد. کەمێک بە هێمنیەوە بە جۆرێک کە تووڕە نەبێت، گوتم: "خەڵکی دنیا بەبێ ئەوەی سەرنجیان لەسەر تۆ بێ و تێتبگەن، سەرقاڵی ژیانی خۆیانن و، نەفرەتی تۆ هیچ کار لەوان ناکا. بەڵام بە پێچەوانەوە خۆت وێران دەکەی. کینە خەنجەرێکە تەنیا بەرەو خودی مرۆڤ بەکار دێ."

سووتووی جگەرەکەی لە دەستی کردبوو و بە قووڵی چوبووە بیکردنەوەوە. پەنجەرەکانم کردنەوە و کاتێک ویستم سووتووەکەی لێ وەرگرم و فڕێی بدەمە دەرەوە، لەپڕ هەستا و خێرا لە کۆڵان ڕشتنی.

هەردووکمان لەپشت پەنجەرەکەوە ڕاوەستاین. سوهەیلا ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و پرسیی: "ئەگەر مێردەکەت لەبەر ژنێکی بەرەڵا

بەجێت بهێڵی، چی دەکەی؟ لە کاتێکدا تۆ بە دڵ و بە گیان خۆشت دەویست و ئامادە بووی هەموو کارێکی بۆ بکەی."

گوتم: "ئەوە بزانە کە من دوژمنی ئێوە نیم و هاوڕێتانم. ئەگەرچی دەشزانم کە من وەکوو هاوڕێیەکی خۆتان سەیر دەکەن، دەنا ئەمڕۆ نەدەهاتنە ئێرە دەردەدڵ بکەن. ئەگەر لە ژیاندا وەکوو لقێکی ناسک و کزۆڵە وا بین، تەنانەت بە کزەبایەکیش وەلەرزە دێین. ئەگەر ئەو کێشەیەتان بۆ نەدەهاتە پێش، کێشەیەکی دیکە ئێوەی لەپێ دەخست. دەبێ قەدی دارێکی گەورە بین تا بە سادەیی هەموو شتێک کارمان تێنەکات."

وا هەستم کرد کەبووتەر بە قسەکانمان بێتاقەت بوو و بەدوای بیانوویەکدا دەگەڕێت تاکوو بەجێمان بهێڵێ. پرسیم: "کەبووتەر، دەتهەوێ بڕۆی؟"

"بەڵێ."

"کە وایە زووکە تا هەوا تاریک نەبووە."

بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە: "خۆ من لە تاریکی ناترسێم."

"دەزانم، بەڵام تا زووتر بگەیەوە ماڵێ، باشترە."

سوهەیلایش ئامادەی ڕۆیشتن بوو. کاتی خواحافیزی بە سوهەیلام گوت: "سروشتی مرۆڤ وایە کە زوو ڕاستییەکان قبووڵ دەکات. هەر کات خۆت لاواز و بێدەسەڵات هاتە بەرچاو، پەنا بۆ خودا ببە و ئەوەی کە لە دڵتدایە، لەگەڵ ئەو بیخە ڕوو. ئەوە بزانە کە هێزی خوداوەند لە سەروو هەموو هێزەکانەوەیە. بزانە کە خوای گەورە دادپەروەریی لەم دنیایەدا بەرقەرار کردووە. هیچ ستەمکارێک لە تووڕەیی ئەودا لە ئەماندا نییە و هیچ ستەملێکراوێک تاهەتایە بە ستەملێکراوی نامێنێتەوە. کەسێک

کە ستەم دەکات، هەرچۆنێک بێ زوو یان درەنگ سزای کارەکەی خۆی وەردەگرێتەوە."

کاتێک کەبووتەر نیازی بوو لە ژوور بچێتە دەرەوە، هەندێ قڵیشی گەورەم لە پاژنەی پێیدا دیت. برینی گەورە وەکوو ئەوەی خوێنی تێدا مەیبێت و لە کاتی ڕۆیشتندا خوێنێکی خەست لە برینەکانی دەردەچوو. پشتەپێی بە تەواوی خوێناوی بوو. بە وردییەوە سەیری پێیەکانیم کرد. دەتگوت شەرم دەکات و کەمێک کشایەوە دواوە. پرسیم: "کەبووتەر، پێیەکانت بۆچی وایان لێ هاتووە؟"

"پاییزان پێیەکانم هەر بەم شێوەیەن."

"لە کاتی ڕۆیشتندا پێت ئازاریان نییە؟"

"زۆر نا."

"دەبێ زۆر وریا بی. ئەم برینە قووڵانە بۆیان هەیە زیان بە پێیەکانت بگەیەنن."

"نا، شتێکی گرنگ نییە."

داوام لێ کرد کەمێکی دیکەش بمێنێتەوە. بە ئاو و سابوون پێیەکانیم شۆردن، کەمێک ڕۆنم لە قڵیشی پێی دا. بزەیەکی شیرین ڕوخساری تۆزاوی و بچووکی گەش کردەوە. وا هەستم کرد ئەم پێکەنینە پڕە لە سپاس و ستایش. پرسیم: "ئێستا باشتری؟"

"بەڵێ. هەر ئازارم نییە."

"لە بەیانییەوە دەبێ گۆرەوی و پێڵاو لەپێ بکەی."

"گۆرەوی لە خوریم هەیە، بەڵام پێڵاو نا."

ئینجا لەماڵەکە چووە دەرێ.

مرۆڤ کاتێک خەم و پەژارەی کەسانی دی دەبینێت، بە تەواوی خۆی لەبیر دەکات. خەم و نیگەرانییەکانی خۆی لەبەرانبەر ئەو سەختی و نارەحەتییەی کەسانی دی بەرگەی دەگرن، بە شتێکی کەم و بێکەڵک دێتە بەرچاو.

ڕۆژێکیان دەمەو بەیان کاتێک لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوەم دەکرد، درەختەکان ڕووتوڕەجاڵ بوون. تەنانەت یەک گەڵایش بەملاولای لقی دارەکانەوە نەمابوو. لە دوورەوە دەشت کەمێک سەوز دەچوو. لەگەڵ ئەوەی کە ئەوێ ناوچەیەکی کوێستانی بوو، سروشت ئەوەندە بە خێرایی خۆی دەگۆڕی کە تەنیا ئەو بەیانییە بوو تێگەیشتم بە تەواوی پاییز تێپەڕیوە و چی وای بۆ زستان نەماوە.

# ٦

زستان دەبووە هۆی ئەوەی منداڵان کەمێک درەنگتر لە پۆل ئامادە بن. ئەوان بە ڕوخسارێک کە لە سەرماندا شین هەڵگەڕابوون و دەستیان ترەکیبوو و لەسەر کورسیی خۆیان دادەنیشتن. ئاشکرایە کە هیچیان جلوبەرگی گونجاویان نەبوو. بەسەر هەمان جلوبەرگی هاوینەدا پاڵتۆ یان چاکەتی کۆنەیان لەبەر دەکرد تا لە سەرما پارێزراو بن. خەڵکی ئاوایی خوویان وایە کە سوود لە بچووکترین پێداویستییش وەربگرن، لە کاتێکدا لە شارەگەورەکاندا پێچەوانەکەی ڕاستە.

منداڵانی پۆل کە دواتر دوو کەسی دیکەشیان بۆ زیاد بوو، نزیکەی نیوەی کتێبەکەیان بەباشی لەبەر کردبوو. کارەکان بە خێرایی بەرەو پێشەوە دەچوون. پازدەی کانوونی یەکەم لەو ژوورەوە گواستمەوە بۆ ژوورێکی دی. لە ڕاستیدا ئەوێ زیاتر هیی لالە بوو. ژوورە تازەکە کەمێک لە ژووری پێشووترم بەرۆژ[1]

[1] بەرۆژ: ئەو جێیەی خۆری بکەوێت

و گەورەتر بوو. لەبەر سەرما من و لالە بە ڕۆژ و شەو لە هەمان ژووردا دەمانگوزەراند. ئەو بە ڕادەیەکی زۆر پاکوخاوێنیی دەپاراست و بەردەوام وەکوو خوشکێکی میهرەبان لە خزمەتمدا بوو. لەژێر قورسییەکی[1] گەورەدا کە بە چەرچەفی کۆنەی خاوێن داپۆشرابوو، سینییەکی مسی گەورە لە ناوەڕاستیدا هەبوو و شەوانە لەگەڵ سوهەیلا، کەبووتەر و لالەدا لەدەوری یەک کۆ دەبووینەوە و هەریەکە و سەرقاڵی کارێک بوو.

هەموو ئێوارەیەک سوهەیلا سەرقاڵی وێنەکێشان بوو. تابلۆی گوندەکەی لە وەرزی پایزدا دەکێشا. تابلۆکە بە وردەکاری و سەرنجێکی تایبەتەوە ڕەنگی دەگرت. چەند قوتوویەکی ڕەنگ، دوو قەڵەمڕەنگی گەورە و کەمێک کەلوپەلی پێویستی ڕەنگ بە شێوەیەکی بڵاو لە چواردەوری سوهەیلادا بوون.

لالە کە هاوینی داهاتوو بەرەو ماڵی بەختەکەی دەڕۆیشت، سەرقاڵی وەردەکەکەی[2] بوو، خەریکی ڕستن و چنین بوو. سفرە و پەردە و چەرچەفی بە وردییەوە هەڵچنیبوون و لە سووچێکی دانابوون. سەرقاڵی گوڵلێدان بوو لە قەراخ وەردەکەکەی. لەسەر سینییە مسەکە چەندین جۆر کاڵای شین، سپی، پەمەیی، سەوز لەگەڵ چەند قوتووی پڕ لە دەرزی و قۆپچە دەبینران کە هەموویان کەلوپەلی کاری لالە بوون.

منیش کتێبی فارسیی پۆلی یەکەمم کردبووەوە و سەرقاڵی وانەوتنەوە بە کەبووتەر بووم. ڕۆژەکانی سەرەتا بە زەحمەت توانیم فێری قەڵەم و دەفتەری بکەم. لە ڕۆژەکانی سەرەتادا بە

[1] قورسی: چوارپایەیەکی پان و کورت و چواربەرە، کە زستانان کوانووی لەژێر دەنێن و لێفەکەی لەسەر دادەنێن و خۆی لەبەر گەرم دەکەنەوە.

[2] وەردەک: واتە ئەو سندووقەی کەلوپەلو شتوومەک لەگەڵ بووکدا بۆ ماڵی زاوای دەنێرن.

بیانووە جیاواز دەیویست خۆ لە وانەخوێندن ببوێرێت، بەڵام لێی نەگەڕام و ناچارم کرد بنووسێت. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا وانەخوێندنی بە گەرموگوڕی نەدەگرت و کەمێک سەرەڕۆ و بێگوێ بوو.

تەنیایی لە هەموو دەردێک خراپترە. مرۆڤ لە تەنیایدا دڵ بە باڵندەیەک، بە پشیلەیەک و تەنانەت بە لقی گوڵێکیش دەبەستێت. ڕۆحی مرۆڤ لە تەنیاییدا پەرێشانە و جەستەی وردوخاش دەبێت. هەر بۆیە ئێمە کۆ بووبووینەوە کە لە تەنیاییدا پەنامان بۆ یەکدی بردبوو و هەریەکەمان بە جۆرێک پێویستمان پێ بوو. کاتێک لەتەنیشت یەک بووین، شاد و بەدەماخ هەرکەسێکمان سەرقاڵی کاری خۆمان بووین.

کەبووتەر لەتەنیشت مندا هەستی بە ئارامی و ئاسوودەیی دەکرد و نەیدەتوانی بە ئاسانی بەجێم بهێڵێت، منیش سوودم لەو دەرفەتە وەرگرتبوو و ناچارم کردبوو دەست بە خوێندن و نووسین بکات. وردەوردە منیش وا هەستم دەکرد خووم پێوە گرتووە. کەبووتەر بەو کارانەی کە دەیکردن دەبووە هۆی گەرموگوڕی و شادمانیی هەموومان.

کەبووتەر بەو جەستە بچووکەیەوە کە بە زەحمەت دەگەیشتە نۆ ساڵ، بەڵام فشاری کار و ماندوویێتی ڕوخساریان کز و لاواز کردبوو. کچێک بوو جەستەیەکی بچووکی هەبوو کە هێز و توانای ژنانی هەبوو و کارێکی وای دەکرد کە هیی پیاوان بوو. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا زۆر دڵناسک بوو، ڕۆحێکی سادەی هەبوو، یا بە جۆرێکی دی بڵێین پێش ئەوەی جەستە بێت، ڕۆح بوو. ڕۆحێک لێوانلێو لە ژیان.



Scanned by TapScanner

من بە بوونی کەبووتەر ساڵانی منداڵیی خۆم وەبیر دەهاتەوە. ئەویش بە تێپەڕینی کات دەگۆڕا و گەورە دەبوو، لە هەر هەنگاوێکدا بەرانبەر سەختی و نەهامەتییەکان خۆڕاگر دەبوو.

ئێمە کۆمەڵەیەکی بچووک بووین کە هەر کامێکمان بە تەنیایی کێشە و نیگەرانیمان هەبوو و لەگەڵ سەختییەکاندا ئارامگر بووین. بەڵام لەتەنیشت یەک هەستمان بە ئاسوودەیی و پارێزراوی دەکرد. لەو کاتەدا هیچ شتێک نەیدەتوانی ئارامیی دەروونمان تێک بدات.

لەگەڵ ئەوەی کە نیوەی زستان ڕۆیشتبوو، هێشتا کەبووتەر نەعلی هاوینەی بەکار دەهێنان. مانگی پێشتر بەڵێنم پێ دابوو کە ئەگەر بتوانێت تا لاپەڕە حەڤدەی کتێبەکە بخوێنێتەوە و بنووسێت، دیارییەکی باش وەردەگرێت.

کاتێک کەبووتەر لاپەڕە حەڤدەی کتێبەکەی بەباشی خوێندەوە، گوتی: "وانەکانم باش بوونە؟"

"بە تەواوی."

"لەبیرتە کە بەڵێنت پێ دام؟"

"چ بەڵێنێک؟"

"کە ئەگەر تا ئەم لاپەڕەیە بخوێنمەوە و بنووسم، خەڵاتم دەکەی."

"بەڵێ لەبیرمە."

"ئێستا خەڵاتەکەم دەدەیە؟"

"هەڵبەت."

لەپشت پەردەوە جووتێک جزمەی پلاستیکی هەرزان، دوو قەڵەم و دەفتەرێکی سەدپەڕەییم دەرهێنان و لەسەر سینییەکەم دانان.



Scanned by TapScanner

یەکێک لە قەڵەمەکان سوور و ئەوەی دیکە ڕەش بوو. بەسەر قەڵەمە ڕەشەکەوە کەللەیەکی بووکەشووشە و بەسەر قەڵەمە سوورەکەوە کەللەی پشیلەیەک هەبوو. کەبووتەر بە خێرایی لە جێی خۆی هەستا و دەستی بە چەپڵەلێدان کرد. سوهەیلا و لالە نارەزایەتییان دەربڕی: "چیتە وا کردووتە بە هەرا؟"

بە نیوەندگیریی من نارەزاییەکە تەواو بوو، لالە گوتی: "کەبووتەر، ئەمڕۆ خوا بۆی ناردووی."

کاتێک بۆم باس کردن کە کەبووتەر بە چ هۆیەک خەڵاتی وەرگرتووە، سوهەیلا گوتی:

"کەبووتەر، حەز دەکەی چاکەتێکت بۆ بچنم؟"

چاوی کەبووتەر لە شادییان دەگەشانەوە و بە تاسەوە پرسیی: "بە ڕاستتە؟ توو خوا گاڵتە ناکەی؟ کەی بۆم دەچنی؟"

"کاتێک ئەم تابلۆیە تەواو بوو. دە شلیلەی سوورم هەن بەوان چاکەتت بۆ دەچنم."

کەبووتەر بە بێباوەڕییەوە لێی پرسیم: "بە ڕاستییەتی؟ چاکەتم بۆ دەچنی؟"

"بەڵێ. بە دڵنیاییەوە بۆت دەچنێ."

سەیرێکی سوهەیلام کرد و هەر ئەوەش وای کرد چاوم بە تابلۆکەی بکەوێت. گۆڕەپانی گوندی بە ڕەنگی زەق کێشابوو، بەڵام هەواڵ لە خەڵکی گوندەکە نەبوو و ئەمە ئەوەی دەگەیاند ئەو هێشتا لە مرۆڤەکان دڵگرانە. جۆری کارەکەی نیشانەی ڕۆح و هەست و ماندوویێتیی ئەو بوو. پرسیم: "پێشتر هیچت لەسەر وێنەکێشان دەزانی؟"



Scanned by TapScanner

"زۆر نا. تەنیا وەکوو قوتابییەکی قوتابخانە."

"بەڵام کارەکەت لە ڕیزی مامۆستایەتیدایە."

پێکەنی و گوتی: "ئاخر من وێنەکێشانم خۆش دەوێت. چەند تابلۆیەکی دیکەشم لە دیمەنی دەوروبەرم کێشاوە کە پێم وایە جوان کێشاومن. تا چەند مانگ لەمەو بەر لە خەونیشمدا پێم وا نەبوو بەدوای ئەم کارانە بکەوم. تەنانەت ئەهلی خوێندنەوە و وێنەکێشان و ئەم جۆرە شتانە نەبووم. ئێستا هەندێ ڕۆژ لە بەیانییەوە تا شەوێ بۆ تەواوکردنی تابلۆیەک لە ژووری نایەمە دەرێ. کارێکی خراپ نییە. لانی کەم مرۆڤ سەرقاڵ دەکات."

لالە سەیرێکی ئاسمانی کرد و گوتی: "بۆنی بەفر دێت."

بە سەرسووڕمانەوە پرسیم: "چما بەفریش بۆنی هەیە؟"

"بەڵێ. ئێمە لێرە هەست بە بۆنی بەفریش دەکەین. ئەم کەشە نیشانەی بەفربارینە."

سەعاتێک دواتر کلوەبەفری گەورە بە هێمنی بەرەو زەوی لە داباریندا بوون و کەمێک دواتر ئەم کلوەبەفرە سپییانە هەموو شتێک و هەموو شوێنێکیان داپۆشی. شەوێ لە گۆشەیەکی پەنجەرەکەوە کە شکابوو، سەیری ئاسمانم کرد. نمێکی کەم پەنجەرەکەی داگرتبوو. لالە بە دەست شووشەکەی پاک کردەوە و هەردووکمان سەیری دەرەوەمان کرد. تا چاو بڕی دەکرد زەوی و ئاسمان سپی دەچوونەوە. حەوشەی ماڵەوە ترسناک بوو. بێدەنگییەکی تۆقێنەر باڵی بەسەر هەموو شوێنێکدا کێشابوو. لالە گوتی: "بەیانی تا ئەژنۆی تێ دەکات."

ڕۆژی دواتر بە زەحمەت هاتوچۆ دەکرا و بە سەختییەوە خۆم گەیاندە قوتابخانە. لەگەڵ ئەوەی کە خووم بە سەرمای ئەوێوە

نەگرتبـــوو، بەڵام بە باشـــی بەرگەم گـــرت. تەواوی ڕۆژیـــش لە سـەرماندا هەڵدەلەرزیم. شـەوێ قورگئێشـە و تام هـاتێ. سـات بە سـات تـایەکەم بەرزتـر دەبـوو و دەمەو بەیـان بـوو کە دەسـتم بە وڕێنە کـرد. لالە چرا فانۆسـەکەی هەڵکرد و لە نزیک سـەرمەوە دانیشـــتبوو. ڕوونـــاکییەکی کەم ژوورەکەی گرتبـــوو و قورســـی کەمێک سـاردبوو و ئەو بـا سـارد و کزەی کە لە درزی دەرگە و پەنجەرەکـــانەوە دەهـــاتە ژوورێ ژوورەکەی بە تەواوی ســـارد کردبوو. تەواوی شـەو لە تـاو ئـازاردا کەلەکە و کەلەکەم دەکرد و قـورگم ئەوەنـدە ئـازاری هەبـوو کە تەنـانەت نەمـدەتوانی ئـاویش بخۆمەوە. لالە هەر چەند خولەک جارێک سـەیری ئاسمانی دەکرد و پێی وا بوو کە ئەگەر بەفر بیکاتەوە، دەتوانین بڕۆینە شـار، دەنا چوونەدەر لە گوند نەکردە دەبوو.

نزیک شەشی بەیانی بوو کە لەبەر ئازاری تایەکەم هەستم کرد لایەکی دیوارەکە ڕووخاوە و نیوەی لەشم کەوتووەتە ژێر گڵ. بە حـاڵەتێکی پاڕانەوەوە داوام لە لالە کرد یـارمەتیم بدات. بە بینینی ئەوبـارودۆخە دەسـتی بە گریـان کـرد و لە کاتێکدا دەسـت و پێی خۆی ون کردبوون، بە خێرایی بەدوای دایکیدا ڕۆیشت. مـاوەیەک دواتر دایک و کچ بە چاوی گریانەوە لەسەر سەرم ڕاوەستابوون.

لای نیوەڕۆ خەوم لێ کەوت—خەوێکی کورت و بە ئازار. خێرا لە شوێنی خۆم هەستام. وەک ئەوەی زەوی لەسەر سەرم بێت. لەتاو ئـازار لە خـــۆوە دەســـتم بە گریـــان کـــرد. محەمـــەد خـــان بە شـــپرزەییەوە ڕووی لە ژنەکەی کـــرد و گـــوتی: "ئەم کـــچە بەستەزمانە خەریکە لە دەسـت دەچێ. چی بکەیـن؟ خۆ لێرە لە دەرمان و دکتۆر خەبەرێک نییە."

پرسیم: "لەم بارودۆخانەدا خەڵکی گوند چی دەکەن؟"

"هیچ. ئەگەر بتوانن دەڕۆنە شار. بەڵام لەم هەوایەدا شتێکمان دەست ناکەوێت کە پێی بڕۆینە شار."

سێ شەو و ڕۆژ باروودۆخەکە بەم جۆرە بەردەوامیی هەبوو. لە تاو ئازار و نەخۆشی ئیدی چاوانم توانای بینینی هیچ شوێنێکیان نەبوو. بە نائومێدییەوە بە لالەم گوت: "وا هەست دەکەم خەریکە دەمرم."

لالە پرسیی: "ئەو دەرمانە سروشتییەی دایکم دایەی پێی چاک نەبووی؟"

"نەخێر، هیچ."

زارم تاڵ و ناخۆش بووبوو. ئەوەندە دەرمانی سروشتیم خواردبوو کە ئیدی ڕقم لە بۆنی هەموو خواردنەوەیەک دەبووەوە، تەنانەت چاش. لە گەدەمدا هەستم بە ئازارێکی زۆر دەکرد. پێش خۆرئاوابوون لەرزوتایەکی بەهێزم گرت و لە نیوەشەودا پلەی گەرمیی لەشم ئەوەندە بەرز بووبووەوە کە وەک ئاگر دوکەڵ لە لەشم بەرز دەبووەوە. بەیانیی ڕۆژی دواتر ئازاری قورگم دیسان بەرزتر بووبوو، بە شێوەیەک کە ئاویش بە قورگمدا نەدەچووە خواری.

دەمەو ئێوارە سوهەیلا و کەبووتەر هاتنە لام. کەبووتەر پڕی قاپێکی قووڵی مسین شیری بۆ هێنابووم و بە میهرەبانییەوە دایە دەستم تا بیخۆمەوە. سوهەیلایش بلوزێکی خوریینی بۆ هێنابووم.

هەمووان لە ژووردا کۆ بوونەوە. مەحەممەد خان ڕووی لە سوهەیلا کرد و گوتی: "بە بۆچوونی تۆ چی بکەین؟"

سوهەیلا گوتی: "خۆزگە ئێرە دکتۆرێکی لێ دەبوو."

مەحەممەد خان ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی: "ئەگەر تەمەن باقی بێ، دەرمانخانەیەکیشی لێ دروست دەکەین."

هێشتا لە دەرەوە بەفر دەباری. مەحەممەد خان بە پەشیمانییەوە سەیری ئاسمانی کرد و لەژێر لێوەوە گوتی: "ئەم بەفرە کەنگێ تەواو دەبێت؟"

لەناکاو لەنێو ئەو قسانەدا سوهەیلا وەبیری هاتەوە کە دەبێت هەندێک کەپسوولی ئەنتیبایۆتیک لەنێو دەرمانەکانیدا مابێت. خێرا هەستا و ڕۆیشتەوە ماڵێ. کاتێک بە دەستی پڕەوە گەڕایەوە، داوای لێ کردم هەر شەش سەعات جارێک دانەیەک لە کەپسوولەکان بخۆم.

دوای بیستوچوار سەعات بە خواردنی ئەم کەپسوولانە حاڵم باش بوو و لە جێ هاتمەدەرێ. لەم بیرکردنەوانەدا بووم کە بە چەند کەپسوولێک وا بە ئاسانی لە مەرگ گەڕامەوە و ئەگەر ئەم کەپسوولانە نەبووبان تووشی چی دەبووم.

# ٧

وەک چۆن هەموو شتێک لەم دنیایەدا کاتییە و لەناو دەچێت، زستانیش بە هەموو ساردی و سەختییەکەیەوە تەواو بوو و دەشت و سارا وەکوو تابلۆیەکی زیندوو گوڵ و سەوزایی دایپۆشیەوە. کڵووکی گێلاس و هەڵووچە سەرانسەری باخەکانی چواردەوریان داپۆشی بوو. کڵووکی سپی بە لقی دارەکانەوە خۆیان دەنواند، بە شێوەیەک کە دەتگوت چادرێکی سپییان بەسەر درەختەکاندا داوە. بای شەوانە گیڤەگیڤی بەنێو دارەکاندا دەکرد و بەیانیانیش کۆڵانەکان پڕ دەبوون لە کڵووک.

بەیانیی ڕۆژێکی بەهار بە هێمنی بە کەنار درەختەکاندا چوومە قوتابخانە. لە ڕێگەدا بۆنێکی هێمن لەگەڵ شنەبا ڕوخسارمیان نەوازش دەکرد. بۆ ساتێک لە جێی خۆم ڕاوەستام و بەرانبەر ئەم هەموو جوانی و گەورەیەی خوداوەند بە شێوەیەکی سەیر ستایشی خودام کرد و لە بەر خۆمەوە گوتم کە چ کەسێک لە دنیادا وەکوو خودا میهرەبانە و جێی باوەڕە؟! لەم دنیایەدا هیچ کەسێک ناتوانێت وەکوو ئەو لە دڵ و گیانی مندا جێی ببێتەوە.

ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر وابەستەی دەبووم تا ئەو شوێنەی جگە لە خودا هیچ کەسێکی دیکەم نەدەدیت و نەمدەتوانی دڵ بە هیچ بوونەوەرێکی دیکە بدەم. لە قووڵاییی دڵمەوە داوام لە خودا کرد هەمیشە بۆم بمێنێتەوە و هیوام خواست هیچ کات لە یادی ئەو بێئاگا نەبم، چ لە کاتی خۆشی و شادیدا و چ لە کاتی خەم و پەژارەدا.

بە دڵێکی پڕ لە وزە و گیانێکی ئارامەوە لە پۆلدا ئامادە بووم.

مرۆڤ کاتێک بۆ ماوەیەکی درێژ سەروکاری لەگەڵ منداڵدا پەیدا دەکات، کەمێک لە خوورەوشتی ئەوان وەردەگرێت. منداڵەکان زۆر دڵناسک و لەڕادەبەدەر میهرەبان و پڕ وزە و خۆشباوەڕن. هەموو خەمێک زوو بۆیان تێدەپەڕێت و هەرچی شادییەکی کەمیشە، درێژەپێدەری ژیانە. بینینی ڕوخساریان بە ئەندازەی بینینی گوڵی باخەکان مرۆڤ دڵخۆش دەکات.

بۆ ساتێک بە خەیاڵمدا هات کە خۆزگە کات دەوەستا و ئەو هەستەی دڵ و گیانمی وەکوو کڵووکە سپییەی بەهاری گەش گردبووەوە و ئەو ئارامییەی کە وەکوو ئاسمانێکی ساف و بێگەرد، بێ پەڵە هەورێک منی داگرتووە، تا کۆتایی لەگەڵم بمێنێتەوە.

کتێبی ساڵی یەکەمم کردەوە و کۆتا لاپەڕەم بۆ منداڵەکان خوێندەوە. ساڵی خوێندن بەرەو کۆتایی بوو و کەسایەتییەکی تازەم لە خۆمدا دیتبووەوە کە بەباشی دەرۆستی هەر کارێک دەهات. هیچ ئاسوودەیییەک لەوە گەورەتر نییە کە مرۆڤ هەست بکات کە دەتوانێت بەسوود و میهرەبان بێت. لەو کاتەدا بوو کە بە مانای وشە خۆشبەختیی ڕاستەقینەم لە دڵدا هەست پێ کرد.

لای نیوەڕۆ لەپشت پەنجەرەکەوە سوهەیلام بینی کە بە پێکەنینەوە بەرەو ڕووم دەهات. پەنجەرەم کردەوە. سوهەیلا بەبێ ئەوەی دەرفەت بداتە من کە پرسیاری لێ بکەم، گوتی: "کەسێک لە شارەوە هاتووە و کاری پێتە."

لە جێگەی خۆمدا ڕەق بووم. بۆ ساتێک خۆشحاڵ و دواتر زۆر ترسام. کێ هاتبوو بمبینێ؟ حەتمەن شتێک بەسەر خێزانەکەماندا هاتووە. چەند هەفتەیەک بوو هیچ هەواڵێکم لێیان نەبوو. لە نیگەرانییاندا دەست و پێم بێهێز بووبوون. بە هەر زەحمەتێک کە بوو، پرسیم: "کێیە؟"

"نازانم."

"ئێستا لەکوێیە؟"

"لە ماڵی مەحەممەد خان."

"لەوانەیە دایکم بێت؟"

"نا، پیاوێکی گەنجە."

"پیاوێکی گەنج چ کارێکی بە منە؟"

"من چووزانم."

"بۆ خۆت دیتت؟"

"بەڵێ، بیستوحەوت یان بیستوهەشتساڵێک دەبێ."

"بە تەواوی قەد و قیافەت دی؟"

"بەڵێ. بالابەرز و چوارشانە. کزێکی پرچڕەش. پیاوێکی هێمن و بەشەرم دەهاتە بەرچاو."

لە بەر خۆمەوە گوتم: "دیارە خۆیەتی."



Scanned by TapScanner

سوهەیلا بە دوودڵییەوە پرسیی: "ناسیتەوە؟"

"پێم وایە کاوە بێ."

"دڵنیای؟"

"بەڵێ. دڵنیام."

"کە وایە وەرە بڕۆین."

"هیچی وای نەماوە زەنگ لێبدات. کەمێک چاوەڕێ کە، دواتر پێکەوە دەڕۆین."

دوای کەمێک دەنگی زەنگی قوتابخانە کۆتاییی ئەو وانەیەی ڕاگەیاند. بە پەلە لەگەڵ سوهەیلادا بەرەو ماڵی مەحەممەد خان ڕۆیشتین. لە ڕێگەدا سوهەیلا بە خۆشحاڵییەوە گوتی: "بینیت لە کۆتاییدا کاوە گەڕایەوە."

"بەڵێ، بۆ خۆشیم دەمزانی کە دەگەڕێتەوە. وەکوو ڕۆژی نیوەڕۆ لێم ڕوون بوو، بەڵام ئێستا دەبێ بزانم بۆچی گەڕاوەتەوە."

سوهەیلا بە سادەییەوە گوتی: "ئێ ڕوونە خۆ، گەڕاوەتەوە تا هاوسەرگیری بکات."

"ئەگەر بەڵگەیەکی باوەڕپێکراوی پێ نەبێ کە بۆچی دەسگیرانداریتیی هەڵوەشاندەوە، بابم هەرگیز بە هاوسەرگیرییەکەمان ڕازی نابێ."

"ئەو کات تۆ چی دەکەیت؟"

"دەتوانم چی بکەم، بە نەخێر وەڵامی دەدەمەوە."

"ئا وا بە سادەیی؟"



Scanned by TapScanner

"بەڵێ، ئا وا بە سادەیی. ناتوانم بە نەخێر وەڵامی داواکارییەکانی باوکم بدەمەوە."

"ئەگەر بابت ڕازی بێت، چی؟"

"هیچ، هاوسەرگیری دەکەین."

"کەواتە بەم زووانە بەجێمان دێڵی؟"

"نا، تا کۆتاییی ساڵی خوێندن لێرە دەمێنمەوە."

سوهەیلا بە سەرسووڕماوییەوە سەیرێکی ڕووخساری کرد، گوتی: "بەڵام ئەگەر ویستی هەر ئێستا لەگەڵی بڕۆی، چی دەکەی؟"

"هیچ. هەر لێرە دەمێنمەوە و ناڕۆم."

زۆر بە خێرایی ڕێگامان بڕی، هەر کەسێک لە دوورەوە ئێمەی دەبینی، پێی وا بوو ڕا دەکەین. لە ڕێگەدا تەنیا وێنەی کاوە بوو کە لە پێش چاوم لا نەدەچوو. لەگەڵ هەر قسەیەک کە لە زاری سوهەیلا دەهاتە دەرەوە، تا ڕادەیەک دڵنیادەبوومەوە کە هاتووە بمبینێت.

ڕێگە لە هەموو ڕۆژ زیاتر بۆم درێژ بووبووەوە و چەندی بەرەو پێشەوە دەڕۆیشتم، پێم وا بوو کە هیچمان نەبڕیوە. پێیەکانم وەک ئەو ڕۆژە سارد و سڕ بوون کە بە بەفردا دەڕۆیشتم. بە سەختییەوە بەدوای خۆمدا ڕامدەکێشان. سوهەیلا کە کەمێک شلەژاو و شێواو دەهاتە بەرچاو، منجەمنجێکی کرد: "خوایە! کەنگێ دەگەینێ؟"

لە کۆتاییدا دوای بیست خولەک لە ڕێکردن گەیشتینە دەرگەی ماڵی مەحەممەد خان. سوهەیلا دەستی ماڵئاواییی لێ بەرز



Scanned by TapScanner

کردمەوە و بەرەو ماڵی خۆیان ڕۆیشت. مەحەممەد خان لەسەر بانێژەکە چاوەڕێی من بوو. ڕوخسارە نوورانییەکەی کە لە ڕوحی پاکیەوە سەرچاوەی گرتبوو، بە پێکەنینە شیرین و ئاسمانییەکەی هێزی بە دڵم دا. بە هەنگاوی نەرم چوومە پێشەوە. بە پەنجەی دەست پێشوازی بۆ ژووری میوانی لێ کردم کە لە ژوورەکانی دیکە کەمێک گەورەتر و ڕێکوپێکتر بوو. هەردووکمان چووینە ژوورەوە. لە سووچێکی ژوورەکە براکەمم بینی کە لەسەر هەردوو ئەژنۆکەی دانیشتبوو. بە بینینی ئەو سەرەتا کەمێک واقم ورما، بەڵام هەر زوو بەسەر خۆمدا زاڵ بووم. براکەم وەک خووی هەمیشەیی بە پێکەنینەوە گوتی: "ئەوە تۆ لێرە چ دەکەی، کچێ؟"

"مامۆستای ئەم ئاواییەم."

دیسان پێکەنی و گوتی: "زۆر باشە."

"بەڵێ، زۆر باشە. سیوهەشت خوێندکارم هەن. نا کەبووتەرم لەبیر چوو. سیونۆ خوێندکارم هەن کە هەموویان زیرەک و وانەخوێنن."

مەحەممەد خان بەدوای قسەکەمدا گوتی: "ئەم مامۆستایەی ئێمە لەڕادەبەدەر میهرەبان و دڵگەورەیە. هەموو خەڵکی گوندی وەکوو چاوی خۆیان خۆشیان دەوێ."

دوای کەمێکل گفتوگۆ، مەحەممەد خان لە ژوورەکە چووە دەرێ و لەگەڵ براکەم بە تەنێ ماینەوە. پرسیم: "کەنگێ لە سەفەر گەڕایەوە؟"

"دوو ڕۆژە. هەر کە زانیم لێرەی، خێرا هاتم. بە ڕاست بابەتی تۆ و کاوە بە کوێ گەیشت؟"

"هیچ، نازانم کە بۆ لەناکاو ون بوو."

"لە دایکمم بیست، بەڵام باوەڕم نەکرد. دەتەوێت پەیوەندیی پێوە بکەم؟"

"نا، سوودی نییە. خۆی دەشارێتەوە."

براکەم بە ڕووخۆشییەوە بابەتی قسەکردنی گۆڕی و گوتی: "بڵێ بزانم، ڕۆژانە چۆنی بەسەردەبەی؟"

"بەیانیان دەچمە قوتابخانە، سیوهەشت قوتابیم هەن کە بە نزیکەیی هەموویان منداڵی باشن و هەندێ ڕۆژ کە کەشەکەی خۆشە، سەرێک لە ماڵەکانی گوند دەدەم و لەبارەی پاکوخاوێنییەوە ڕێنمایییان دەکەم. هەر ئەوەش وایکردووە پەیوەندیی من و خەڵکی گوند زۆر باش بێت. شەوانەش قوتابییەکی بچووکم بە ناوی کەبووتەر هەیە. خۆزگە لێرە دەبوو دەتدیت. نۆ ساڵ نابێت، بەڵام وەکوو شوانێکی بەتەمەن مەڕەکان دەباتە دەشتێ و زۆر بە باشیش دەرۆستی ئەم کارە دێت."

براکەم پێکەنی و بە سەرسوورماویەوە پرسیی: "بە ڕاستتە؟! کچێک شوانی دەکا؟ باوەڕ ناکەم! چۆن شتی وا هەیە؟"

"ئێوارە کە هات. پیشانت دەدەم."

"زۆر باشە. ئێستا کەمێک باسی خۆتم بۆ بکە. لەگەڵ ئەم هەموو ئارامی و بێدەنگییە، لێرە دەتوانی هەڵکەی؟"

"ئەوەندە سەرقاڵی کارم کە دەرفەتی بیرکردنەوەم لەو شتانە نییە."

"زۆر باشە. بەڵێ، هەموو مرۆڤێک دەبێ ئامانجێکی هەبێ."



Scanned by TapScanner

پێش خۆرئاوابوون براکەم بە مەبەستی چوونەوە شار گوندەکەی بەجێ هێشت.

شـــەوێ لەو بگـــرە و بەردەیەی ڕۆژێ کە تێمپەڕانـــدبوو، بە مانـدوویێتییەوە سـەرم خسـتە سـەر سـەرین و چـوومە خەوێکی قووڵەوە.

چەند ڕۆژێک دواتـر، دەبـوو تـاقیکردنەوەی منداڵەکان بکەم. زۆر حەزم دەکرد ئەنجامی کاری خۆم ببینم.

کەبـووتەر لە ماڵێدا تـاقیکردنەوەی کـرد و بە نمـرەی زۆرباشـەوە دەرچوو و لە کۆتاییی کارەکەدا داوای دیاریی لێ کردم کە بەڵێنم دا بۆ ڕۆژی دواتر بۆی جێبەجێ بکەم. لە سیوهەشت خوێندکاری پـۆل، یەک کەس بە نمـرەی بیسـت ڕیزبەنـدیی پێشـەوەی گـرت. منداڵەکانی دیکەیش بە نمرەی زۆرباشەوە پۆلی یەکەمیان بڕی و تەنیـا دوو کەس مـانەوە کە لەبەر ئەوان بڕیـارم دا نیوەی هـاوین لەوێ بمێنمەوە و ئەو قوتابیانەی کە مابوونەوە وانەیان پێ بڵێم تـا مانگی نۆ دەربچن.

لەو شـەوانەیش کەبووتەر وەکوو پێشتر بۆ بینینی من دەهـات و لەو مـاوەیەدا وانەی سـاڵی دووەمـم فێـر دەکـرد. وردەوردە هەسـتم دەکرد توانـای وانەخوێنـدنی کەبـووتەر ڕۆژبەڕۆژ بەرەو پێشـەوە دەچێـت، بە ڕادەیەک کە لەو مـاوە کـورتەدا وانەی پـۆلی دوو بە باشـی فێـر بـوو. قوتـابییە کەوتووەکـانیش وانەکـان بە باشـی فێـر بوون، تا ئەو جێگەیەی دڵنیابووم لە تـاقیکردنەوەی مـانگی نۆدا بە ئاسانی دەردەچن.

نیـوەی مـانگی هەشـت بـوو کە پێداویسـتییەکانم کـۆ کـردنەوە و جانتاکەمم داخست. لە کاتی کۆکردنەوەی کتێب و جلوبەرگەکاندا

کەوتمە بیرکردنەوەوە کە دەتگوت دوێنێ بووە پێم خستووەتە ئەم گوندەوە.

بە ڕاست کات چەند بە زوویی تێدەپەڕێت. بە چ خێراییەک ڕۆژەکان بەدوای یەکدا دێن و دەڕۆن و ساڵەکانی تەمەنی مرۆڤ چەند خێرا و کەمن. دەتگوت بە چاوتروکانێک ساڵێکم تێپەڕاندبوو.

کاتی خواحافیزی بوو. دڵتەنگ بووم کە ئەوێم بەجێ دەهێشت، بەڵام خۆشحاڵ بووم کە دەچوومەوە ماڵێ و دەڕۆمەوە لای خێزانەکەم. مەحەممەد خان ئەو قورئانەی بە دەستەوە گرتبوو کە شەو و ڕۆژ سەرقاڵی خوێندنی بوو و منی بەژێریدا بەڕێ کرد و بە دەنگی گیراوەوە گوتی: "بە خواااتان دەسپێرم و هیوام وایە ساڵی داهاتووش ببنەوە مامۆستای ئاواییی ئێمە."

لەپشت حەوشە بچووکەکانەوە تەیمانی[1] مەڕەکانی کەبووتەرم دیت کە لە سووچێکدا کۆ ببوونەوە و لە نزیک ئەوانەوە گالیسکەیەکی دووئەسپی هەبوو. لە ماڵ چوومە دەرەوە. لالە بە چاوی گریانەوە بەدوام کەوت. لە دەرەوە خەڵکێکی زۆر بۆ خواحافیزی هاتبوون. کەبووتەر لە سووچێکی دیوارەکەدا مات و مەلوول خۆی کزکۆڵە کردبوو و بەبینینی من هاتە پێشەوە و پرسیی: "دیسان دێیەوە ئێرە؟"

"لەوانەیە."

"حەز دەکەم هەموو ڕۆژێ بتبینم."

"بە ڕاست، حەز دەکەی بمبینی؟"

"بەڵێ."

---

[1] تەیمان: دەرک و دیواری لە شووڵ دروستکراو.

"هەر کات دڵت بۆم تەنگ بوو، خێرا کتێبەکەت بکەوە. بە دڵنیاییەوە لەناو کتێبەکەتدا من دەبینی."

کەبووتەر پێکەنی و پرسیی: "چۆن لە کتێبدا بتبینم؟"

"ئەگەر تۆ لە وانەخوێندن بەردەوام بی، وەک ئەوەیە هەموو رۆژێک بمبینی."

"لەکوێ وانە بخوێنم؟"

"ئەگەر ساڵی داهاتوو بۆ خۆم لێرە بووم، ئەوە باشە. ئەگەرنا هەر کەسێکی دیکە لەجیاتی من هات، لەگەڵ ئەو یەکتر بناسن. وەک ئەو شەوانەی بۆ لای من دەهاتی، بۆ لای ئەویش برۆ و فێری کتێبی ساڵی سێیەم ببە."

کەبووتەر سەری جووڵاند و بەرەو لای مەرەکان رۆیشت. بەڵام هێشتا زۆر دوور نەکەوتبووەوە کە دیسانەوە گەڕایەوە. ئەم جارەیان چاوی بە فرمێسک تەڕبوون. بە هۆنهۆ گریانەوە گوتی: "ساڵی داهاتووش دێیەوە ئێرە؟"

"ئەگەر لەبەر تۆش بێت، دێمەوە."

پیاوێکی بەتەمەن کە بە گالیسکەیەکەوە لە هەمووان دوورتر ڕاوەستابوو، تۆزێک هاتە پێشەوە. باوکی یەکێک لە قوتابییەکانم بوو. لەگەڵ سوهەیلا سەرقاڵی گفتوگۆ و خواحافیزی بووم کە پیرەمێردەکە گوتی: "ئەگەر کارێکتان هەیە، من خزمەتتان دەکەم."

ئینجا لە کاتێکدا بە دەستی ئاماژەی بۆ گالیسکەکەی کرد، بەردەوام بوو: "ئەگەر ئامرازتان دەوێت، ئەوەتا."

سپاسی پیرەمێردەکەم کرد و گوتم: "نا، پێویستم بە هیچ نییە."

سوهەیلا پێی گوتم: "حاڵم زۆر باشتر بووە و منیش چەند ڕۆژێک دواتر دێمە شار."

لاله بە شەرم و شکۆیەکی تایبەتەوە پرسیاری کرد: "ئەگەر بۆ هاوسەرگیری بانگت بکەم، دێی؟"

"بە دڵنیاییەوە. چما دەکرێ نەیەم؟"

بەڵام لە هەمان کاتدا هەستێک لە دەروونەوە پێی ڕادەگەیاندم ئەمە کۆتا دیداری منە لەگەڵ خەڵکی ئەم گوندەدا.

فرمێسک لە چاوانمدا ڕیزیان بەستبوو. لەوە زیاتر مانەوەم بە گونجاو نەزانی و پێش ئەوەی دەست بە گریانێ بکەم، گوندەکەم بەجێ هێشت. لە هەمان ئەو ڕێگەیەی کە ساڵێک لەمەو بەر پێیدا هاتبوومە گوندەکەوە، لە کاتێکدا دڵم لێوانلێو لە خۆشەویستی بوو بەرانبەر خەڵکی گوندەکە، لە گوندەکە ڕۆیشتم.

# ٨

بەیانیی ڕۆژی دواتر لە ژوورەکەی خۆمدا بووم. بابم بە هاتنەوەی من لەڕادەبەدەر خۆشحاڵ بوو، بەڵام من لە ماڵێدا تۆزێک هەستم بە نامۆیی دەکرد.

بابم لێی پرسیم: "شتێک نارەحەتی کردووی؟"

"نا، تەنیا بیری محەممەد خان و خێزانەکەی دەکەم. سەرەتا کە چووبوومە ئەوێ بیری ئێوە و دایکمم دەکرد و چی وای نەمابوو بێمەوە ..."

بابم بە میهرەبانییەوە قسەی پێ بڕیم و گوتی: "سروشتی مرۆڤ وایە. زۆر زوو خوو بە دەوروبەرییەوە دەگرێت. دوای ساڵێک کە هاتوویەوە، کەشوهەوای گوند لە سەرتدا دێ و دەچێ و لە ماڵی خۆتدا هەست بە نامۆیی دەکەی. بەڵام دوای چەند ڕۆژێکی دی دیسان خوو بە ئێرەوە دەگریەوە."

لای نیوەڕۆ سەرقاڵی کردنەوەی جانتاکەم بووم کە بابم بە هەنگاوی هێمن و بێ هەست و خوستەوە هاتە ژووری. دواتر ئەو

برینە بچووکەی کە لە پێیدا دروست بووبوو، پیشانی دام و پرسیی:

"بە بۆچوونی تۆ دەبێ ئەو برینە ئیی چ بێ؟"

بە وردییەوە سەیری برینەکەم کرد. برینێکی سادە و ئاسایی بوو. هێندەی نیوەگوستێک لە پاژنەی پێیەوە برینێکی قووڵی تێ بووبوو و گشت خانەکانی دەوروبەری پێی بە تەواوی لەناو چووبوون. بە نیگەرانییەوە پرسیم: "چەند ڕۆژە پێت وای لێ هاتووە؟"

" بە دیاریکراوی نازانم، بەڵام پێم وایە نزیکەی دە ڕۆژە."

"بە دڵنیاییەوە دەبێ پیشانی دکتۆری بدەی."

"باشە، بەیانی دەچمە کن دکتۆر."

"نا، هەر ئەمرۆ."

ئێوارەی هەمان ڕۆژ بردمە لای دکتۆرێکی پسپۆڕ. دوای سەرنجدان، چەند پشکنینێکی بۆ نووسی.

دوای سێ ڕۆژان، کاتێک وەڵامی پشکنینەکانمان دانەوە دکتۆر، بە نیگەرانییەوە لە بابمی پرسی: "تا ئێستا پێشینەی نەخۆشیی شەکرەت هەبووە؟"

بابم بە سادەییەوە وەڵامی دایەوە: "نەخێر، جەنابی دکتۆر."

"بەڵام پشکنینەکانت دەریدەخەن کە شەکری خوێنت لە ڕادەی ئاساییی خۆی زۆر زیاترە."

بابم بابەتەکەی بە گاڵتە گرت و بە پێکەنینەوە گوتی: "جەنابی دکتۆر، خۆ ئەوە نەخۆشیی سەرمایەدارەکانە. چۆنە من تووشی بوومە؟"

دکتۆر بە هاوڕێیانەوە وەلامی دایەوە: "ئەو کەسانەی خانەنشین دەبن، پێیان وایە لە هەموو شتێک خانەنشین بوونە و کەمتر دەجوولێن. ئەمە وا دەکات تووشی ئەم نەخۆشییە ببن. کەسی بەساڵاچوو پێویستە بۆ سەلامەتیی خۆی هەموو ڕۆژێ چەند سەعاتێک لە هەوای پاکدا ڕێ بکات و، ئەگەر گونجا هەفتەی یەک-دوو ڕۆژ بچێتە شاخ و هەوای پاک و دروستی شاخ هەڵبمژێ. دانیشتن لە سووچی ماڵدا لە ڕووی دەروونیشەوە خراپە، چ بگا بە جستە. ئەوانەی کە بە تەمەندا دەچن، دەبێ زیاتر بیر لە سەلامەتیی خۆیان بکەنەوە."

ئینجا پزیشکەکە نووسینێکی درێژی نووسی و لە کۆتاییدا جەختی لەوە کردەوە کە نەخۆش دەبێت بە مسۆگەری ئەو دەرمانانە لە کاتی خۆیدا بخوات. بەڵام تەواوی ئەو هۆشداریانە بێسوود بوون.

کاتێک لە دەرمانخانەکە هاتینە دەرێ، بابم لەگەڵ ئەوەی کەمێک ترسابوو، گوتی: "کچی ئازیزم، هیچ کات باوەڕ بە قسەی دکتۆرەکان مەکە. ئەوان تەنیا دەزانن گیرفانی مرۆڤ بەتاڵ بکەنەوە. زۆرینەیان بۆنی ویژدانیشیان نەکردووە و، جگە لە پارە بیر لە هیچ شتێکی دیکە ناکەنەوە. لەبیرمە ئەو کاتەی من لە تەمەنی تۆدا بووم، دکتۆر مەعرووف کە لەگەڵ بابم یەکتریان دەناسی، ڕۆژێک بۆ خۆی باسی کرد کە چۆن بۆ پارەوەرگرتن لە خۆوە و بەبێ هۆ نەشتەرگەریی بۆ نەخۆشەکانی دەکات. من بە هیچ جۆر بڕوام پێیان نییە."

"ئەمە چ قسەیەکە دەیکەی؟ خۆ هەموو وەکوو یەک نین، چەم بێ چەقەڵ نابێ. لەنێو دکتۆرەکانیشدا کەسی باش و بەویژدان هەن."

"لەوانەیە، بەڵام من لەو کاتەوە دڵم لەسەریان ڕەش بووە."



Scanned by TapScanner

بابم هەر لەو کاتەوەی چووەوە ماڵێ، بە پێچەوانەی قسەی دکتۆرەوە پارێزی لە خواردن نەدەکرد و جارجار بە داوا و پاڕانەوەی ئێمە دەیهێشت ئەنسۆلینی[1] بۆ بگرین.

بەیانییەک پێش سەعات حەوت دەنگی کزی بابمم بیست کە بۆ ژووری خۆی بانگی دەکردم. خێرا خۆم گەیاندە ژووری. باری تەندروستیی خراپ بوو. ڕوخساری سپی هەڵگەڕابوو و نزیکەی نیوەهۆش لە چرپاکەیدا کەوتبوو. بە نیگەرانییەوە پرسیم: "بابە؟ حاڵت باشە؟"

"نا، ئەمڕۆ هیچ باش نیم. سەرم دەسووڕێ و چاوم ڕەشکەوپێشکەی دەکەن."

ئینجا کۆتا ڕەچەتە کە چەند ڕۆژ لەمەوبەر پزیشکەکە بۆی نووسیبوو، دایە دەستم و بە پاڕانەوەوە گوتی: "کچم، تا زووە ئەو دەرمانانەم لە دەرمانخانەیەک بۆ وەرگرە. وا هەست دەکەم شەکرەم بەرز بووبێتەوە."

خێرا جلم لەبەر کردن و لە ماڵ وەدەرکەوتم. دوو سەعاتم پێ چوون. کاتێک گەڕامەوە، دایکم بە ساردییەوە گوتی: "بۆ ئەوەندەت پێ چوو؟"

"چەند دەرمانخانەیەکم کردن تا دەرمانەکانم دەست کەوتن."

لەناکاو قوڕگی گیرا و بە دەنگی بەرز دەستی بە گریان کرد. کە نیشانەی هەواڵێکی شووم بوو. بە دڵەکوتە و نیگەرانییەوە پرسیم: "چی بووە؟"

"بابت حاڵی هیچ باش نەبوو. براکەت بردیە نەخۆشخانە."

---

[1] ئەنسۆلین مادەی میزانکەرەوەی شەکری خوێنە، کە لە لەشدا دروست دەبێ.



Scanned by TapScanner

"کامە نەخۆشخانە؟"

دایکم ئەو پارچە کاغەزەی دایە دەستم کە ناونیشانەکەی لەسەر نووسرابوو. خێرا بەرەو نەخۆشخانە ڕۆیشتم. لە ڕێگەدا بیرم لە هەزار شت دەکردەوە.

لە نهۆمی یەکەمی نەخۆشخانەدا لە پرسگە ناونیشانی بابم وەرگرت. ڕێنماییان کردم بۆ ژووری ١٢٦ لە نهۆمی چوارەم. بە هەر زحمەتییەک کە بوو خۆم گەیاندە نهۆمی چوارەم و ژووری ١٢٦، بەڵام دەرگە داخرابوو و لەسەر دەرگە بە کاغەزێک ئەم ڕستەیە بەرچاو دەکەوت: "سەردانکردن قەدەغەیە."

لەو پەرستارەی کە لە ڕێڕەوەکەدا بوو، پرسیم:

"مانای ئەمە چییە؟"

"واتە ئێوە ناتوانن سەردانی نەخۆشەکەتان بکەن."

دنیا لە بەرچاوم تاریک بوو. لە بێدەسەڵاتییاندا لەسەر زەوی دانیشتم. پەرستارێکی دیکە لە سووچێکی دیکەدا خۆی گەیاندە من و بە هێمنییەوە گوتی: "تکایە بڕۆنە دەرەوە. مانەوەی ئێوە لێرە باش نییە."

لە حەوشەی نەخۆشخانەکەدا براکەمم بینی کە لە کونجێکدا بێدەنگ و ئارام چاوەڕێی دەکرد. بە هەنگاوی لەسەرخۆ گەیشتمە کنی.

ڕۆژی دواتر یەکەم کەس بووم کە خۆم گەیاندە ژووری بابم. دەرگە کراوە بوو، بەڵام هیچ کەس لە ژووری نەدەبینرا. لە سەرپەرشتیاری بەشم پرسی: "نەخۆشی ئەم ژوورە لەکوێیە؟"

"بۆ بەشێکی دیکە گوازراوەتەوە."

"کامە بەش؟"

"من نازانم، پرسیار لە پەرستاری بەرپرسی بکە."

گەڕامەوە نهۆمی یەکەمی نەخۆشخانە. لە سووچێکی هۆڵەکەدا ژووری پەرستارەکە بە تەواوی دیار بوو. زۆر بە هێمنییەوە پێم خستە ژوورەوە. ژنێکی بەتەمەن لەچکێکی سپیی لەسەر و لەپشت مێزێکی کەمێک گەورەرە دانیشتبوو و سەرقاڵی نووسینی شتێک بوو.

بەبێ سلاو پرسیم: "نەخۆشی ژووری ژمارە ١٢٦تان بۆ کام بەش بردووە؟"

"تۆ چیی ئەوی؟"

"من کچی ئەوم."

"جارێ لە دەرەوە بن."

لە حەوشەی نەخۆشخانەدا بە بینینی چاوی تەڕی براکەم هەستم بەوە کرد کە ڕووی دابوو. ساتی یەکەم بە تەواوی گێژ و وڕ بووبووم و ئینجا دەستم بە گریانێکی بەکوڵ کرد.

بابم دوای بیستوچوار سەعات بێهۆشی، هەر لەو حاڵەدا چووبووە خەوی هەتاهەتاییەوە و ئەم جیهانەی بەجێ هێشتبوو.

لە گۆڕستانی سارد و پڕ هاتوهاواردا ڕوخساری جوان و خۆشەویستی بابمم لە نزیکەوە دیت و بۆ هەمیشە ماڵئاواییم لێ کرد.

دوای گەڕانەوە بۆ ماڵێ، زۆر بە خراپی هەستم بەجێگەی بەتاڵی بابم کرد. ئەو شاخە بەرزەی کە لە تەواوی ژیانمدا پشت و پەنام بوو، بەو هەموو گەورەیی و مەزنییەیەوە لە بەیانیی ڕۆژێکەوە تا



Scanned by TapScanner

ئێوارە ب ەتەواوی تێک شکابوو و بۆ هەتاهەتایە لەنێومان ڕۆیشتبوو.

وا هەستم کرد ئەو سۆز و خۆسەویستییەی کە لە ماوەی تەمەنی خۆیدا بۆ من هەیبوو بۆ هەمیشە لەناو چووە و پێویستە ئەو دوای ڕێگەکە تا کۆتایی تەنیا و تەنیا ڕێ بکەم. لە دڵەوە حەزم دەکرد کە خۆزگە لە جێی ئەو من بووبام.

ڕۆژەکان بە سەختی بۆمان تێدەپەڕین. کاتێک پایەی ماڵێک خراپ دەبێت، ڕوونە چیی بەسەر ئەندامەکاندا دادێت. تا ڕادەیەک گوزەرانی ژیانمان تێک چووبوو و کێشەی تازە سەریان هەڵدەدا. بەڵام لە کۆتاییدا وردەوردە خوومان بە نەبوونی باوکمەوە گرت.

وەک چۆن هیچ شتێک لەم دنیایەدا هەمیشەیی نییە، هیچ خەمێکیش تا کۆتایی لە دڵی مرۆڤدا نامێنێتەوە. هەڵبەت مرۆڤ هیچ کات مردنی ئازیزانی خۆی لەبیر ناکات، تەنیا بە تێپەڕینی کات کەمێک ئارامتر و هێور دەبێتەوە. منیش ئەو ڕاستییەم پەسەند کرد و بەردەوامیم بە ژیان دا. ئەگەرچی ئەم جارەیان ڕەنجی ژیان قورستر بوو. سەرەتای مانگی نۆ قوتانخانەکان کرانەوە. زۆر حەزم دەکرد وەکوو ساڵی پێشووتر بچمەوە ئەو گوندە دوورەدەست و بێبەشە، بەڵام مردنی باوکم و تەنیایی دایکم بووە هۆی ئەوەی لە یەکێک لە خوێندنگاکانی نزیک ماڵەوەمان سەرقاڵی وانەوتنەوە بم.

هەواڵی مردنی بابم بە خێرایی لەنێو دۆست و ئاشنایاندا بڵاو بووبووەوە و یەک لەدوای یەک بۆ سەرەخۆشی دەهاتنە دیتنمان و دەڕۆیشتن. بەڵام نەسرین کە یەکێک لە دۆستە هاوبەشاکانی من و کاوە بوو و دوای چوار مانگ بیستبووی و هەر کە بیستبووی خۆی گەیاندە ماڵمان.



Scanned by TapScanner

ڕوخساری نەسرین لە جلوبەرگی ڕەشی پرسەدا زۆر خەمگین بوو. سەرەخۆشیی کرد. چۆنییەتیی مردنی باوکمم بۆ باس کرد. زۆر گریا. نزیک نیو سەعات لامان مایەوە و کاتێک ئامادەی ڕۆیشتن بوو گوتی: "بە دڵنیاییەوە کاوە ئەم بابەتەی نەبیستووە، دەنا سەرەخۆشیی هەر لێ دەکردن."

نزیک پێنج ڕۆژ دواتر پۆستەچی نامەیەکی دایە دەستم کە هەر بە یەکەم نیگا خەتی کاوەم ناسییەوە و لە نامەکەدا ئەمەی نووسیبوو:

لەوەی کە نەمتوانیوە بێمە خزمەتتان و سەرخۆشیتان لێ بکەم، بمبەخشن. منیش بە هاوبەشی خەمی خۆتان بزانن، چونکە بە باشی باوکتانم دەناسی و بە بیستنی کۆچی دوایی ئەو دڵتەنگ بووم و تا ماوەیەکی زۆر ڕوخساری میهرەبان و خۆشەویستی ئەوم لەیاد نەدەچوو. هەرچەندە ئەو ڕێیەی کە ئەو پێیدا ڕۆیشتووە هەمووومان ڕۆژێک پێیدا دەڕۆین.

هەڵبەت بەو شێوەیەی کە من خوالێخۆشبووم دەناسی، هەرگیز ناتوانم ڕوخساری ئاسمانیی ئەو لەیاد بکەم و لە ژیاندا ئاواتەخوازم وەکوو ئەو خۆڕاگر و ئازا و مرۆڤدۆست بم.

ئێوە من وەکوو هاوڕێیەک، برایەک هەتا دڵگرانیش نابم ئەگەر بزانم وەکوو دوژمن قبووڵم بکەن. دەزانم کەمێک کینە لە دڵتاندا بەرانبەر من جێ ماوە و هەرگیز وەکوو خێرخوا یان هاوڕێ یان برا قبووڵم ناکەن. ئەو شتەی کە من لەگەڵ ئێوە کردوومە زیاتر وەکوو دوژمن دەچم تا شتێکی تر، بەڵام ئەوە بزانن کە هەندێک جار دوژمنیش ناکردە کارێک دەکەن کە لە ژیاندا بە سوودی مرۆڤی بەرانبەر کۆتایی دێت. لەوانەیە منیش دوژمنێک بم کە بێئاگایانە ئێوەم بەرە و خۆشبەختی بەڕێ کردبێت.



Scanned by TapScanner

بۆ ئێوە و خێزانەکەتان ئارەزووی خۆشبەختی و ئاسوودەیی دەخوازم. داوا لە خوا دەکەم کە بەم زووانە پیاوی دلخوازی خۆتان بدۆزنەوە و ژیانێکی تازە ڕووتان لێ بکات.

خواحافیز.

لەو کاتەدا دۆخێکی مەحکووم بە مردنم هەبوو وەک کەسێک، کە زەینان بەتاڵکردبێتەوە. ئەو نامەیە هەمان ئەو داوایە بوو کە بەرەو من ئاراستە کرابوو. زانیم کە ئیدی هیچ هیوایەک نییە و دەبێت بۆ هەتاهەتایە لەبیری بکەم. دایکم بەخۆهەڵقوورتاندنەوە گوتی: "نامە لە کێوەیە؟"

"کاوە."

"چیی نووسیوە؟"

"هیچ. سەرەخۆشیی کردووە."

"هیچی دیکەی نەنووسیوە؟"

"نا، تەنیا داوای لێ کردووم هاوسەرگیری بکەم و هیوای خۆشبەختیی بۆ خواستووم."

"باشترە بەوە ڕازی بی کە ئیدی کاوە ڕۆیشتووە. بە نووسینی ئەو نامەیە ویستوویەتی تێتبگەیەنێ چاوەڕێی نەبی و بیر لە ژیانی خۆت بکەیەوە."

"بەدبەختییەکە ئەوەیە ئێستاش نەمزانی هۆکارەکەی چییە."

"بۆ تۆ چ جیاوازییەکی هەیە؟ لەوانەیە کوتا ڕۆژ بڕیاری گۆڕیبی و ویستبێتی لەگەڵ کەسێکی دیکە هاوسەرگیری بکات."

"خۆزگە هۆکاری ئەم کارەیم دەزانی."



Scanned by TapScanner

"مانگ بۆ هەمیشە لەژێر هەوردا نامێنێتەوە، لە کۆتاییدا ڕۆژێک ڕاستی دەردەکەوێ."

لەو ڕۆژە بەدواوە ئیدی بیرم لە گەڕانەوەی کاوە نەدەکردەوە و ماوەیەک دواتر کاتێک بیرم لە ڕابردوو دەکردەوە، هەستم کرد ئیدی هیچ پاشماوەیەک لە یادگاریی ئەو لە مێشکمدا نەماوە.

# ٩

دوو ساڵ بەسەر ئەم بابەتەدا تێپەڕی. ساڵی سێیەم لە مانگی ئازاردا پیاوێک بە ناوی حەبیب وەک خوازبێنیکار پێی نایە ماڵمانەوە. دایکم هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە تەواوی ڕابردووی من بەو شێوەیەی کە ڕووی دابوو، بۆی باس کرد. ئەو لە وەڵامدا تەنیا سەری لەقاند و پرسیی:

"من لەبارەی ڕابردووی کچەکەتانەوە هیچ شتێکم پرسیوە؟"

دایکم وەڵامی دایەوە: "نا."

"کە وایە تکا دەکەم باسی ڕابردوو مەکەن. بە بڕوای من قسەکردن بۆ داهاتوو باشترە."

حەبیب هەر لە یەکەم ڕۆژدا بە سادەیی گوتی کە دەستی کورتە بەڵام لەبەرانبەردا پیاوێکی ماڵدۆستە و بەڵێن دەدات کە تەواوی توانای خۆی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ژیانێکی خۆش بۆ من بڕەخسێنێت.

سەرەتا لە هەڵسوکەوت و گوتاری تووشی گومان و ڕاڕایی بووم، بەڵام ئەو بە زمانلووسییەکەی منی ڕازی کرد. لەبەر ئەوەی جارێک لە ژیاندا شکستم خواردووە، نابێت بەو شێوەیەش بێباوەڕ و بێمتمانە بم. داوایەکارییەکانم بە ڕستەیەک بە گوێیدا دا و گوتم: "کەسایەتیی مرۆڤم زۆر لە پلە و پۆستی لەلا گرنگترە."

ئەویش بەڵێنی دا کە لە ژیاندا بەو شێوەیە بێت.

حەبیب زۆر جوان نەبوو. کەمێک ناشرین و کورتەباڵا دەهاتە بەرچاو، بەڵام لەبەر ئەوەی لەڕادەبەدەر خۆی بە میهرەبان پیشان دەدا و بەردەوام باسی مرۆڤدۆستیی دەکرد، بە داواکەی ڕازی بووم.

نیوەی شەعبان، لە نووسینگەیەکی بچووکی نزیک باشووری شار مارەی بریم. هەر کە لە پلیکانەی نووسینگەکە هاتینە خوارەوە، بە هێمنییەوە گوتی: "لەبەر ئەوەی ئێستا پارەم بەدەستەوە نییە، دەبێ ماوەیەک لەلای دایکم بژیین، تا بزانین چی دەبێت."

لەگەڵ ئەوەی ماڵی دایکی بچووک بوو و دانیشتوانی ماڵەکە شەش کەس بوون و دڵنیا بووم کە چوون بەرەو ئەو ماڵە باش نییە، بەڵام بە ناچاری قبووڵم کرد و تەنیا داوای ئەوەم لێ کرد ئەگەر ژوورێکیش بێت، بەکرێی بگرێ و لەسەر پێی خۆمان بووەستین.

چوومە ماڵیان. ماڵێکی بچووک بوو. ژوورەکانیشی گچکە بوون و تێک پەستێورابوون. حەبیب چوار خوشک و برایەکی هەبوو. بە تەنیا یەکێک لە خوشکەکانی مێردی کردبوو و بەجیا دەژیا. ئەوانی دی لە هەمان ماڵدا بوون. دایکی حەبیب ژنێکی کوڵەبنە بوو. ڕوخسارێکی بچووک و چاوێکی چکۆلە و بێمەیلی هەبوو. دەستی کەمێک درێژ و پێیەکانی قەڵەو و کورت بوون. لەبەر ئەوەی

کێشی لە سەروو نەوەد کیلۆوە بوو، بە ئەستەم دەیتوانی بە ڕێدا بڕوات و بەردەوام لە تاو ئازاری پشتی دەیناڵاند.

کچەکان بە ڕیز: گەورەترینیان مۆحتەرەم بوو کە بیستوشەش ساڵ، ناوەنجیەکە فەریبا بیستودوو ساڵ و بچووکترینیان ئازەر شازدە ساڵ بوو. فەرزانەیش خوشکی حەبیب بوو کە تازە مێردی کردبوو و ڕۆیشتبوو، بەڵام هەفتەی یەک-دوو ڕۆژ بۆ بینینی دایک و خوشکەکانی سەرێکی لە ماڵ دەدا.

براکەی حەبیب کە دوو ساڵ لەو گەورەتر بوو، ناوی مورتەزا بوو. هەموو شەوێک پێش سەعات هەشت دەبوو بێتەوە ماڵ.

باوکی خێزانەکە کە گوایە نەیتوانیوە لەگەڵ خوورەوشتی ژنەکە بگونجێت، ماوەیەک خێزان و ماڵەوەی وێڵ کردووە و لە شوێنێکی نادیار دەژی.

یەکەم جار ئەوانم وەکوو خەڵکی ئارام و بێدەنگ هاتە بەرچاو و پێم خۆش بوو، چونکە پێم وا بوو جیاوازیمان زۆر کەم دەبێ.

مانگی یەکەم ژوورێکی دیاریکراوم نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی زستان دەهات، دایکی حەبیب ژوورێکی بچووکی خاوێن کردەوە و ڕێکوپێکی کرد کە هەر وەکوو ژێرزەمین وا بوو. پێی گوتم کە دەبێت لەمەو دوا لەم ژوورەدا بژیم.

ناوکەوی ژوورەکە فەرشێکی ڕزیوی لێ ڕاخرابوو کە لە هیچ لایەکەوە نەدەگەیشتە دیوار. دیوارەکانی لای چەپ تەڕ بووبوون و خەریک بوو هەڵدەوەرین. هەوای شێدار، تەڕ و بۆگەن. ژوورێک بوو کە تا ڕادەیەک نەتدەتوانی بەرگەی بگریت. مێزێکی کۆنەی تەختە لە سووچێکی ژوورەکەدا هەبوو کە مەکینەیەکی دروومان، گسکێکی کارەبایی و هەندێک قاپی فەخفووریيان لەسەر دانابوون.

ئەم کەلوپەلانە وەردەکی کچان بوون کە دایک ئومێدەوار بوو هەتا زووە کچەکان بە شوو بدات. لەژێر مێزەکەدا چەند سەرینێک، دوو یان سێ خاولیی گەورە و دوو پەتووی کۆنەیان دانابوون. بارودۆخی ژوورەکە زۆر بەلامەوە گرنگ نەبوو، بەڵام لەو خەیاڵەدا بووم کە بە سەرمای زستان بەو شێدارییەوە چۆن لەو ژوورەدا بژیم. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هیچ قسەم نەکرد، چونکە ئومێدەوار بووم بە زوویی لەوێ بڕۆم.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە کاتێکدا سەرقاڵی خاوێنکردنەوەی پەنجەرە و کاشییەکانی ژووری بووم، ئازەر بەبێ لە دەرگەدان و بە خێرایی دەرگەی کردەوە و بە دوودڵییەوە سەیرێکی ژوورەکەی کرد و بەبێ قسە چووە دەرێ.

کەمێک دواتر دەنگی ئەوم بیست کە بە هێمنییەوە دەیگوت: "لە کۆتاییدا نەجاتمان بوو لە دەستی. ئۆف من چەندە ڕقم لەو ژنەیە. ژنەتیوەی پۆخڵەوات، جارێ ئەوە لە ژووری خۆیەتی."

دەنگی دایکی حەبیب لە دەنگی ئازەر بەرزتر بوو: "خوا بکا ئاوەوئاو چێ و لێرە بڕوات."

سەرەتا پێم وا نەبوو لەگەڵ منیان بێت، بەڵام دوای ئەوەی گفتوگۆکەیان درێژەی کێشا، تێگەیشتم کە بوونی من بووەتە هۆی ئەوەی هەرچی لەو ماڵەدایە نیگەران و تووڕە بێت. کەمێک بیرم کردەوە. بەدوای عەیبێکدا لە هەڵسوکەوتمدا دەگەڕام، بەڵام بە هیچ شێوەیەک نەدەکەوتەوە بیرم کە ڕۆژێک بچووکترین بێڕێزیم بەوان کردبێت. هەڵبەت ناحەقم نەدەگرتن. ماڵ بچووک بوو و کەسەکان لە شوێنی پێویست زیاتر بوون. منیش جێیەکەم تەنگتر کردبوون. خۆمم قایل کرد کە نابێت لەوە زیاتر چاوەڕێ بکەم.

شەو بە حەبیبم گوت: "خەم لە خانوویەکی کرێ بخۆ."

هەر ئەو ڕستەیەم لە زاری هـاتەدەری، دەسـتی خرکـردن و بە توندی لەسـەر مێزەکەی ڕاکێشا و بە هاوارەوە هێرشی بۆ لای من هێنا و گوتی: "ژووریکی ئا وا باش چییەتی؟ کێشەی هەیە، ها؟ بڵێ بزانم؟"

هەرچەنـد هەوڵـم دا تێیـبگەیەنم کە سـەربەخۆ بـژیین، سـوودی نەبوو. هەر زوو تێگەیشتم مێردەکەم پیاوێکی تەواو ناتێگەیشتوو و تووڕەیە.

دایکی حەبیب کە ل پشت دەرگەوە ڕاوەستابوو، هاتە ژووری و بە ڕووخۆشییەوە کە خەندەی لەسەر لێو بوو، بە هێمنییەوە پرسی:

"چی ڕووی داوە؟"

حەبیب قیافەیەکی مافدارانەی بە خۆیەوە گرت و بە دەنگێک کە گوێی ئاسمانی کەڕ دەکرد، هاواری کرد: "ئیدی لە دەستی ئەو ژنە ماندووم."

دایکی پرسی: "بۆچی؟"

"ماڵی جیای لە من دەوێ."

"چما ڕۆژی یەکەم پێت نەگوت کە خانووت نییە؟"

"ئەدی چـۆن. بەلام ئێسـتا ژنەتیـوەی بەرەڵـلا خـۆی لـێ هاویشتووینەتە سەر پشتی و خانووی جیا و ژیانی جیای لە من دەوێ."

"غەڵەت دەکات. تۆ یەکەم ڕۆژ هەموو قسەیەکت لەگەڵ کردووە."

بە هـیچ شـێوەیەک چـاوەڕێی هەڵسوکەوتێکی ئـا وام لە حەبیب نەدەکرد. مات و مەلوول لە سووچێکی ژوورەکەدا ڕاوەستابووم و بە وردییەوە گوێم لە قسـەکانیان دەگرت. هەر وشـەیەک کە لە

زاریان دەهاتە دەرێ، وەکوو کوتەکێک وا بوو کە بە سەری منیدا بکێشن. هەر زوو تێگەیشتم کە ئەم خێزانە کەسایەتییەکی هێمن و هەستی مرۆڤایەتییان تێدا نییە و قسەکردن لەگەڵیاندا بە تەواوی بێسوودە.

چەند خولەکێک دواتر، کچەکانیش یەک لەدوای یەک هاتنە ژوورێ و هەر یەکە و قسەیەکی کرد و ئاگری شەڕەکەیان خۆشتر دەکرد.

حەبیب بە چاوی سوورهەڵگەڕاو و تووڕەوە ڕووی لە کچەکان کرد و گوتی:

"ئەم ژنە گلەیی لە ئێوە هەیە. خۆشی لە هیچتان نایە. دەڵێ حەز ناکات لەگەڵ ئێوە بژی."

هەرچەندە بیرم کردەوە، پێم شک نەهات قسەیەکی وام کردبێت.

دایکی حەبیب بە میهرەبانییەوە ڕووی لە کوڕەکەی کرد و گوتی: "بە پێچەوانەوە، ئێمە خوومان بە ژنەکەتەوە گرتووە و خوشکەکانیشت زۆر خۆشیان دەوێت. ئەگەر ڕۆژێک ئێوە لێرە بڕۆن، ئێمە لە خەفەتاندا دیق دەکەین. ئێستا ئەگەر ئەو ئێمەی خۆش ناوێ، ئەوپەڕی بێویژدانییە. تکا دەکەم بەجێمان مەهێڵن. توو خوا هەر لێرە بمێنەوە."

کاتێک بارودۆخەکەم بەم شێوەیە دیت، بۆ ئەوەی بابەتەکە لەوە زیاتر گەورە نەبێت، بە هێمنییەوە داوای لێبووردنم کرد و ئەو شەوە بە خێر و خۆشی تێپەڕی.

بەیانیی ئەو ڕۆژە کاتێک بە لەشی ماندوو و ڕۆحی ئازاردراوەوە لە قوتابخانە گەڕامەوە ماڵێ، بینیم حەبیب لەسەر یەکێک لە کورسییەکانی هۆڵەکە دانیشتووە و جگەرە دەکێشێت. ئەو ڕۆژە حەبیب نەچووبووە نووسینگە.

چوومە ژوورەکەم. حەبیب خێرا خۆی گەیاندە من و بە حاڵەتێکی وەحشیانەوە کە چاوی لە توورەییان سوور بووبوونەوە و کەفی دەچەراند، گوتی:

"دانیشە بزانم."

"چی بووە؟"

"هیچ. تەنیا بڵێ بزانم لەو ماوەیەدا کە کارت کردووە، پارەکەت چی لێ کردووە؟"

"کەمتر لە چوار مانگە هاوسەرگیرم کردووە و لەو ماوەیەشدا هەموو حساب و کتاب لای خۆتە."

"خۆت لە گێلی مەدە. مەبەستم پێش هاوسەرگیرییە."

"نزیک سیهەزار تمەنە و ئەویش لە بانکدایە."

"چەند ساڵە کار دەکەی؟"

"نزیک چوار ساڵ."

"ئەی بۆچی سیهەزار تمەن؟"

"ئاخر لەو ماوەیەدا خەرجییشم هەبووە."

"من ئەو قسانەم قبووڵ نییە، پارەکە دەبێ تەواو بێ."

بەم قسەیە واقم ورما.

"مەگەر تۆ لەبەر پارە هاوسەرگیریت لەگەڵ من کردووە؟"

دەنگی بەرز کردەوە و بە هاوارەوە گوتی: "ئەی پێت وایە عاشقی چاو و برۆت بوومە؟ پیس تووش بوومە! منیش دەبوو وەک ئەو کورە دوو پێی دیکەشم قەرزکردبان و هەڵاتبام ... ئێستا با بێینە سەر میرات. چت وەبەر براوە؟"

لیستی ئەو شتانەی لە بابمەوە بە میرات بۆ من بەجێ مابوون، لەسەر پەڕێک نووسیمن و دامنە دەستی. بە وردی سەیری ئەو شتانەی کرد کە لەسەر کاغەز نووسیبوومن و بە بێشەرمییەوە گوتی:

"ئەم پیاوە نەفرەتییە تەنیا ئەم شتانەی بۆ داناوی؟"

ئینجا بە جۆرێک لە مەراییکردنەوە پرسیی:

"ئەمانە هەموون؟ دڵنیای کە هیچ شتێکت لەبیر نەکردووە؟ نەکا فێڵیان لێ کردبی."

بە دەنگەدەنگی ئەو تەواوی ئەندامانی ماڵیش لە ژوورەکە خڕ بوونەوە.

نیگاکان بە شێوەیەک بوون کە زانیم تەواوی ئەم جووڵانەوانە پێشتر بەرنامەیان بۆ دارێژراوە. خوشکە بچووکترەکەی کە کەمێک ناتەواو بوو، لەپێش هەمووان هاتە ژوورێ و بە دەنگێکی ڕەقەوە هاواری کرد:

"دە بێدەنگ بن دەی."

بەو ڕوخسارە درێژ و ناوچاوانە گەورەوە کە مرۆڤ لە یەکەم بینیندا پێی وا بوو غەدری حەسەن و حوسێنیان لێ کردووە، پرچی وشکی لە ڕەشییان کتومت وەکوو خەڵووز وا بوو. لەگەڵ ئەوەی کە سەروسەکوتێکی ناشیرن و ناپەسەندی هەبوو، ڕەوشتیشی زۆر ناشیرین بوو. لەبەر ناتەواویەکەی کەس هەقی ئەوی نەبوو.

حەبیب بە بینینی سەروپۆتەلاکی ئەو و ئەم بارودۆخە قاقای لێدا و گوتی: "ئازەر، ئەوە دەڵێی چی ئەتوو؟"

دایکی بەو هەیکەلە گەندەیەوە خۆی گەیاندە حەبیب و بردییە لایەک و بە مەرایی و زمانلووسییەوە گوتی: "کورم، بۆ ئەوەندە هاوار دەکەی؟ ئەم کچە بێچارەیە گوناحە. خوا پێی خۆش نییە ئازاری بدەی."

"ئاخر ئەو پارەکەی داوەتە خێزانەکەی."

دایکی ڕووی لە من کرد و بە شیرینییەوە پرسیی: "حەبیب ڕاست دەکات؟"

لەژێر لێوەوە وەڵامم دایەوە:

"نا. بە هیچ شێوەیەک وا نییە."

حەبیب بەوپەڕی بێچاوڕوویی و ناجوامێرانەییەوە بە جووڵەیەکی تایبەت بە مست هێرشی بۆم هێنا و گوتی: "فێڵبازی درۆزن."

دایکی بە شێوازێکی تایبەت پێشی پێ گرت و بە دەنگێکی مانادار گوتی: "توو خوا لێی مەدە. لەوە فەقیرترە کە بتەوێ لێی دەی. بەڵێن دەدات کە لەمەو دوا هیچ شتێک نەداتە خێزانەکەی. غەڵەتی کرد، من لەجیاتیی ئەو بەڵێن دەدەم کە ئیدی لەم کارانە نەکا."

دایکی حەبیب دەتگوت نێوەندگیری بۆ منداڵێکی چوارساڵانە دەکات.

دیسان حەبیب بە توورەییەوە ڕووی لە من کرد و گوتی: "ئەرێ بە ڕاست، نەتگوت ئەو کورە بۆچی وازی لێت هێنا و ڕۆیشت؟ پێم وا بێ ساڵێکیش لە دووریی خێزانەکەت ژیاوی، بڵێ بزانم ئەو ساڵە چیت دەکرد؟"

بە توندی گوتم: "شوکور ڕابردوویەکی خراپم نییە. دەتوانی لەوانە بپرسی کە لەلایان بوومە."



Scanned by TapScanner

"ژنێک لەناو شووشەشدا بێت، ئەو کارەی بیەوێت بیکا، هەر دەیکا."

"من کچێکی پاک بووم. هەم لە ڕووی بیرکردنەوە و ئەقڵەوە هەم لە ڕووی ژیانەوە، وەکوو ئەو کچانەی کە هیچ کات لە ژیانیاندا تووشی هەڵە نابن."

"هاهاهاها ... وایە وایە. باوەڕمان کرد، ئەرێ بە گیانی دایکت."

خۆم لەو ئاستەدا نەدەبینی کە داری لەگەڵ لە ئاوێ هاوم. هەڵبەت لەو ماوەیەدا وەکوو کەسێکی گەمژە و دەبەنگ هەڵسوکەوتم نەدەکرد، بەڵکو بە ژیری و جارجاریش بە بێدەنگی هەوڵم دەدا تێیانبگەیەنم کە ئەمە خووی مرۆڤایەتی نییە و ئەو ڕێگەیەی ئەوان گرتوویانەبەر بە تەواوی بێبڕوایان دەکات.

بەڵام هەموو هەوڵەکانم بێسوود بوون و لە کۆتاییدا تێگەیشتم کە هیوایەک بەدی ناکرێت و هیچ وشەیەک لە دڵی تاریک و ڕۆحی ناپاکیاندا جێ ناگرێت.

لە کۆتاییدا دایکی بە دڵسۆزییەوە دەستی بە قسە کرد و گوتی:

"باشترین و دەوڵەمەندترین کچانی شار بە گیان و دڵ ئامادەن ببنە ژنی حەبیب. هەڵبەت ئەو پیاوێکە بۆ خۆت دەیناسی کە لەم بارودۆخانەدا ئەوە ژنە زەرەر دەکات. دەبێ زۆر وریای هەڵسوکەوت و جووڵەکانت بی. من شیرم داوەتە کوڕەکەم و گەورەم کردووە و چاک دەیناسم. ئەو لە ژیاندا هەرگیز لێخۆشبوونی نییە و هەرگیز پەشیمان نابێتەوە. ئەگەر زیاتر تووڕەی بکەی، تەڵاقت دەدا. بە دڵنیاییەوە تۆش حەز ناکەی جارێکی دیکە لەبەردەم دۆست و ئاشنا و خێزانەکەتدا ڕووڕەش بی. هەرچی حەبیب گوتی، بێ یەک و دوو بڵێ بەسەر چاو و ..."

حەبیب قسەی دایکی بڕی و گوتی:

"ئەم ژنە ئاقڵ نابێ کە هیچ، قسەکانی ئێوەش وەکوو بزمارێک کە ڕۆناچیتە ئاسنەوە، ناچێتە ناو مێشکی ئەمیشەوە. ئەو نە ئاقڵی هەیە و نە تێگەیشتن. غیرەتیش ئەوە هەر بەلایدا نەچووە. چونکە ئەگەر غیرەتی هەبا، تا ئێستا سەد جار خۆی کوشتبوو."

لەو کاتەدا لە باروودۆخێکی وەکوو مشکێکی لاوازدا بووم کە لە چنگی چەند پشیلەیەکی بەهێزدا دیل بووبێت.

بە قسەکانی حەبیب کچەکان دڵخۆش بوون و ئاهووتەی ژوورەکەیان پڕ کرد لە دەنگی پێکەنینی خۆیان. حەبیب و دایکیشی بە پێکەنینی ئەوان کەوتنە خەندە.

کەمێک دواتر حەبیب بە بێڕێزییەوە گوتی:

"بڕۆ دەرێ لە ژوورێ. دەمەوێ لەگەڵ دایکم و خوشکەکانم هەندێ قسە بکەم. دەی زوو."

دەتگوت فەرمان بەسەر خزمەتکاری ماڵییاندا دەدات. بە هێمنی لە ژوورەکە چوومە دەرەوە. لە دەرێ ئاسمان دوای وردەبارانێکی خۆش، پاک و بێگەرد دەهاتە بەرچاو. بۆنێکی خۆش لە لابەلای درەختە جیاوازەکانەوە کە لە باخچەی بچووک و حەوشە کەمەکەی ماڵێدا چێنرابوون، لەگەڵ بۆنی گوڵی تازەتەڕبوو کە ڕۆژی پێشتر باخەوان هەڵیکەندبوو، دەگەیشتە لووتم. گەڵای درەختەکان لە سەرماندا بە ڕەنگی جیاواز دەردەکەوتن، بەسەر لقەکانەوە تاکتاک گەڵای زەرد، سەوزی کاڵ و پرتەقاڵی بەرچاو دەکەوتن.

لەسەر سەکۆیەکی بچووک لەبەرانبەر ڕووناکییەکی کەمدا دانیشتم کە لە بەرزاییی ئاسمانەوە بەر زەوی دەکەوت و تۆزە گەرمایەکی هەبوو.

دەنگی پێکەنینیان لەناوەوەی بیناکە دەبیسترا. سەرقاڵی گاڵتەکردن بوون بە من. ئازەر ئەو شتەی کە من بۆ بێتاوانیی خۆم گوتبووم، بە دەنگێکی بەرز دەگوتەوە و کچەکان لە قاقای پێکەنینیان دەدا. لە ڕاستیدا ئەوان بەو شتەی کە نەیانبوو، بە مرۆڤایەتی و شەرەف پێدەکەنین.

ئەگەر حەبیب تۆزێک بەرگەی گرتبا، من کەسێک نەبووم کە بەرانبەری درێغیی بکەم. بە نیەتی پاکەوە ئەو شتەی لە ماڵی دنیادا هەمبوو، بۆ باشترکردنی ژیانمان دەمدا دەستی و بەبێ ئەم هاتو و ئابڕوو بردنە بەو شتە دەگەیشت کە دەیەویست، بەڵام تەماح ڕێگەی ئارامگرتنی بەو نەدا. قسەی سووک و سواڵکەرانەی ئەم خێزانە ئەوەندە دەروونیان تێک دابووم کە توانای وەسفکردنم نییە.

بەرانبەر ئەو ڕووداوانەی هاتبوونە پێش خۆم بە بێدەسەڵات و بێچارە دەهاتە بەرچاو.

مرۆڤ کاتێک گەنج و بێئەزموونە و لەسەر بابەتە گرنگەکانی ژیان بە ئاسانی بڕیار دەدات، وەک ئەوە وایە بە چاوی بەستراوەوە بەرانبەر چاڵێکی قووڵ تێبپەڕێت. لەم دۆخانەدا مرۆڤ بۆ بەدبەختبوون پێویستی بە هەوڵێکی زۆر نییە. بە بچووکترین هەڵە، بە ئاسانی بەدبەخت دەبێت. منیش بەبێ ئەوەی لەم بارەیەوە زەحمەتێکی زۆرم کێشابێت، بە ئاسانی کەوتبوومە سەر ڕێی بەدبەختی و وەکوو پاشکۆم لێ هاتبوو. بە باشی دەمزانی کە بۆ

بڕیاردان درەنگ نەبووە و چارەسەرێکی دیکەم جگە لە قبووڵکردن و هەڵکردن نەبوو.

سەعاتێک دواتر دایکی حەبیبم بینی کە بەسەر سەرمەوە ڕاوەستابوو. دەتگوت چەند خولەکێک دەبوو خستبوومیە ژێر چاودێرییەوە. بە هێمنییەوە پرسی: "کچم، چما شێت بووی؟"

پێکەنیم و پرسیم: "یانی چۆن؟"

"هیچ، وەکوو شێتان لە بەر خۆتەوە قسە دەکەی."

"تا هێشتا مێشکم لە جێی خۆیەتی."

"مەگەر مێشکیشت هەیە؟"

"لەوانەیە."

"من کە پێم وا نییە. ئەگەر مێشکت هەبا لەگەڵ پیاوێکی بەو باشییەوە ئەوەندە دەمەدەمت نەدەکرد."

"ئێوە خۆتان شایەتن کە هەمیشە ئەو دەست پێدەکات."

"ئاخر تۆش ژنی ژیان نیی."

"بۆچی؟"

"ئەگەر وا بای، ئەوەی پێشتر بەجێی نەدەهێشتی."

"چەند جارێکی دیکەش گوتم کە نازانم بە چ هۆکارێک دەزگیرانییەکەی تێک دا."

"بەدبەختییەکەی تۆ ئەوەیە کە مرۆڤێکی درۆزنی."

"باوەڕ بکە درۆ ناکەم."



Scanned by TapScanner

"ئێستا بەسی کە دەی. هەستە وەرە ژووری. هەرچییەک کە حەبیب دەیڵێ، بێ یەک و دوو قەبووڵی بکە."

لەگەڵی چوومە ژووری. کچەکان بە سیمای توورە و دەموچاوی گرژ و نیگای دوژمنانەوە سەیریان کردم و حەبیبیش بە توورەییەوە پرسیی:

"بلێ بزانم، لە کۆتاییدا دەتەوێ چی بکەی؟ "

دایکی کە خەریکی بۆڵەبۆڵ بوو، بە قسەی ناشرینەوە هاواری لێ هەستا:

"ئەوە چ هاوسەرگیرییەکی شووم بوو! ئارامیی ژیانمانی بە تەواوی تێک دا. هێندەی نەماوە لە دەست ئێوە دیق بکەم."

هەرچۆنێک بێت، دوای گفتوگۆیەکی زۆر گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە هەرچی لە ماڵی دنیا هەمە بیخەمە بەردەم حەبیب بۆ ئەوەی لە کەری شەیتان بێتە خوارێ. جگە لە قبووڵکردنی داواکەیان، چارەیەکی دیکەم نەبوو. کەمێک پارەی نەقد کە هیی چەند ساڵ کارکردنم بوو لەگەڵ هەندێ میرات، هەمووم خستنە دەستی حەبیب.

دوای ماوەیەکی زۆر تێگەیشتم کە دایک و خوشکی مێردەکەم بۆچی بەو ڕادەیە دەستیان بەسنگیانەوە دەنا. حەبیب بە پارەی من سەیارەی براکەی گۆڕی و باقیی پارەکەی دیکەی لەو شتانەدا سەرف کرد کە هیچ پەیوەندییان بە ژیانی هاوبەشمانەوە نەبوو.

لەو ڕۆژە بەدواوە لەم دیمەنانە زۆر دووپاتە بوونەوە کە بۆ ئەوان وەک شانۆیەکی درێژ و چێژبەخش وا بوو. ئەوان دەیانویست بە بێئابڕووکردنی من خۆیان بکەنە خاوەن متمانە.



Scanned by TapScanner

هیچ ڕۆژێک نەبوو کە بە درۆزن بانگم نەکەن، چونکە ئەوان پێیان وا بوو ئەو شتەی من داومەتە حەبیب شتێکی بێبایەخ بووە. ئەوان منیان بە فێڵباز و خۆیان بە مرۆڤی پاک و بێگەرد و حەبیبیان وەک پیاوێکی بەخشندە دادەنا.

ماوەیەک بڕیارم دا زیاد لە پێویست لەگەڵیان میهرەبان بم تا بەڵکو بیرکردنەوەیان بەرانبەرم بگۆڕێت. بەڵام تەواوی هەوڵەکانم بێسوود بوون.

خولق‌وخووی هەندێک لە مرۆڤەکان لەگەڵ ئاشتی و هاوڕێیەتی سازگار نییە و بە پێچەوانەوە بە دوژمنایەتی و نەفرەت بە باشی کار دەکەن. ئەم جۆرە کەسانە لە کاتێکدا وشەی مرۆڤیان داوەتە پاڵ خۆ، بوونەوەرێکن ڕاستە قیافەیان مرۆڤانەیە، بەڵام هەست و گیانێکی شەیتانییان هەیە و ڕێک خێزانی حەبیبیش لەم جۆرانە بوون.

بە زوویی تێگەیشتم کە ئەگەر بتەوێت لە زەلکاوێکی بۆگەن، ئاوی کانی بەدەستبێنیت، هەر ئەوەندەش لە دڵی ئەوان کەمێک میهرەبانی و مرۆڤایەتی دەردێنیت.

چەندین مانگ بەو شێوەیە تێپەڕی تا کچەکەم لەدایک بوو. لەنێو ئەو تاریکییەی کە سات بە سات ئاسمانی ژیانمی تاریکتر دەکرد، لەناکاو ئەو ڕووناکییەی کە دەبوو دەروونم ڕۆشن بکاتەوە، وەکوو ئەو ئەستێرەیەی لە ئاهووتەی تاریکدا دەدرەوشێتەوە، لەسەرمەوە دەرکەوت. بوونی کچە بچووکەکەم کە ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر دەبوو ژیانی سارد و تاریکمی ڕووناکتر دەکردەوە. لە کەنار ئەودا ئیدی بیرم لە هیچ خەمێکی ئەم دنیایە نەدەکردەوە. ئەو ساغ و سەلامەت بوو و هیچی لە جوانی کەم نەبوو. لە ڕۆژەکانی سەرەتا پێم وا بوو بە لەدایکبوونی سارا حەبیب تۆزێک

دێتەوە هۆش خۆی و لە بیانووە بێماناکانی واز دەهێنێت، بەڵام ڕێک بە پێچەوانەی ئەو شتە بوو کە بیرم لێ دەکردەوە. هەڵسوکەوتی خراپتری گرتە بەر، بە ڕادەیەک کە وردەوردە ژیانم بۆ ئەستەم دەبوو.

کچەکەم ڕۆژبەڕۆژ گەورەتر دەبوو و من لە نزیکەوە ئاگاداری گەشەی خێرای بووم. خۆشبەختی لە دڵمدا چرۆی دەکرد. بوونی ئازیزێتیی ئەو لە ژیانی سارد و تاریکی مندا وەک خۆرێکی درەوشاوە و ڕووناک وا بوو کە گەرمی و ڕووناکی بە ژیانی پڕ دەردەسەریم دەبەخشی. خۆشم لە زستان نەدەهات، چونکە دەترسام نەکا ئەو ژوورە سارد و شێدارە کاری تێ بکات. حەزم بە هاوینیش نەدەها، چون پێم وا بوو هەوای گەرم و بەتینی ژوور ئازاری دەدات. ترسم لە هاتنی شەو هەبوو، چونکە جارجار شەوانە نائارام و بێقەرار دەبوو و ڕۆژانە بەردەوام ئاگام لێی بوو تا نەکا لە کاتی یاریکردندا ئازاری پێ بگات. بە کورتی ئەو کاتەی ساغ و سەلامەت بووم، کچەکەشم بەکەیف و تەندروست بوو.

خێرا دایکی حەبیب هەستی بەو پەیوەندییەی من بەرانبەر کچەکەم کرد و تەواوی بیرۆکە شەیتانییەکانی خۆی خستنە گەڕ.

ڕۆژێک دوای نیوەڕۆ کاتێک لەگەڵ سارا سەرقاڵی یاریکردن بووم، دایکی حەبیب کە پێکەنینێکی لەسەر زار بوو لە دەروازەی دەرگا دەرکەوت و بە میهرەبانییەوە پرسیی:

"زۆرت خۆش دەوێت؟" بە سەری ئاماژەی بۆ سارا کرد.

وەڵامم دایەوە: "بەڵێ، زۆر زۆر."

"ئەگەر ڕۆژێک لێت جیا بکەنەوە چی دەکەی؟"

"خوا ئەو ڕۆژە نەکات."

"ئێستا ئەگەر کردی، چی؟"

"شێت دەبم."

"یانی بەو ڕادەیە خۆشت دەوێ؟"

"بەڵێ."

"بە ڕای من باش نییە کە مرۆڤ تا ئەو ڕادەیە وابەستەی کچەکەی بێ."

"جا چی دەکرێت؟ بزوێنەری ئەم ئەوینە خوداییە و خوداوەند سۆزی دایک بۆ منداڵ لە دڵی دایکاندا دەچێنێ."

بە نیگایەکی مانادارەوە سەیری ڕوخسارمی کرد و ئینجا بە خێرایی ڕۆیشت.

ڕۆژی دواتر کچەکەم کەمێک نیگەران و نەخۆش هاتە بەرچاو. دەمەو ئێوارە بردم بۆ ژووری ئازەر، چونکە ژووری ئەو گەورە و فراوان بوو و سارا بە ئاسانی دەیتوانی تێیدا یاری بکات.

سەرەتا وام زانی کە دەترسێت لەوەی لە ئازەر نزیک بێتەوە. لە سووچێکدا خۆی گرمۆڵە کردبوو و لە من دوور نەدەکەوتەوە. لەسەرخۆ پرسیم: "سارا، حەز دەکەی لێرە یاری بکەی؟"

بە دەنگی منداڵانەیەوە گوتی: "بەڵێ، دایە."

ئینجا بە هێمنی لە جێی خۆی هەستا و جارێک بە دەوری خۆیدا سووڕایەوە. کاتی یاریکردن لەناکاو دەستی بە چوارچێوەی ئەو وێنەیە کەوت کە لەسەر دۆڵابە بچووکەکە دانرابوو و وێنەکە کەوتەخوار. ئازەر کە بەم بارودۆخە زۆر تووڕە بووبوو و خێرا هاتە پێش و لەبن گوێی سارا گوتی: "سارا، ئەگەر لەوە زیاتر هاروهاجی بکەی، دەتخەمە ژێرزەمینەکە و لەوێ بەندت دەکەم."

سارا بە بیستنی ئەم قسەیە لەناکاو قیژەیەکی ترسناکی کرد و خۆی هاویشتە باوەشی من. دەستی خستە سەر چاوانی و هەر زوو لەو حالەدا خەوی لێ کەوت.

لە ئازەرم پرسی: "مەگەر تۆ لەژێرزەمینا ئەو بەند دەکەی؟"

ئازەر شانی هەڵتەکاند و بە پێکەنینەوە گوتی: "بەڵێ، بەو زووانە کاتێک تۆ دەچییە سەر کار، ئەو زۆر هاروهاجە و منیش دەیخەمە ژێرزەمین تا بترسێ و بێدەنگ بێ."

"ئەم منداڵە بچووکە لە ژێرزەمینی تاریکدا؟"

"بەڵێ، مەگەر چیی لێ دێ؟"

"دایکیشت ئەم شتە دەزانێ؟"

"بەڵێ."

هیچ قسەیەکی دیکەم لەگەڵی نەکرد و چوومە ئاندینەکە. دایکی حەبیب لەوێ بوو. بابەتەکەم بۆ باس کرد. ئەو بە خوێنساردی و بێزارییەوە وەڵامی دایەوە:

"ئەم منداڵە فەرشەکان پیس دەکات. دەبێ بیترسێنی تا گوێڕایەڵ بێت."

لەسەرخۆ گوتم: "ئەمە خۆ ڕێگەی ڕاست نییە. دەبێ بە ڕێی ڕاست پێی بگوترێت."

بە توورەیی سەیری ڕوخساری کردم و گوتی: "بۆ مەگەر ئەومان لە چاڵ هاویشتووە؟"

"ئەگەر بیخەنە چاڵەوە خۆ هیچی لێ نامێنێتەوە."

"ئەو قسانە چییە؟! ئێمە نابێ ئەوەی خۆشمان لە بەردەستدا بێ."

گەڕامەوە ژوورەکەم. گویم لە دەنگی ئازەر بوو: "ئۆهـ ڕەببی دایک و کچ بە یەکەوە لەناو چن."

ئینجا وەلامی دایکیم بیست: "کچەکە نا، بەڵام دایکی تەفروتوونا بێ."

بابەتەکەم لەگەڵ حەبیب باس کرد و، ئەو داوای ڕوونکردنەوەی لە دایکی کرد.

ژنە بە زیرەکییەکی تایبەتەوە وەکوو هەمیشە دەستی بە گریان کرد و گوتی: "مرۆڤ چۆن دڵی دێت منداڵێکی بچووک بخاتە ژێرزەمینەوە و بەندی بکا! مەگەر من گەمژەم کارێکی وا بکەم؟ لەوانەیە ئەم منداڵە زراوی بچێ و بمرێ. خودا ئەو کەسە نەبەخشێ کە کارێکی وا دەکات."

ئینجا سارای بە میهرەبانییەوە لەباوەش گرت و لێی پرسی: "سارا، کچم، دێی بڕۆینە ژێرزەمین یاری بکەین؟"

سارا لە خۆشییاندا چاوانی گەش بوونەوە و بەو شێوە منداڵانە بێدەسەلاتییەی وەلامی دایەوە: "بەلێ. من زۆر حەزم لە ژێرزەمینە."

ئازەر بە بیستنی ئەم قسەیە بە تەوسخەندێکەوە ڕووی لە حەبیب کرد و گوتی: "سارا زۆر حەز دەکات بچێ بۆ ژێرزەمین و لەوێ یاری بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی پلیکانەکان ترسناکن، دایکم ئەم کارەی لێ قەدەغە کردووە و ژنەکەشت بەم بابەتە ناڕەحەتە و چەند ڕۆژێکە دەماری هەموومانی گرتووە."

لەناکاو دایکی حەبیبیش هاوارێکی کورتی لێ هەستا و بوورایەوە.

هەموو لە دەوروبەری کۆبوونەوە و بە لەخۆدانەوە گوتی: "وای، بینیت چۆن قوڕمان بە سەر بوو!"



Scanned by TapScanner

کچەکان دەستیان بە گریان کرد. حەبیبیش سەری دایکی لە ئامێز گرت و گوتی: "نیگەران مەبە، دایە. هەموو شتێک بەو زووانە چاک دەبێت."

هەڵبەت ئەگەر دایکی حەبیب پێشتر بۆی باس نەکردبام کە لەکاتی شەڕکردنی لەگەڵ مێردەکەیدا بەردەوام ئەو شانۆیەی گێڕاوە، منیش بە ڕاستی باوەڕم پێ دەکرد کە بە تەواوی بێهۆش بووە. بە وردی سەیری ڕوخساریم کرد دڵی بە ئاسایی لێیدەدا و هەناسەی ئارام و سروشتی بوو، تەنیا زاری کەمێک خوار کردبوو و پێڵووەکانی بە هێواشی لێک دەجوڵاندن. کۆنترۆڵی ترپەکانیم کرد، بە ئاسایی لێیاندەدا. دایکی حەبیب بە باشی شانۆکەی خۆی دەگێڕا.

حەبیب هاواری کرد: "خێرا بانگی دکتۆر بکەن."

ئازەر گوتی: "من نیو سەعات لەمەو بەر بینیم کە دکتۆر فەرید دەچۆوە ماڵێ، ئێستا بانگی دەکەم."

بەڵام پێش ئەوەی کە ئازەر بجووڵێ ژنە بەبێ حاڵی لە شوێنی خۆی هەستا و بە ناڵەوە پرسیی: "من لەکوێم؟"

فەریبا وەڵامی دایەوە: "لە ماڵەکەی خۆتای."

"کام ماڵ؟"

"ماڵی خۆمان."

"باوەڕ ناکەم."

ئازەر بە خێرایی دەرگەی ژوورەکەی پیشاندا و گوتی: "دایە، سەیرکە ئەمە دەرگەی ژوورەکەمانە ..."

ئینجا ئاماژەی بە پەنجەرەکان کرد و بەردەوام بوو.

"ئەوانەش پەنجەرەی خۆمانن ..."

ئینجا گڵۆپەکەی کوژاندەوە و هەڵکردەوە.

"ئەمەش گڵۆپی ماڵی، ئێستا باوەڕت کرد؟"

ژنە چاوی کەمێک تەڵخ کرد و گوتی: "ئەی کوا سارا؟"

حەبیب خێرا کچەکەی لە باوەشم دەرهێنا و دای بەو. ژنە بە توندی سارای بە خۆیەوە گوشی و لەژێر لێوەوە گوتی: "کچە جوانەکەم، بێ تۆ دەمرم. خوایە بۆ خۆت لە هەموو کەس باشتر دەزانی کە من ئەوم لە هەموو کەس خۆشتر دەوێت."

هەموویان بەم دیمەنە کەوتنە گریان. منیش بە ڕاستی کاری تێ کردم و فرمێسکم هاتنە خوار."

حەبیب لە کاتێکدا خەریکی هەڕەشەکردن بوو، بە تووڕەییەوە گوتی: "ئەی ژنەتیوەی فێڵبازی درۆزن، خەریک بوو دایکم بکوژی. لە کۆتاییدا چارت دەکەم."

سەعاتێک دواتر هاتمە حەوشە و لەپشت ئەو پەنجەرە بچووکەی لە کۆتاییی ژێرزەمینەکەوە بوو، سەیرێکی خوارەوەم کرد تا بزانم چ باسە. لەوێ بەچکە پشیلەیەکی بچووکم بینی کە لە ڕۆخی پەنجەرەکەدا دانیشتبوو. بەچکە پشیلەکە بە بینینی من چنگی بە شووشەکەدا کێشا و دەستی بە میاواندن کرد. لەسەر زەویەکە پارچە پەڕۆیەک ڕاخرابوو هەندێ لە یارییەکانی سارا بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لەسەری ڕازێندرابوونەوە. بەو شێوەیەی کە خێزانی حەبیبم دەناسی، هەستم بەو پیلانە کرد کە کێشابوویان. بە حوکمی ئەو پەیوەندییەی کە منداڵان بەرانبەر ئاژەڵان هەیانە، پشیلەیەکی بچووکیان خستبووە ژێرزەمینەکە و هەندێ لە یارییەکانیشیان لەوێ دانابوون تا ئەگەر لەبەردەم حەبیبدا



Scanned by TapScanner

پرسیاریان لە سارا کرد سەبارەت بە ژێرزەمین، کچەکەم ڕووی خۆش پیشانبدات. بە ڕاستی کە لەم کارەشدا سەرکەوتوو بوون. چەند خولەکێک مات و مەلوول سەیری ئەو دیمەنەم کرد و لە بەر خۆمەوە گوتم: "بە ڕاستی خەڵکێکی زیرەکن. شەیتانیش بیری بۆ ئەو شتانە ناچێ."

هەندێک جار تاوانباران بێتاوان و، بێتاوانان تاوانبار دەردەخەن. لەوەتەی دنیا هەیە هەر وا بووە و هەر وایش دەبێت. منیش دوچاری ئەم بەڵایە بوومەوە.

سەعات پێنجی دوای‌نیوەڕۆ بوو کە فەرزانە بە سەرسووڕماوییەوە هاتەوە ماڵێ. کەسێک لە نەخۆشیی دایکی ئاگاداری کردبووەوە. دایک و کچ ماوەیەکی زۆر یەکتریان لەباوەش گرت و بە دەنگی بەرز دەستیان بە گریان کرد. فەرزانە پرسیی: "دایە، تەندروستیت چۆنە؟"

"تۆزێک باشترم."

"بڵێ بزانم لەم ماڵەدا چ بەڵایەکیان بەسەر هێناوی؟"

"چی بڵێم کچم؟"

"ئەوانەیە جەلدەیەکی بچووک لێی دابێ. بە دڵنیاییەوە بچۆ کن دکتۆر."

"هێندەی نەمابوو منداڵەکانم هەتیو بن."

"دەبێ بیر لە خۆت بکەیەوە، دەنا ئەم ژیانە هیچ سوودی نییە."

ئینجا دەستی یەکتریان گرت و چوونە ئاشپەزخانەکە. فەرزانە لە کاتێکدا بە بەردەم مندا تێدەپەڕی، لەژێر لێوەوە بە تووڕەییەوە گوتی: "ئەی سەگ و سەگباب، چارت دەکەم."

بەبێ کاردانەوە لەسەر ئەوەی کە بیستبووم چوومە ژوورەکەم و لەگەڵ کچەکەمدا سەرقاڵ بووین. ژوورەکەی من بە شێوەیەک بوو کە ئەگەر کەسێک لە ناندین یان ژووری ئازەر قسەی کردبا، بە ئاسانی گوێم لە قسەکان دەبوو. لەگەڵ ئەوەی کە خووم وا نەبوو گوێ هەڵبخەم، بەڵام قسەی ئەوانم دەبیست. دایکی بە دەنگێکی بەرز پێکەنی و گوتی: "ببینیت چ بەڵایەکم بەسەر هێنا."

"حەقیەتی. بەڵام نەتگوت چی بووە."

"لەم ماوەیەدا ئەم منداڵە لەسەر فەرشەکان میزی دەکرد و، ئازەریش چەند جارێک لە ژێرزەمینەکەدا بەندی کرد. جا دەڵێی ئەم ژنەتیوە بە مەسەلەکەی زانیوە و دەیویست ڕەخنە لە کارەکەی من بگرێ؟"

"لە کاری تۆ؟"

"بەڵێ."

"دواتر چی بوو؟"

"هیچ، خۆم بووراندەوە."

"حەبیب باوەڕی کرد؟"

"مەگەر براکەت ناناسی، زۆر لەوە گێلترە کە بیری لێ دەکەیەوە."

"گوتی چی؟"

"بەڵێنی پێ داوم کە تەڵاقی بدا."

"بەڵام دایە ئەو خۆشەویستی و پەیوەندیەی کە ئەو ژنە بۆ منداڵەکەی هەیەتی، دەبێ کارێک بکەی لە منداڵەکەی جیا بێتەوە."

"نازانی چ حاڵێکی هەیە کاتێک لەبەر منداڵەکەی بێتە بەردەرگا و فرمێسک برێژێ و حەبیبیش جنێوی پێ بدا!"

"یانی ئەو ڕۆژە دێ؟"

"نیگەران مەبە، حەتمەن دێ."

"نازانم چ شتێک لە دەروونی ئەو ژنەدایە کە من بەردەوام ئیرەیی پێ دەبەم."

"هەموومان هەر واین."

"دەبێ کارێک بکەین بە خەفەت بیکوژین"

"تەنیا دەبێ ئامۆژگاریی ئازەر بکرێت کە لە منداڵەکە نەدات تا خوو بە ئێمەوە بگرێت. قبووڵی بکە کە ئازەر هەڵسوکەوتی باش لەگەڵ ئەم منداڵە ناکا."

"باشە، جێبەجێکردنی ئەم کارە لە ئەستۆی من."

بە تەواوی بۆم دەرکەوت کە چ پیلانێکی پیسیان بۆ من لە سەردا بووە. ئەوان دەستیان خستبووە سەر خاڵی لاوازی من. ئاشکرایە کە ئەوینی دایکایەتی خاڵی لاواز نییە. ئەوینێکی بەم شێوە پاک و قووڵە دەتوانێت مرۆڤ وەکوو فریشتەیەک بەرز بکاتەوە. بەڵام چۆن‌چۆنی کەسانی دی دەتوانن لەڕێی نەرێنییەوە بچنە ناوی و ئەم ئەوینە لە دڵی دایکێکدا پیس بکەن؟

لەو ڕۆژە بەدواوە بە تەواوی ئاگام لە خۆم بوو تا نەتوانن خاڵێکم لەسەر بگرن و بۆشایی بخەنە نێوان من و منداڵەکەمەوە.

# ١٠

سەرەتای مانگی پێنج بوو، کچەکان خۆیان بۆ میوانداریییەکی گەورە ئامادە دەکرد. بەو بارودۆخە لە دڵمدا کەمێک هەستم بە ئارامی کرد و زۆر خۆشحاڵ بووم. چون بۆ ماوەیەک ئەوان سەرقاڵی خۆیان دەبوون و لە من بێئاگا دەبوون.

فەریبا لە ڕۆژی ئاهەنگەکەدا هاتە ژوورەکەم و داوای لێ کردم ئەو دەستبەندەی لە سەرەتای هاوسەرگیرییەوە بە دیاری وەرم گرتبوو، پێی بدەم. لە وەڵامدا گوتم: "کاتی لەدایکبوونی سارا لەبەر ئەوەی هیچم نەبووە دیارییەکی بۆ بکڕم، دەستبەندەکەم فرۆشت و لەجیاتی ئەو، ملوانکەیەکی بچووکم بۆ ئەو پێ کڕی."

بە نیگایەکی شەیتانیانەوە سەیری کردم و بە تووڕەیییەوە گوتی: "یانی ئا وا؟!"

سوێندم بۆ خوارد کە بە ڕاستمە، بەڵام بە ناحەزییەوە شانەکانی هەڵتەکاندن و گوتی: "ئەم بابەتە پەیوەندیی بە منەوە نییە."



Scanned by TapScanner

ئینجا بە نارەحەتییەوە لە ژوور چووە دەرێ و بە توونـدی دەرگەی داخست. دەمزانی دڵگرانیی ئەو کارەساتێکی گەورە دەخولقێنێت. ترسم لێ نیشتبوو. لە خۆوە ترس و دڵەڕاوکێ سەرتاپای بوونمی داگرتبوو. بە خێرایی لە ژوور چوومە دەرێ تا پێی بڵێم بابەتەکە باس نەکات. لە حەوشەدا فەریبا و دایکی لە کەنار باخچەکەدا زۆر بە هێمنی سەرقاڵی گفتوگۆ بوون. بۆ ساتێک خستمنە ژێر چاودێرییەوە. لە ڕوخساری فەریبا ڕامام. بە گەرموگوڕییەوە سەرقاڵی قسەکردن بوو. هەر کە زانیی چاوم لێیانە، خێرا زنجیرەی قسانی بڕی. دایکیشی ناچار بوو بێدەنگ بێت، بەڵام بە هەڵسوکەوتیاندا زانیم کە بابەتەکەی بۆ دایکی باس کردووە.

ئیدی کارەکە لەدەست چووبوو و ئەوەی کە نەدەبوو ڕوو بدات، ڕووی دابوو.

لەو کاتەوەی پێم خستبووە ئەو ماڵەوە بە تەواوی هەستم کردبوو کە جێی ئیرەییی ئەوانم و ئەوەی کە بووبووە هۆی ئیرەییان دەروونی پاک و بێگەردی من بوو.

لەگەڵ ئەوەی هەموو ئەو ماوەیە ڕووبەڕووی فێڵ و درۆ بووبوومەوە، بەڵام هەرگیز ڕێم بە خۆم نەدەدا خووی ئەوان بگرم و بکەومە فرتوفێڵ. هەر ئەوەیش هۆکاری ڕووخانی من بوو. با ئەوەیش بڵێین کە بەو بابەتە ڕازی بووم و خۆم بە براوە دەهاتە بەرچاو، چونکە بیرکردنەوەی پیس و نامرۆڤانەی ئەوان نەیتوانیبوو کار لە من بکات. وەک درەختێکی پێگەیشتوو و کامڵ وا بووم و هیچ شتێک نەیدەتوانی بمگۆڕێت. کەسایەتیی متمانەبەخۆی من بووبووە هۆی ئیرەیی و نەخۆشیی دەروونیی

ئەوان کە بە بێهـــوودەییەوە هەوڵیـــان دەدا ئەم نەخۆشـــییەیان داپۆشن.

ژیانی من سادە و ساکار بوو، بەڵام کچەکان و دایکیان هەموو ڕۆژ هەوڵیـــان دەدا بە لەبەرکردنـــی جلـــوبەرگی گرانبـــایی و هەڵواسینی خشڵ و گەوهەر بە خۆیاندا ببنە هۆی سووککردنی من. بەڵام هەر زوو خۆیشیان درکیان بەوە کرد کە نیشانەکەیان نەپێکاوە و لە ژیاندا هەندێک شت هەن کە ئەوان لە تێگەیشتنیان بێبەری بوون و مەحاڵ بوو دەستیان پێیان ڕابگات. جا ئەوان کۆتا ڕێگەچارەیان لە دوژمنایەتیی مندا دەبینیەوە و بڕیاریان دابوو یان من لەناو بەرن، یان بە لایەنی کەمەوە لەسەر ڕێگەی خۆیان دوورم بخەنەوە. ئیدی بۆ بەدبەختی کلیلی ژیانی منیش کەوتبووە دەستی پیاوی ئەو کۆمەڵەیە کە لە هەموو قۆناغەکاندا یارمەتیی دەدان.

لای ئێوارەوە فسکەفسک و چرپەچرپ دەستی پێ کرد. زووزوو دایک و کچەکان لە ژوورێک کۆ دەبوونەوە و دانیشتنیان ساز دەکرد. منیش کەوتبوومە ژووری خۆمەوە و بیرم لە داهاتووی نادیاری خۆم دەکردەوە کە چاوەڕێم بوو.

قسە و قسەڵۆک وەکوو قامچی وان کە بەر جەستە و ڕۆحی مرۆڤ دەکەون و ساڵانێکی زۆری دەوێت تا مرۆڤ لە دەستیان ڕزگاری دەبێت. ئەو شتەی مرۆڤ بەرەو لەناوچوون دەبات، ڤایرۆس نییە. ڤایرۆس تەنیا هێرش دەکاتە سەر جەستەی مرۆڤ، لە کاتێکدا پیاکێشانی ڕۆح، سەرەتا ڕۆح و دواتر جەستەی مرۆڤ تێک دەشکێنن.

دایکی حەبیب کە زانیی نیگەران بووم و کەوتوومەتە دۆخێکی دەروونییەوە، لەپشت دەرگەوە بە دەنگی بەرز گوتی: "فێڵبازی

ناجسن، خۆت وەک مەڕەمردووان لێ دەکەی؟ دەبێ بزانی لەگەڵ کێ تێکەوتووی."

کاتێک حەبیب هاتەوە ماڵێ، دایک و کچەکان سارایان بۆ لای خۆیان برد. ئازەر سارای خستە سەر پشتی خۆی و بە چوار پەلەوە لەمسەری ژوور بۆ ئەوسەری ژووری دەهێنا و دەبرد. فەریبا بە پێکەنینەوە دەیگوت: "سارا، کەری چاکت دەست کەوتووە! توندتر لێی دە تا چاک بڕوا."

من لە ژووری خۆمەوە دەنگی سارام دەبیست بە کەیفسازییەوە سەرقاڵی یاریکردن بوو.

یاریی ئەوان دوو سەعاتی خایاند. لای شەوێ سارا دڵی لەوان نەدەبووەوە. دایکی حەبیب بە کوڕەکەی گوت:

"سارا حەز ناکا بچێتە لای دایکی و بەردەوام پێی خۆشە لەگەڵ خوشکەکەت بێ. سەیر کە، تەنانەت کاتی نووستنیش دەستی لەو بەر نابێ."

مێردەکەشم کە پیاوێکی بێدەسەڵات و بێویست و ڕووکەشبین بوو، قاقای لێدا و گوتی:

"بەڵێ دایە، ڕاست دەکەی."

نیوەشەوێ سارا لەتەنیشتم نووستبوو کە حەبیبم بەسەر سەرمەوە دیت. کچەکەم خستە باوەشم کە لەناکاو حەبیب زیندەوەرێکی ڕەشی بە ڕوخساریدا دام. لە ترسان هاوارم کرد و بە خێرایی گڵۆپەکەم هەڵکرد. لە سەر زەوییەکە جاڵجاڵۆکەیەکی پلاستیکیی ڕەش کەوتبوو. سارا لە خەو ڕاپەڕی و دەستی بە گریان کرد. پرسیم: "بۆچی وات کرد؟"

وەڵامی نەدایەوە.

"گاڵتەی بێمانا! خەریک بوو ئەو منداڵە زراوی بچی."

"منیش هەر ئەوەم دەوی."

"بۆچی؟"

"لەبەر دەسبەند. چیت لە دەسبەندەکە کردووە؟"

بە بێ کەم و کورتی ڕاستییەکەم بۆ باس کرد و لە کۆتاییدا گوتم: "ئەو کات بە تەواوی هەڵسوکەوت و خووی تۆم نەدەناسی، دەنا ئەم کارەم نەدەکرد. بەڵێن دەدەم کە ئیدی بەبێ مۆڵەتی تۆ هیچ کارێک نەکەم."

بە بێزارییەوە گوتی: "کاتی ئەوە هاتووە لێک جیا ببینەوە. بەیانی لەم ماڵە دەڕۆی تا یەکلایی دەبێتەوە."

بە هێمنی گوتم: "کەمێک بیر بکەوە. هەندێ جار خراپکردنیش وەک دروستکردن بۆ مرۆڤ بە سەختی تەواو دەبێ."

"لەوانەیە بۆ تۆ بەڵێ، بەڵام بۆ من نا."

"ئەم منداڵە زۆر بچووکە و پێویستی بە دایکە."

"هیچ پێویستی بە دایکێکی وەکوو تۆ نییە. چما ئێوارە کوێر بووی و نەتدی کە حەزی لێ نەبوو بێتە کن تۆ."

"حەبیب واقعبینتر بە. ئەم ساتانەی کۆتایی هەڵتەخەڵەتێن. لەوانەیە سارا ماوەیەکی زۆریش لەلای خێزانەکەی تۆ بمێنێتەوە. بەڵام لە کۆتاییدا ئەو پێویستی بە دایکە. ئەگەر بیر لە منیش ناکەیەوە، بیر لە سارا بکەوە."

"من ئەو قسانەم بە گوێدا ناچن. بەیانی لەم ماڵە دەچییە دەری."

بەیانی کەلوپەلە تایبەتییەکانم لە مشەمایەکی بچووکدا کۆکردنەوە.



Scanned by TapScanner

خواحافیزی لە کچەکەم و جیابوونەوە لێی بۆم سەخت بوو. لە کۆتا ساتدا بە پاڕانەوەوە بە حەبیبم گوت: "وەکوو دایکێک مافی ئەوەم هەیە کچەکەم ببینم."

"ئەگەر مەبەستت ئەوەیە نیوەی منداڵ هی منە و نیوەکەی دیکە هی تۆ، هیچ قسەیەکم نییە. حەز دەکەی لەتی دەکەین و بەشەکەی تۆ دەدەمە دەستت."

ئەگەر لە ڕووی دەروونییەوە نەخۆش نەبا، لەوانەیە هیچ کات ئەم قسانەی نەکردبان. دیمەنی دایک و کچەکان بە ڕاستی شایەنی سەیرکردن بوو. لە خۆشییان لە پێستی خۆیاندا جێیان نەدەبووەوە، بە تایبەت کچەکان کە بە باشی ڕوخساریان گەش بوو و هەستم کرد کە ئەوان بە هەموو ئیرەیی و خۆبەگەورەزانینیانەوە جگە لە بەزەییپێداهاتنەوە شایانی هیچی تر نین. هەڵبەت دەبێ ئەمە پەسەند بکەین کە هەموو مرۆڤێک لەسەرەتادا بە بیرۆکەی خراپ و ناخۆش و ڕۆحی تێکشکاوەوە پێ ناخاتە سەر ئەم دنیایە. ژینگە و دەوروبەری کەسەکە تاک بەرهەم دەهێنن. ئەوان لە ژینگەیەکی نەگونجاو و پەروەردەیەکی هەڵەدا گەورە بووبوون و لەو نێوەدا ئەوەی لە هەموویان زیاتر پێویست بوو سەرزەنشت بکرێت، دایکیان بوو. ئەو کەسێک بوو خووی بە درۆوە گرتبوو و هەر دەمەو خۆی بە ڕوویەک پیشان دەدا. ئەم کەسەیش بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت ڕاهێنەرێکی باش بێت و هەر لەبەر ئەوەش بوو کە بەداخ بووم بۆ حەبیب و کچەکان و لە بەر خۆمەوە دەمگوت بە بوونی ڕاهێنەرێکی ئا وا نابێت چاوەڕوانییەکی زیاتریان لێ بکرێت.

لەو بیرکردنەوانەدا بووم کە دایکی حەبیب ڕشتەی بیرکردنەوەکانمی پچڕاند: "مەگەر ناتەوێ لێرە بڕۆی؟"

"بۆ نا. بەڵام ڕێگە بدەن خواحافیزی لە کچەکەم بکەم."

"خێرا کە."

بە هێمنـی لە جـێخەوەکەی ســارا نزیـک بـوومەوە. کـچەکەم لە خەودابوو و بە شێوەیەکی بێگوناهانە دەستی وەکوو خاچ لەسـەر سنگی کێشابوو. لە ڕوخسارییەوە ڕامام و تەوێڵیم مـاچ کرد. بە ئـارامی و ئاسـوودەیی خەوی لـێ کەوتبـوو. گـوێم لە دەنگـی هەناسەکانی دەبوو. بەبێ ئەوەی بزانێت لە دەرەوەی ئەم دنیایەدا چـی ڕوو دەدات و چـی دەگوزەرێـت. دەسـتەکانیم مـاچ کـردن. فرمێسکم ڕانەگرتن. قورسترین ساتی ژیانم بوو. دایکی حەبیب بەو قیـافە پاتـاڵەوە بە بلـوزێکی ڕەشـی تـۆڕدار و دامەنێکـی تەسکوتروسکەوە هـاتە پێشـێ. بـۆنێکی قورسـی لە خـۆی دابـوو. دەنگی ڕقاوی بوو: "مەگەر دەتەوێ منداڵەکە خەوی بزڕێ؟ ئەگەر قیافەی تۆ لەم بارودۆخەدا ببینێ حەتمەن دەترسێ. خێرا بڕۆ تا خەبەری نەبۆتەوە."

حەبیب بە بیسـتنی دەنگی دایکی بە دەنگێکی بەرز و نـزمەوە لە ژووری تەنیشـتمانەوە هـاواری کـرد: "بـۆچی لەکۆڵمـان نـابیەوە؟ دەتەوێ بێم فڕێت دەمە دەرێ؟"

شێوازی قسەکردنەکەی وەکوو خەنجەرێک دڵی لەت کردم. لە بەر خۆمەوە گوتم ئەوانە زۆر لەوە بێئابڕووترن کە بتوانی بە بێدەنگی بەجێیان بێڵی.

لە ڕێـگەدا دایکـی بە ساردوسـڕییەوە گـوتی: "بـاوەڕکە ئـێمە بێتـاوانین، حەبیـب خـۆی بە تەنـێ بەم شـێوەیە بڕیـاری داوە. بەرانبەر ئێمە ڕق لە دڵ نەگری."



Scanned by TapScanner

بە هێمنییەوە وەڵامم دایەوە: "ئەفرەت لەو قیافە شەیتانییە. من باوەڕم بە خودا هەیە و پەنا بۆ شەیتان نابەم."

قسەکەی من ڕوخساریی تێک دا. لەناکاو سوور هەڵگەڕا، بەڵام هەوڵی دا قیافەیەکی مافدارانە بە خۆوە بگرێت: "تۆ هەمیشە ئیرەییت بە کچەکانم دەبرد."

"بۆچی دەبێ ئیرەییان پێ ببەم؟"

"چونکە ئەوان هەم جوان و هەم ڕێکپۆشن."

"لەوانەیە بەو شێوەیە بن، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی من ئیرەییان پێ ببەم. جیا لەوەش، من هیچ کات ڕوخساری مرۆڤم بەلاوە گرنگ نەبووە. ئەوەی کە بۆ من گرنگە، مرۆڤایەتی و شەرەفی ئینسانە."

"بەڵام من بەباشی دەمدیت کە هەر کاتێک ئەم بەستەزمانانە شتێکی نوێیان لەبەر دەکرد، تۆ چۆن بە حەسرەتەوە سەیرت دەکردن."

پێکەنیم و گوتم: "مرۆڤ بە دوو مەتر قوماشەوە زۆر بە ئاسانی دەتوانێ ڕووی خۆی بگۆڕێت، بەڵام مەگەر هەر وا بە ئاسانیش دەتوانێ خووڕەوشتی بگۆڕێ؟ من ئەگەر لە ژیاندا ئیرەییم بە کەسێک بردبێ، بەوانە بووە کە لە زانست و مرۆڤایەتیدا بەرەو پێشەوە چوونە. هیچ کات ڕووکەشی ئەم دنیایە نەیتوانیوە من لەخشتە بەرێ."

ڕوخساری ژنە وەک گەچ سپی هەڵگەڕابوو. لەوانەیە ئەگەر لە قسەکانم بەردەوام بووبام، لەهۆش خۆی چووبا و کەوتبایە سەر زەوی. حەبیب کە تەواوی قسەکانی ئێمەی بیستبوو، لە ژوور هاتەدەرێ و گوتی: "دەتەوێ بزانی کێشەی تۆ لەکوێدایە؟"

"بەڵێ."

"گەورەترین کێشەی تۆ ئەوەیە کە درۆزنی. لەو میراتە زۆرەی کە بۆت بەجێ مابوو، تەنیا کەمێکت دا بە من."

"ئەسپی پێشکەشی، خۆت باش دەزانی، ناکرێ تەماشای دەم و ددانی."

"هەمیشە ویستووتە جیاوازی بخەیتە نێوان من و خوشکەکانمەوە."

"بەڵام ئەوە تۆی کچەکەم لێ دەکەی."

"با بە تەواوی تامی شکست بچێژی."

"دڵنیا بە تۆش زەرەر دەکەی."

"بەڵام من پیاوم."

"پیاوێکی باشی؟"

"خراپەی چیم هەیە؟"

"ئەسڵەن تا ئێستا بچووکترین خۆشەویستیت بۆ ژن و منداڵەکەت پیشانداوە؟ لەبیرتە قرانێکت بۆ ماڵ و منداڵت خەرج کردبێت؟"

"ئەگەر ویستبام خەرجی بکەم، خۆ ژنێکی فەرمانبەرم نەدەهێنا."

"کەواتە تۆ هیچ شتێک لەسەر ژیانی هاوبەش نازانی."

شانی هەڵتەکاندن و گوتی: "بزانم یا نەزانم، ئێستا من براوەم."

"دەبێ کۆتاییی ڕێگەکە ببینی."

"ئەگەر هێشتم تا کۆتاییی تەمەنت منداڵەکەت ببینی، هەرچی حەزت کرد بیڵێ."



Scanned by TapScanner

"ئەوەیان لە من بیبیستە کە من هیچ کات ستەم قبووڵ ناکەم و تا دەمرم دژی ستەم دەوەستمەوە."

"ئەی بۆچی لەم ماڵەدا خۆت بێدەنگ کردبوو و دەنگت لێوە نەدەهات؟"

"چونکە لە ژیانی ژنومێردایەتیدا هیچ شتێک بە ناوی ستەم و نادادپەروەرییەوە نییە. ئەگەر جیاوازییەک هەیە، دەبێت یەکێک چاوپۆشیی لێ بکات."

دایکی کە لە خۆشییان لە پێستی خۆیدا جێی نەدەبووە، گوتی:

"ئێمە تاقەتی چەلەحانێمان نییە. تا زووە برۆ دەری."

کۆمەڵێ زنجیری پتەو منیان بەو ماڵەوە بەستبووەوە و بە ئاسانی نەمدەتوانی بەجێی بێڵم. بە هەنگاوی لەسەرخۆ بەرەو کەوتم. کاتێک پێم لە ماڵەکە خستە دەرەوە، دایک بە توندی دەرگەی لەپشتمەوە داخست.

شەقام بێدەنگ و چۆڵ بوو و هەتاو ڕێک بەر زەوی دەکەوت. قیری جادەکە لە گەرماندا نەرم و کشاو دەهاتە بەرچاو. هەوای گەرم و تاقەتپڕووکێن لە ئاهووتەدا بڵاو بووبووەوە. باڵندەیەکت نەدەدی بفڕێت. نسێیەکیش لەو دەوروبەرە بەرچاو نەدەکەوت تا بچمە ژێریەوە.

تەواوی یادگاریی خەمگینی ڕابردووم لێ نوێبوونەوە و زەینمیان داگیر کردبوو.

دەنگی گریانی کچەکەمم بیست کە ئازەر هێنابوویە حەوشە و لە باخچەدا پیاسەی پێ دەکرد. دڵم خورپەیەکی کرد و لە خۆوە لەسەر زەوی دانیشتم. نێوان من و ئەو تەنیا دیوارێکی کەم و دەرگەیەکی ئاسنینی ڕەنگ شیری بوو، بەڵام پێم وا بوو مەگەر

بمرم، دەنا هەر چاوم بە کچەکەم ناکەوێت. حەزم دەکرد چاوەکانم دابخەم و وەختێک بیانکەمەوە کە لە هەمان ژووره بچووک و شێدارەکەدا خۆم لەلای کچە بچووکەکەمدا ببینمەوە و دەستە بچووکەکانی بخەمە ناو دەستم. گیانم بۆ دیداری باڵەفرکەی بوو. پێم وا بوو جگە لەو ماڵە لە هیچ ماڵێکی دنیادا ئاسوودە و خۆشبەخت نابم. لەو کاتەدا ئەوێ بۆم لە بەهەشتیش خۆشتر بوو. کچە بچووکەکەم، ئازیزترین بوونەوەر کە لەم دنیایەدا دەمناسی و خۆشم دەویست و بە ئەوینی ئەوەوە زیندوو بووم، ئێستا دەبوو بە ویستی مرۆڤێکی نەزان و گەمژە لە من دوور بێت.

لە دنیایەکدا کە نە سەرەتا و نە کۆتاییەکەی زانراو و دیاریکراوە، نازانین بۆچی دێین و بۆ دەڕۆین. ڕۆژگارە زووتێپەڕەکانی تەمەن وەکوو بلقی سەر ئاون. شایەنی هەڵوەستەکردنە کە ئەم هەموو ستەم و نامیهرەبانییەمان لەبەرانبەر یەکتردا هەیە. میهرەبانبوون زیان بە مرۆڤ ناگەیەنێت و بە پێچەوانەوە دڵی خەڵکی بە ئەوین و خۆشەویستییەوە ڕووناک دەکاتەوە. کە وایە بۆچی ئەو شتەی زەرەرمان پێ ناگەیەنێت و لەبەرنبەردا دەبێتە هۆی شادی، چاوپۆشیی لێ بکەین؟

لە بەر خۆمەوە بیرم دەکردەوە کاتێک پێم خستە ئەم ماڵە هەزاران ئارەزووم لە دڵدا بوو. بۆ داهاتووم شاد و بەدەماخ بووم و هەرگیز پێم وا نەبوو کە چارەنووسێکی لەو شێوەیە لەبەردەممدا بێت. ئێستاش کە لەوێ دەڕۆیشتم، دڵم سەدان خەنجەری ژەهراویی بەر کەوتبوو. ژیانیان وێران کردبووم. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بەرانبەریان ڕقلەدڵ نەبووم.

خۆم لەلایەکی تەرازوو و، حەبیب و خێزنەکەیم لەلایەکی دیکەیدا دانان. ئەو دەرد و مەینەتییانەی لە ماوەی چەندین ساڵدا دوچاری مـن بووبـوون، نەدەتـوانرا وەسـف بکرێـت و مـن لەبەرانـبەر سەختیەکاندا تەنیا بەرگەم گرت و لەڕادەبەدەر خۆڕاگر بووم. بە تێپەڕینـی ژیـانی ڕابـردووم گەیشـتمە ئەو ئەنجـامەی کە نابێـت شکستم پەسەند بێت و بە ئاسانی گۆڕەپانەکە چۆڵ بکەم.

دەنگی گریانی کچەکەم ئچڕابوو، کەمێک هێور بوومەوە. بۆ کۆتا جـار سـەیرێکی نـاوەوەی بینـاکەم کـرد تـا بەڵکـو لە دوورەوە کچەکەم ببینم، بەڵام هەوڵەکەم بێسوود بوو. بە هەنگاوی سست و لەرزۆکەوە، لە حاڵێکدا کە چەند جارێک بەرەو دواوە دەگەڕامەوە، وردەوردە لەوێ دوور کەوتمەوە.

کاتێـک لە یەکەم پێچـی کـۆڵان تێـپەڕیم و چـوومە سـەر ڕێگـای سـەرەکی، بینـاکە بە تەواوی لە بەرچـاوم ون بـوو و هەسـتم بە کارەسـاتێکی گەورە کـرد. لە خـۆوە فرمێسـکەکانم وەکـوو لافـاو هاتنە خوارێ. بەو کورتەڕێیە هێندە دڵم بۆ کچەکەم تەنگ بووبوو، دەتگوت چەندین ساڵە لێی دوورم و جیا بوومەتەوە.

چەنـدین سـەعات بەبێ ئەوەی ئامـانجێکی دیاریکراوم هەبێت لەو دەوروبەرە دەسـووڕامەوە. حـاڵی باڵنـدەیەکم هەبـوو کە لافـاو مـاڵەکەی وێـران کردبێـت و بە نائومێـدییەوە لە دەوروبەری لانە وێرانەکەی خۆیـدا کەوتبێـتە فـڕین. تـا نیـوەڕۆ بەبێ ئامـانجێکی دیـاریکراو ئەمـبەر و ئەوبەرم کـرد. خـۆر لەناوەڕاسـتی ئاسـمان گەرمای سووتێنەری خۆی لە زەوی دەدا. پێست و سەروسەکوتم کە چەنـدین سـەعاتی بەردەوام لەبەرانـبەر تینی خـۆردا بـوون، لە سووتان بەردەوامدا بوون. لە کۆتاییدا لە کۆڵانێکی بنبەستدا لەژێر درەختێکدا پەنام گرت.

لەپشت پەنجەرەیەکی نیوەکراوەی بەرانبەرمدا لەسەر چوارپایەک کچێکی بچووک دانیشتبوو. کچە کە هاوتەمەنی کچەکەم بوو، بووکەڵەیەکی گەورەی لەسەر ئەژنۆکانی دانابوو. قژە نەرم و خاوەکەی ئەوی دادەهێنا. لە ژوورەکەدا ژنێکی گەنج و دڵخۆش لە قاپێکی گەورەدا سەرقاڵی دەرهێنانی خواردنێک بوو. بە حەسرەتەوە چاوم لەو کچە بڕیبوو. لەپشت ئەو پەنجەرەیەی کە پەردەکانی لا درابوون، خۆشبەختیم لەوماڵەدا دەبینی. ژنە کە تا ڕادەیەک لە پەنجەرەکەوە دوور بوو، بە بینینی من هاتە پێش و پرسیی: "کارێکتان هەبوو؟"

بە تەتەڵە و پەتەڵەوە گوتم: "من کچێکی بچووکم هەیە کە زۆر بە کچەکەی ئێوە دەچێ، خەریک بووم سەیری ئەوم دەکرد."

ژنە بە تووڕەیی ناوچاوانی تێک نا و بە توندی پەردەکانی دادایەوە و خێرا پەنجەرەکەی داخست.

بە شەرمەزارییەوە ئەوێم بەجێ هێشت.

بۆ ساتێک کەوتمەوە بیری کۆبوونەوەی گەرمی خێزانەکەی خۆمان. ڕوخساری بابم هاتە پێشچاو و بۆ دیداری ئەو بەرەو گۆڕستان چووم.

# ١١

لەو هەوا گەرم و هەڵمگرتووەدا شەپۆلێک لە خەڵکی بەرەو گۆڕستان بەڕێوە بوون. ئەوێم وەکوو دنیای زیندووان دەهاتە بەرچاو، پڕ شکۆ و ئارام و نادیدە. ئەوانەی بۆ نوێکردنەوەی دیدار لەگەڵ ئازیزانی بێدەنگ و شاردراوە لە خاکدا پێیان نابووە ئەو شوێنە، بە هەموو ئەو خەم و دڵتەنگییەی دڵیانی داگیر کردبوو، لە کاتی بەریەککەوتنیان بە یەکتر هەڵسوکەوتی میهرەبان و خۆشەویستییان هەبوو. لە ڕوخساری تەواوی ئەو کەسانەی بەنێوان بەردی گەورە و نیشانەکراودا هەنگاویان دەنا، هەستت بە بەزەیی و دڵسۆزییەکی تایبەت دەکرد. لە دڵەوە ئاواتەخواز بووم کە خۆزگە منیش پەیوەندیم بەو جیهانەوە دەبوو بە دنیای مردووانەوە. ئەوان کە ئارام و بێهەست بوون بەرانبەر بە خەم و پەژارەی ئەم دنیایە، لەنێو توێکڵی ئەم خاکە سەخت و دژاوارەدا جێیان گرتبوو، ناچار نەبوون بەرگەی ستەم و نامیهرەبانیی هاوجۆرەکانی خۆیان بگرن.

لەبەرانبەر گڵکۆی بابمدا کەوتمە سەر ئەژنۆ و گۆڕەکەیم ماچ کرد. لەگەڵ ئەوەی کۆمایەکی گەورەی گڵ لێکی جیا دەکردینەوە، بەڵام لەڕادەبەدەر هەستم دەکرد لە خۆم نزیکە، دەتگوت لەتەنیشت یەکدیدا دانیشتبووین و وتوویژمان لەگەڵ یەکتر دەکرد. لەبەر ئەوەی لەوێ هەر کەسە و لە دنیای خۆیدا بوو و کەس کاری بە کەسەوە نەبوو، بە دەنگی بەرز لەگەڵی دەستم بە قسە کرد: "بابە، لە من بێئاگای؟ باشە و خێر و میهرەبانیت فێر کردم، بەڵام هیچ کات نەتگوت لەگەڵ مرۆڤی دڕندە و بێڕەحمدا چی بکەم و چ ڕێیەک بگرمە بەر."

فرمێسکەکانم وەکوو بارانی پاییزی دەهاتنە خوارێ. گڵی نەرم و تۆزاوییان تەڕ دەکرد و دەیشۆردنەوە.

لەناکاو هەستم بە دەستی میهرەبانیی ژنێک لەسەر شانم کرد کە لەسەرخۆ شانمی دەجووڵاند. هێواش ئاوڕم دایەوە، ژنێکی بەساڵاچووم لەبەرانبەر خۆم بینی کە ڕوخساری میهرەبان و دڵسۆز و کەمێک خەمگین دەهاتە بەرچاو، ژنە گوتی: "چەندین سەعاتە لێرەی و دەگریەی، بۆچی؟"

گریان ڕێی پێ نەدام تا وەڵامی بدەمەوە. ژنە بە پەرۆشەوە گوتی: "کچم، ژیان ئەمەیە. چ ئەوانەی پێش ئێمە هەبوونە، چ ئەوانەی ئێستا هەن و چ ئەوانەی دوای ئێمە دێن، هیچیان لە خەم و پەژارە بەدوور نین. ژیان هەمووی بەختەوەری نییە. وەک چۆن هەمووان لەبەرانبەر مردندا یەکسانن، لەبەرانبەر ئێش و ئازاریش وەک یەکن. ئەم یاسایە هەژار و دەوڵەمەند ناناسێ. ئێستا ئەوەی کە زیاتر بەرگە دەگرێ، براوەترە. خودا بەندەکانی تاقی دەکاتەوە تا بزانێ ئەوان لەبەرانبەر ویستی خوادا چ کاردانەوەیەکیان دەبێت؟ ئەوەی لە هەمووان ئارامگرترە، لای خودا ئازیزترە."



Scanned by TapScanner

ئینجا ئاماژەی بۆ خاڵێکی دوور کرد و بەردەوام بوو: "ئەوەی لەوێ لەژێر مشتێک خاکدا نوستووە، کوڕی تاقانەمە. ماوەیەکە ئیدی بۆی بەپەرۆش نیم، چونکە دەزانم ڕۆژێک منیش دەڕۆم بۆ لای. بەم بیرکردنەوەیە ئارامی بە خۆم دەدەم. هەموو کەسێک پێویستە لە کاتی بەدبەختیدا بە جۆرێک قەناعەت بە خۆی بێنێ. دنیاش هەمیشە بە یەک جۆر نییە. دوای تاریکی ڕووناکییە و، دوای خەم شادییە. هەستە، ئیدی گریان بەسە. لە کۆتاییدا کەمێک زووتر یان درەنگتر ماڵی ڕاستەقینەی هەموومان ئێرەیە. ژیان لەوە کورترە کە بتەوێ بیر لە خەم و پەژارە بکەیەوە. جەستە لەناو دەچێ، بەڵام ڕۆح تا کۆتاییی دنیا دەمێنێتەوە و ئەوانەی بەم ڕاستییە بگەن، جگە لە ڕێگەی خودا هیچ ڕێگەیەکی دیکە ناگرن و لە ژیاندا جگە لە ڕۆحی پاکی خۆیان بیر لە هیچی دیکە ناکەنەوە."

خۆر لە کاتی ئاوابووندا بوو. گۆڕستان لەژێر داپۆشینی شەودا وردەوردە ون دەبوو. هاتوچۆ بە کەمی دەبینرا. پەردەیەک لە خەم و پەژارە لەسەر زەوی ڕاخرابوو. تەنانەت ئەو گوڵە ڕەنگاوڕەنگ و جوانانەی لە هەر سووچێکی خاکدا سەریان وەدەرنابوو، بێگیان و خەمگین دەهاتنە بەرچاو. ئاسمان پاک و بێگەرد بوو و تاقە ئەستێرەیەک لە دوورەوە زریوەزریوی بوو. تۆپەڵە هەوری بچووک و بڵاو بە ڕەنگی سوور دەردەکەوتن و گۆشەیەکی ئاسۆیان بە تەواوی داپۆشیبوو و دیمەنێکی لەڕادەبەدەر جوانیان دروست کردبوو.

ژنە پرسیی: "ناتەوێ بچییەوە ماڵێ؟"

لە جێی خۆم هەستام و دوای خواحافیزی لەگەڵ ژنە وەڕێ کەوتم. دەبوو بچمەوە ماڵێ، بەڵام کام ماڵ؟

دوای پێنج ساڵ لە ژنومێردایەتی بە دەستی بە تاڵەوە دەبوو دیسان لە سفرەوە دەست پێبکەمەوە. بەرەو دایکم و ژووری پێشووم گەڕامەوە.

دایکم لە یەکەم بینیندا لە هەموو شتێک تێگەیشت و دەستی بە ئامۆژگاری کرد: "کچە ئازیز و باشەکەم، نیگەران مەبە. لە کۆتاییدا هەموو شتێک باش دەبێت. ئومێدەوار بە و خۆڕاگر بە."

"بەڵێ، دایە، ئەم وشانە زۆر جوانن. بەڵام بۆ ئەو بارودۆخەی من هەمە نا، ئەم وشانە تەنیا بە کەڵکی چیرۆکی ناو کتێبان دێن. مرۆڤ تا ئەو کاتەی لە بارودۆخێکی باش دایە، باشە. ئەگەرنا هەر ئەوەندە گلۆڵەت بکەوێتە لێژی، کەس ڕاستت پێ نابێژێ.

بەشێک لە شەو تێپەڕیبوو. کتێبێکم بە دەستەوە گرت و چەند لاپەڕەیەکم لێ خوێندەوە، بەڵام هیچ لە کتێبەکە نەگەیشتم و فڕێم دایە سووچێک و کەوتمە بیرکردنەوە. گۆی زەوی بەو قورساییەوە لەسەر دڵم بوو. ئارەزووی گریانیشم نەبوو، چونکە بە گریانیش سوکناییم نەدەهات.

ڕوخساری جوان و خۆشەویستی کچەکەم، قژە نەرم و خاوەکەی و چاوە بێگوناهـ و گەشەکانی بۆ ساتێکیش لە بەرچاوم لا نەدەچوون. دوای سێزدە مانگ بەسەر لەدایکبوونی کچەکەمدا، ئەمە یەکەم شەو بوو کە لێی دوور بووم.

کەچی شەویش بە هەموو سەختییەکانیەوە تێپەڕی.

ڕۆژی دواتر بە تەلەفون داوام لە دایکی حەبیب کرد تا گوێم لە دەنگی کچەکەم بێت. پرسیی: "ئا وا زوو دڵت بۆی تەنگ بووە؟"

"تو خۆت دایکی و دەبێ لە هەموو کەس زیاتر هەستم پێ بکەی."

لەپشت تەلەفۆنەوە گوێم لە دەنگی فەریبا بوو بە دایکیی دەگوت: "بەو ژنە بڵێ بۆ وازمان لێ ناهێنێ؟"

دایکیشی وەڵامی دایەوە: "دڵنیا بە ئا وا بە ئاسانی لەکۆڵمان نابێتەوە."

بە پاڕانەوەوە داوام لێ کرد تەنیا یەک جار رێگە بدا گوێم لە دەنگی کچەکەم بێت. ژنە بە تووڕەییەوە گوتی: "یەک دەقە تەلەفۆنەکەت بە دەستەوە بێ تا بیهێنمە سەر خەت."

چەند چرکەیەک دواتر یەکەم دەنگی ناڵە و دواتر گریانی زۆری سارام بەر گوێ کەوت و، رێک ئازەر لەو بەری تەلەفۆنەوە پرسیی: "دیسان دەتەوێ گوێت لێ بێ؟ ئەم منداڵە توێ خۆش ناوێ و گریانیشی بۆ ئەوەیە کە نایەوێ قسەت لەگەڵ بکا."

دەسکی تەلەفۆنەکەم لەسەر ئامێرەکە دانا و کەوتمە بیرکردنەوەوە کە تا رێگەچارەیەک بدۆزمەوە.

دوای ئەم بابەتە رۆژانە بۆ بینینی کچەکەم لەو دەوروبەرە لە پاڵ دارێکی بەرز و بەهێز پەنام دەگرت تا بەڵکو کاتی هاتنەدەرەوە لە ماڵەوە ببینم. بەو جۆرەی من ئەوانم دەناسی، بە باشی دەمزانی ئەگەر بمەوێ بچمە ماڵیان، تووشی چ پەرچەکردارێک دەبم. چوار رۆژی بەردەوام بەم شێوەیە تێپەڕاند.

رۆژی پێنجەم لە کاتێکدا بێهیوایانە بەرەو ماڵەکە دەڕۆیشتم، یەکێک لە دراوسێکانم دیت. بە سەرسوورمانەوە پرسیی: "لێرە چی دەکەی؟"

بابەتەکەم بۆ باس کرد و، گوتم: "چەند رۆژێکە لە کچەکەم بێئاگام."

"من دوو رۆژ لەمەو بەر دیتم."

"تەندروستیی چۆن بوو؟"

"کەمێک ڕەنگی ڕوخساری زەرد بوو."

بە ترسەوە پرسیم: "پێت وایە کچەکەم نەخۆش بێت؟"

ئەو کە لە نیگەرانیی من گەیشتبوو، خێرا ئاوازی قسەکردنەکەی گۆڕی و گوتی: "نا بیری خراپ مەکەوە. ڕەنگی پێستی کچەکەت زۆر سپییە و لەوانەیە من هەڵەم کردبێ."

"تکا دەکەم ڕاستییەکە بڵێ."

ژنە بۆ ساتێک سەری لە بەرخۆی نا و بێدەنگ بوو، بەڵام کاتێک سەری بەرزکردەوە گوتی: "بەڵێ، پێم وایە لاواز بووە."

"خوایە گیان، یانی منداڵەکەم چییەتی؟"

"لەوانەیە خەم بۆ تۆ بخوات."

"نازانم."

"خۆت نارەحەت مەکە. منداڵەکە گەورە دەبێت، بەڵام خۆت لەناو دەبەی."

"خوا بکا نەخۆش نەبێ."

"ئەوجا ئەگەر کێشەیەکیشی هەبێت، دەیبەنە دکتۆر."

"خوا نەکا."

ژنە بە خەمخۆرییەکی زۆرەوە گوتی: "خوا بمبووری، بوومە هۆی نارەحەتیی زیاتر بۆ تۆ."

"نا، زۆریشت سپاس دەکەم کە ڕاستییەکەت پێ گوتم."

ئینجا خواحافیزیمان کرد و لێکدی جیا بووینەوە. ڕۆژی دواتر چووم بۆ نووسینگەی حەبیب و داوام لێ کرد کچەکەم پیشانبدات. حەبیب تێزخەنێکی کرد و گوتی: "ئەو گاڵتەجاڕیانە وەلا نێ. کچ لە ئارادا نییە. کامە کچ؟ برۆ بەدوای کارت کەوە."

زۆر بە پێداگری و بە توونـدییەوە گـوتم: "ئەگەر بـتەوێ لە منـی بشارییەوە، منیش لە ڕێی یاساوە بۆی دێم."

"قسەی قۆڕ!"

"حەبیب، تۆ زۆر بێشەرم و بێتەربیتی. بەڵام لەبیرت بێ کە لەمەو دوا بە شێوەیەک هەڵسوکەوتت لەگەڵ دەکەم کە پەشیمان ببیەوە."

"چما دەتوانی؟"

"تۆ تـا ئەمرۆ هەر کارێـک ویستووتە، کردووتە و، ئەمە خەتـای خـۆم بـووە کە بەردەوام بەخشـیومی. بەڵام هەنـدێ جـار توونـدڕەویش لە ژیاندا پێویستە."

"کەواتە داوای شەڕ دەکەی؟"

"نـا، بەڵام ئەگەر دەتەوێ وەکـوو مرۆڤێـک هەڵسـوکەوتت لەگەڵ بکەم، دەبێ لەگەڵ خەڵکیش بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکەی."

حەبیب کە چاوەڕێی بەرکەوتنێکی لەو شێوەیە نەبوو، بۆ ماوەیەک کەوتە بیرکـردنەوە و ئینجـا کـاغەزێکی لە چەکمەجەی مێـزەکەی دەرهێنا و هەندێ شتی لەسەر نووسی. ئینجا کـاغەزەکەی دایە دەستم و گوتی: "ئەگەر توانیت زوو ئەم کەلوپەلانە دابین بکەی، ئامادەم کە دیسانەوە بتگەڕێنمەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆت."

لەسەر کاغەزەکە نووسرابوو:

دوو فەرش و پەنجا هەزار تمەن پارەی نەقد کە لەلای دایکت بە ئەمانەت داتناوە و باقیی ئەو میراتەی کە گوایە وەبەر براکەت کەوتووە.

کاغەزەکەم دڕاند و هەڵمدا سەر مێزەکە. بە تووڕەییەوە سەیری ڕوخساریم کرد و گوتم:

"حەبیب! ئەگەر توانیت ژیانێکی گونجاو بۆ من و کچەکەم دابین بکەی، چاوەڕێ بە دەگەڕێمەوە. ئەگەرنا هەموو شتێک تەواو بووە."

کاتێک دەمویست بێمە دەرەوە، بە هێمنییەوە پرسیی: "ترست لەوە نییە کە بۆ دووەمین جار لە ژیانتدا شکست دەخۆی؟ بیر لەوە ناکەیەوە خەڵکی چۆن بیر لە تۆ دەکەنەوە؟"

"کێ چۆنی پێ خۆشە با وا بیر بکاتەوە. ژیانی تایبەتی من پەیوەندیی بە خۆمەوە هەیە."

سەعات دەی شەو بوو کە زەنگی ماڵەوە لێ درا. دەرگەم کردەوە، حەبیب کە بەتانییەکی کۆن و دڕاوی لە منداڵەکە پێچابوو، لە مەودایەکی کەمێک دوورەوە گوتی: "ئەوەش منداڵ، چەندی حەزت کرد تەماشای بکە."

هەڵبەت بە زیرەکییەکی تایبەتەوە بەتانییەکەی لێ پێچابوو کە تەنیا بەشێک لە مووی پرچیم دەبینی. کەمێک چوومە پێشەوە، سارا زۆر باش بوو. بە هەر زەحمەتییەک کە بوو پێشم بە فرمێسکەکانم گرت. حەبیب گوتی: "خۆشت دەوێت؟ من کە باوەڕ ناکەم."

"ئەوەی کە هەستی بۆ ئەم منداڵە نییە، تۆی نەک من. ئەگەر بچووکترین خۆشەویستیت بۆ ئەم منداڵە هەبا، لەو تەمەنەدا لە

خۆشەویستیی دایکانە بێبەشت نەدەکرد. حەبیب، ئیدی یاری تەواو بووە. بەیانی حسابی من و ئەو کچە یەکلایی دەکەیەوە، دەنا بێدەنگ نابم."

"تۆ مرۆڤێکی بێدەنگ و میهرەبان بووی، چۆنە وا گۆڕای! نەکا دایکت ئەو قسانەی فێر کردووی."

بەبێ ئەوەی وەڵامی بدەمەوە، چوومەوە ژووری. ڕێک چوومەوە ژوورەکەم. کاتێک دەنگی گریانەکەم ئاهووتەی ژوورەکەی پڕ کرد، دایکم لە چوارچێوەی دەرگەکەوە دەرکەوت و پرسیی:

"دیسان چی بووە؟"

"دەتویست چی بێ؟ دوای ئەو هەموو بەڵایەی بەسەریان هێنام، ئێستا تەنانەت مافی بینینی ساراشم نییە."

"برۆ بە خۆشی داوایان لێ بکە، بەڵکو دڵیان نەرم بێ."

"ئەوان ئەهلی بەزەیی و نەرمی نین."

"کە وایە دەتەوێ چی بکەی؟"

"وەکوو خۆیان هەڵسوکەوت دەکەم."

"بە هات‌وهاوار کارەکە چارەسەر نابێ."

"تەنانەت کۆتریش کاتێک تێدەگات مەترسیی لەسەر بێچووەکانیەتی، بە گیان و بە دل بەرگری دەکات. یانی ئەمن لە کۆتریکیش کەمترم؟"

"دەتەوێ چی بکەی؟"

"زۆر بەجدی هەڵسووکەوتیان لەگەڵ دەکەم."



Scanned by TapScanner

زۆر زوو شـەڕ دەسـتی پێکـرد و منـیش بە هێواشـی ڕێگەی شەڕکردن فێر بووم و لە هەمووی گرنگتر ئەوەبوو کە فێر بووم چۆن دەبێت بژیم و تەنانەت ژیان چییە. بۆ بینینی کچەکەم دانم بە خۆمدا گرت و بۆ ساتێک نەمهێشت ئاسوودە بن. لە کۆتاییدا ڕۆژێک دایکی حەبیب نامەی نارد کە سبەی سارا بۆ لای دایکی دەنێرێت تا بیبینێت.

لە خۆشییان تا بەیانی خەوم لێ نەکەوت. کاتێک ئاسمان کەمێک زەرد بووبوو، لە چرپاکەم هاتمە دەرێ و لە کاتێکدا لە خۆشیاندا لەسەر پێیان خۆم ڕانەدەگرت، سەعاتێک لە هەموو ڕۆژان زیاتر لە ماڵ چوومە دەرێ و چوومە قوتابخانە. لەسەر پۆل بەردەوام چاوم لە سەعاتەکە بڕیبوو. ساتەکان زۆر بە سەختی تێدەپەڕین.

سەعات یازدە داوای مۆڵەتم کرد و خێرا خۆم گەیاندەوە ماڵێ.

دەرگەی حەوشە نیوەکراوە بوو. خێرا چوومە ژوورەکەم و ئەو جانتا گەورەیەی تا ئەو کاتە لە بنهەنگڵمدا بوو، لەسەر زەویم دانا. سەیری تەواوی ژوورەکەم کرد بۆ کچەکەم گەڕام. هەندێک یاریی منداڵانە و جووتێک گۆرەویی منداڵانە لەناوەڕاستی ژوور کەوتبوون، بەڵام خەبەرێک لە کچەکەم نەبوو. دایکم لە ناندینەکەوە پرسیی:

"هاتیەوە؟"

"بەڵێ، ئەی سارا کوا؟"

"سەعات هەشت حەبیب هێنای. نیو سەعات مایەوە و زۆریش تووڕە بوو و گوتی ئەگەر دایکی ئەو منداڵەی خۆش ویستبا، لە ماڵ دەمایەوە."

بە خەمبارییەوە لەسەر زەوی دانیشتم و گۆرەوییە بچووکەکانم هەڵگرتن و ماچم کردن. دواتر چوومە لای جانتاکە و ئەو بووکەڵانەی بۆ ئەوم کڕیبوون، دەرمهێنان. بە یەکێک لە بووکەڵەکان خۆم سەرقاڵ کردبوو کە دایکم لە نانداینەکەوە هاتە ژوورەکەم و بەبێ ئەوەی قسە بکات، بە وردی سەیری ئەوەی کرد کە بۆ کچەکەمم کڕیبوو. لەژێر لێوەوە پرسیم: "جوانن، مەگەر نا؟"

"زۆر."

"بە دڵنیاییەوە سارا بە بینینیان خۆشحاڵ دەبێ."

"خۆزگە دەستەجلێک، یان شتێکیشت بۆ خۆت دەکڕی."

"من پێویستم بە جلی تازە نییە."

"گۆرەوییەکانی خۆتت دیون؟"

"بەڵێ، کێشە نییە—بە دەرزی دەدوورێنەوە. جیا لەوەش، گۆرەوی لە پێڵاودایە."

"هەموو پارەکەتت خەرج کرد؟"

"ئەرێ، هەمووم خەرج کرد."

دایکم هەقی بوو. جلەکانم زۆر کۆن و ناشیرن بوون و پێڵاوەکانیشم کەڵکیان نەبوو. لە بەرانبەردا ئەوەی بۆ کچەکەمم کڕیبوو، جلوبەرگی جوان و شیاو بوون. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەوەی بۆم کڕیبوو سوودی بۆ کچەکەم نەبوو. ماوەیەکی زۆر تێپەڕی و بەوپەڕی هەوڵ و توانامەوە نەمتوانی بە دیداری کچەکەم شاد بم.



Scanned by TapScanner

سەرەتای زستان بوو، لە دوانیوەڕۆیەکی سارددا کە ئاسمان زریانی بوو، بە ناچاری حەبیب منی ڕاکێشی نووسینگەی هاوسەرگیری کرد. پیاوێکی ڕۆحانی لەپشت مێزێکی بچووکەوە دانیشتبوو و شتی لە دەفتەرێکی گەورەدا دەنووسی. لەو کاتەدا هەستم دەکرد مەحکوومێکم بە مردن، کە بە لاقی خۆی لە تەختی سێدارە نزیک دەبێتەوە. پیاوە ڕوحانییەکە فەرمووی دانیشتنی لێ کردین و لە حەبیبی پرسی: "من چیم لەدەست دێ؟"

حەبیب بە دەنگی بەرز، دەستی بە قسە کرد: "دەمەوێ ئەم ژنە تەلاق بدەم. ئەم ژنە بە کەڵکی ئەوە نایە لەگەڵ من بژی."

پیاوە ڕۆحانییەکە کە هەر لە یەکەم بینیندا پیاوێکی دنیادیدە و ژیر دەهاتە بەرچاو، گوتی: "بەڕێزم، کەمێک هێواشتر قسە بکە."

نزیک نیو سەعات حەبیب بەردەوام قسەی کرد و هەر ئەو قسە بێسەرەوبەرانەی دووپاتە کردنەوە. دوای ئەوە پیاوە ڕۆحانییەکە ڕووی لە من کرد و گوتی: "تۆیش قسەت بۆ کردن هەیە؟"

"نەخێر. ئەم هەموو شتێکی باس کرد."

پیاوە ڕۆحانییەکە داوای لە حەبیب کرد دوو شاهید بێنێت تاکوو تەلاقدانەکە جێبەجێ بکات. حەبیب بۆ پەیداکردنی شاهید، خێرا لە نووسینگە چووە دەرێ و من و پیاوە ڕۆحانیەکە بە تەنیا ماینەوە. دوای ڕۆیشتنی حەبیب، بە پاڕانەوەوە داوام لە پیاوە ڕوحانییەکە کرد تاکوو تەلاقەکە دوا بخات و بەڵکوو حەبیب بێتەوە سەر هۆش و پەشیمان ببێتەوە. پیاوە ڕوحانییەکە گوتی: "سی ساڵە کە لەم نووسینگەیەدا قەڵەمم بە ڕازیبوون نەچۆتە سەر کاغەز، بەڵام ئەم جارەیان پێم وایە خۆشحاڵ بم، چونکە ڕزگاربوون لەدەست ئەم پیاوە نیعمەتێکی گەورەیە."

"بەڵام کـــچەکەم؟ ئەو چیـــی لـــێ دێ؟ ئەم تەڵاقە بە تەواوی چارەنووسی ئەو تاریک دەکات."

"کچی تۆ پێویستی بە دایکێکی مردوو نییە. ئەو کارانەی ئەم پیاوە دەیانکا، دەبنە هۆی لەناوچوونی تۆ. من لەو ماوە کورتەدا لەبەر قسە پووچەکـانی ئەم پیـاوە ســەغڵەت بــوومە. بە ڕاســتی بەرگەگرتنی ئەم پیاوە کێشەیە."

ســەعاتێک دواتــر پەیوەنــدییەک دەپچــڕا. لەگەڵ ئەوەی ئەم پەیوەندییە باریکە، بەردەوام وەکوو پەتی سێدارە لە دەوری ملم گرێدرابوو. بەڵام دیسان لە دڵەوە بەو تەڵاقە ڕازی نەبووم.

کـاتی واژووکردنـی، پیـاوە ڕۆحـانییەکە گـوتی: "بە ڕەزامەنـدیی هەردوو لا، چاودێریکردنی منداڵ لە ئەستۆی دایکە و هیچ خەرج و سەرفیاتێک لەسەر ئەم بابەتە پەیوەندیی بە دایکەوە نییە. تەنیا هەفتەی یەک جار بـابی بۆی هەیە ئەو منداڵە ببینـێ. ئەویـش بە ڕەزامەندیی دایکی."

هەردووکمـان ڕازی بـووین. مـن مـارەیی و تەواوی ئەو پـارە و پوولەی هاوشێوەی ئەو دابووم پێی، لێی خۆش بووم و ئەویش منداڵەکەی بە من سپارد. ئەو لە ڕووی ماڵوملکەوە زەرەری نەکرد و منیش کچەکەم بەدەست هێنا.

حەبیب گوتی: "ئەگەر منداڵەکەشم پیشان نەدەی، کێشە نییە."

پیاوە ڕۆحانیەکە سەیری منی کرد تا بزانێت چۆن وەڵامی حەبیب دەدەمەوە. بە ئارامییەوە گوتم: "منـداڵ هەم پێویسـتی بە دایـکە و هەم بە باوک. هەر کات حەزت کرد وەرە و منداڵەکە ببینە."



Scanned by TapScanner

پیاوە ڕۆحانییەکە خەندەیەکی بە مانای ڕازیبوون کرد و گوتی:
"من لەو ماوە کورتەدا درکم بە ڕۆحییەتی هەردووکتان کرد و هەر ئەوە بوو وای کرد کە منداڵەکە بدەمە دایکی."

حەبیب قاقای لێدا و بە ڕووخۆشییەوە گوتی: "بەو زووانە لەگەڵ کچێکی هەژدەساڵەی دەوڵەمەنددا هاوسەرگیری دەکەم."

پیاوە ڕۆحانییەکە لە ژێر چاوەوە سەیرێکی کرد، بەڵام هیچی نەگوت.

حەبیب کە بە بێدەنگیی من ڕقی هەستابوو، بە تووڕەییەوە پرسیی:
"مەگەر چ عەیبێکی هەیە؟"

کاتێکیش هەستی بە نیگا مانادارەکەی پیاوە ڕۆحانییەکە کرد، گوتی: "تەنیا کەمێک باڵام کورتە و قژم تەنکە، خۆ ئەوانە بۆ پیاو بە عەیب دانانرێن."

پیاوە ڕۆحانییەکە لەژێر لێوەوە بە منی گوت: "ئەم پیاوە لە خەو و خەیاڵدایە و ئەم جۆرە مرۆڤانە کاتێک ڕووبەڕووی ڕاستی دەبنەوە، خراپ تێدەکەون."

"خۆزگە پێش هاوسەرگیری لەگەڵ من، ڕووبەڕووی ڕاستی دەبووەوە تا نەگیشتبامە ئەم ڕۆژە."

حەبیب کە پێی وا بوو ئێمە لەبارەی بە قیافەیەوە قسە دەکەین، گوتی: "ئەگەر قیافەم ناشیرین بوو، بۆچی هەر لە ڕۆژی یەکەم مێردت پێ کردم؟ شەرم مەکە. ئەگەر پیاوێکی ناشیرنم، بڵێ."

"هیچ مرۆڤێک لە دنیادا ناشیرین نییە، چونکە جوانی و ناشیرینی پێوەرێکی ڕاستیان نییە."

پیاوە ڕۆژئاواییەکە لەسەرخۆ گوتی: "تکایە بەردەوامی بەم گفتوگۆیە مەدەن. ئەسڵەن باسی قیافە لە ئارادا نەبوو کە بمانەوێ لەوبارەیەوە قسە بکەین."

دوای هاتنەدەرەوە لە نووسینگە، خێرا خۆم گەیاندە بەر دەرگەی ماڵی حەبیب. کاتێک گەیشتمە بەرانبەر ماڵەکە، تەواوی بیرەوەریی ڕابردوو دانە بە دانە هاتنەوە بیرم. لە کاتێکدا بە سەختی پێشم بە فرمێسکەکانی خۆم دەگرت، لە دەرگەم دا. کەمێک دواتر حەبیب کە زووتر لە من گەیشتبووەوە ماڵ، لەبەردەممدا دەرکەوت و بە سادەییەوە پرسیی: "هاتووی منداڵەکە ببەی؟"

"نا. تەنیا دەمەوێ ببینم."

"ئا وا زوو هەڵخەڵەتای؟"

"چونکە منداڵەکە چەند مانگێک لە من دوور بووە و خووی بە دایک و خوشکەوە گرتووە، دەترسم زیان بە دەروونی بگات."

"ئەی لە کۆتاییدا چی؟"

"هەموو ڕۆژ دێم بۆ بینینی تا خوو بە منەوە بگرێ."

حەبیب چووەوە ژوورێ. کەمێک دواتر فەریبا کە سارای بە باوەشەوە بوو لە ماڵ هاتە دەرێ. بە بینینی کچەکەم ڕێک دەستم بە گریان کرد و لە باوەشم گرت.

فەریبا کە گوایە تازە هاوسەرگیریی کردبوو، جلێکی جوان و قەشەنگی لە بەردا بوو. ملوانکەیەکی یاقووتی لە مل کردبوو و بەردەوام دەستی دەجوڵاندن تا ئەنگوستیلە و بازنەکانی ببینم. لەوەی کە توانیبووی ئەم جوانکارییە بە خۆیەوە بخات و نیشانم بدات، خۆشحاڵ و شاد دەهاتە بەرچاو. منیش لەگەڵ هەموو ئەو

بەدبەختییانەی کێشابوومن، لەبەر ئەوەی کچەکەمم لەپاڵ خۆمدا دەبینی، شاد و دڵخۆش بووم.

دوای پێنج ساڵ ئەوە یەکەم جار بوو من و فەریبا لەپاڵ یەکتردا هەستمان بە شادی دەکرد.

لە دڵمدا لێی خۆش بووم و لەبەر ئەوەی لە سەرەتای ژیانی تازەدا بوو، لە دڵەوە ئاواتی خۆشبەختیم بۆ دەخواست و داوام لە خودا دەکرد کە ڕووبەڕووی ئەو بەدبەختیانە نەبێتەوە کە پێشتر من تووشیان بووم.

فەریبا بە بینینی فرمێسکەکانی من کەیفی ساز بوو، تیزخەنێکی کرد و بە خێرایی چووەوە ژوورێ. من و سارا دەست لە دەستی یەکتر و کەوتینە قسە. لە ڕێگەدا کچەکەم بە شێوازی منداڵانەی گوتی: "پێیان گوتووم کە دایکت مردووە."

"بەڵام دەبینی کە زیندووم."

"چۆن زیندوو بوویەوە؟"

"ئەمن نەمردبووم."

"ئازەر دەیگوت فەریبا دایکتە."

"نا، ئەزیزم! ئەو خوشکی بابتە، خوشکی بابیشت دەکاتە پوور."

"یانی ئەو دایکی من نییە؟"

"نا کچم، من دایکی تۆم."

"بەڵام ئازەر دەڵێ فەریبا دایکتە."

"حەز دەکەی بچینە پارک؟"

بە بێئارەزوو گوتی: "بەڵێ."

بردمە پارکێکی بچووک کە لەو نزیکانە بوو. هەر زوو کەوتە یاریکردن. ڕوخساری زەرد بوو و کەمێک گۆشەگیر و تووڕە دەهاتە بەرچاو. دووریی دایک کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ڕۆحی دانابوو. لەگەڵ ئەو هەموو چوست و چالاکییە منداڵانەیەی کە هەیبوو، وەکوو ئەوان شاد نەبوو. هەر زوو لە یاریکردن ماندوو بوو و گوتی: "من حەزم لێرە نییە."

"حەزت لەکوێیە؟"

"بمبە بۆ ماڵی فەریبا."

"باشە."

"ئەگەر بمبەیە لای فەریبا، دیسان دێیەوە بمبینی؟"

"ئەی چۆن."

لە کاتی گەڕانەوەدا لەپشت جامی دوکانێکی گەورەی یاریی منداڵانەوە هەڵوەستەیەکی کرد و پرسیی: "بووکەڵەم بۆ دەکڕی؟"

لە باوەشم کرد، ڕوخساریم ماچ کرد و گوتم: "کچم، پێشتر بووکەڵەی زۆر جوانم بۆ کڕیوی."

"ئەی کوان؟"

"لە ماڵێن."

"کام ماڵ؟"

"ماڵێ من. دێی بچینە ئەوێ؟"

چاوی لە خۆشیان گەش بوون و گوتی: "من ناچمە لای فەریبا، دێمە ماڵێ توو."

بردمە ماڵێ و بووکەڵە و تەواوی یارییەکانی دیکەی کە بۆم کڕیبوو، دامنە دەستی و وەکوو منداڵێکی بچووک لەگەڵ ئەو سەرقاڵی یاریکردن بووم.

ڕۆژەکانی سەرەتا کەمێک بێزار بوو، بەڵام بە تێپەڕینی ئەو بارودۆخە، ڕاهات. بە ڕادەیەک کە ئیدی ئامادە نەبوو بۆ ساتێک لە من دوور بکەوێتەوە. هەر زوو پرسیار ڕیزیان بەست: "دایە، بۆچی ڕۆژەکانی پشتر نەدەهاتییە کنم؟"

"ئاخر چووبووومە سەفەر."

"دیسان دەتەوێ بچییەوە سەفەر؟"

"نا."

"بەڵام ئەمن دەترسێم دیسان بچیەوە سەفەر."

"نا، کچە ئازیزەکەم، ئیدی نابێ تۆ لە هیچ بترسێی."

دەستە بچووکەکانی لە دەوری ملم گرێدا و پرسیی: "ئەمنت خۆش دەوێ؟"

"بەڵێ. لە دنیادا کەسم هێندەی تۆ خۆش ناوێ."

"بەڵێن دەدەی کە هەمیشە دایکی من بی؟"

"ئەرێ، بەڵێن دەدەم."

لەگەڵ ئەوەی ساڵانی سەخت و دژوارم تێپەڕاندبوون، لەپاڵ کچەکەمدا خۆم بە بەختەوەر دەزانی. بەوپەڕی تواناشمەوە لە هەوڵی ژیانی باشتردا بووم.

ئاشکرایە کەسێک ماڵی وێران بووبێت و بووبێتە مشتێک خۆڵ، بێکەلک و لەکار کەوتبێت و بیەوێ بە دەستی بەتاڵەوە و بە



Scanned by TapScanner

تەنیایی ماڵێکی تازە دروست بکات، دیارە کە چ بارودۆخێکی دەبێت.

هەر زوو زانیم کە پێویستە پشت بە خۆم ببەستم، چونکە دەستپانکردنەوە لە کەسانی دی جگە لە بێزرخکردنی مرۆڤ و سووککردنی، شتێکی دیکە نایەنێتە ئاراوە. هەر بۆیە بە تەنیایی بەرپرسیارێتیی کچەکەمم لەئەستۆ گرت و ڕۆژە ناخۆش و سەختەکانم لەبیر کردن و وردەوردە بە ئارامی گەیشتم.

# ١٢

ڕۆژەکان و تەنانەت مانگەکانیش وەکوو با تێپەڕین و، ساڵی دواتر وەرزی پایز بوو کە ڕۆژێک لەگەڵ سارا لەپشت جامی دوکانێکی یاریی منداڵانەوە ڕاوەستابووین و ئەو بە وردی سەیری شتەکانی ناو دوکانی دەکرد کە لەناکاو چاوم بە نەسرین کەوت. بە خێرایـی بە بەرانبەرمـدا تێـپەڕی و دوور کەوتەوە. لە بیری نەسریندا بووم کە دەنگی سارا ڕشتەی بیرکردنەوەکانمی پچڕاند: "دایە، سەیارەیەکی قورمیشم بۆ دەکڕی؟"

"کە سەری مانگ مووچەم وەرگرت، بە دڵنیاییەوە بۆت دەکڕم."

"تا سەری مانگ چەند ڕۆژی ماوە؟"

"نۆ ڕۆژ."

"کەواتە بڕۆ بە دوکانـدار بڵـێ تـا نـۆ ڕۆژی دیکـە سـەیارەکە نەفرۆشێ."

"نابێ، عەیبە."

لەناکاو دەنگی نەسرینم لەپشتمەوە بیست: "بۆ خۆتی؟ هەڵە نیم؟"

دوای سەلام و چاک و چۆنی، گوتی: "چەند گۆڕاوی؟"

"چەندین ساڵە یەکترمان نەدیوە."

"بەڵام ئەو خەمەی لە چاوتدایە پەیوەندیی بە تێپەڕینی کاتەوە نییە.

"ئەری، ڕاستە."

"بڵێ بزانم چ بەڵایەکت بەسەر هاتووە."

بەبێ ئەوەی سارا تیبگات، چیرۆکی مێردکردن و تەڵاقدانمم بۆ باس کرد. ئەو بە بیستنی سەرگوزەشتەی من خەمگین بوو، لەژێر لێوەوە گوتی: "خۆزگە ئەو ڕووداوە ڕووی نەدەدا و مێردت بە کاوە دەکرد."

دوودڵ بووم، پرسیم: "کامە ڕووداو؟"

"هیچ. لەبیری کە."

دوای کەمێک گفتوگۆ، لێکدی جیا بووینەوە و هەر کەسە و ڕێی خۆمانمان گرت.

ڕۆژی دواتر لای سەعات سێ و نیوی دواینیوەڕۆ بوو کە دایکم لە ژووری خۆیڕا بانگی کردم: "کەسێک بە تەلەفۆن کاری پێتە."

"کێیە؟"

"نازانم."

"خۆی نەناساند؟"

"نا."

تەلەفۆنەکەم هەڵگرت. لەوبەری تەلەفۆنەوە ژنێک بە گەرمی سلاو و هەواڵپرسیی لەگەڵم کرد. گوتم: "ببوورن، من بەڕێزتان ناناسم."

"باوەڕ بکەم کە نامناسی؟"

"بەڵێ، هۆکارێک نییە تا درۆ بکەم."

"ئا وا زوو ئەمنت لەبیر چۆوە؟"

"تەنانەت ئێوە ناناسم تا لەبیرم کردبن."

"من دایکی کاوەم."

بە بیستنی ئەم قسەیە ڕەق بووم، دەتگوت دەمم بەستراوە. لەوبەری تەلەفۆنەوە بیستم: "ئەلوو ... ئەلوو ... ئەلوو!"

"بەڵێ؟"

"دەنگی من دەبیستی؟"

"ئەرێ."

"دەمەوێ بتانبینم."

هەڵوەستەیەکم کرد. نەمدەزانی چیی وەڵام بدەمەوە. دایکی کاوە بەردەوام بوو: "لەبیرتانە کە کۆتا ڕۆژ بە دایکە بانگتان کردم و گوتتان وەکوو دایکێکی بەڕێز وان بۆم؟ هەمان ڕۆژ منیش ئێوەم وەکوو منداڵێکی خۆم بینی."

"بەڵام دەڵێی کە من منداڵێکی باش نەبووم بۆ ئێوە، چونکە ئەگەر وا با لەو بارودۆخەدا لە خۆتان دوورتان نەدەخستمەوە."

"تکا دەکەم ڕابردوو لەبیر بکەن و، وەرن بۆ بینینم."

"پێت وا نییە کەمێک درەنگ بووە؟"

"هەندێ قسە هەیە کە پێویستە ڕووبەڕوو لەگەڵتا باسیان بکەم."

"ئێمە چەندین ساڵ لەمەو بەر قسەکانمان کردن و ئیدی پێم وا نییە قسەیەکمان بۆ گوتن هەبێ."

"ناتانەوێ بزانن کە بۆچی هاوسەرگیریی تۆ و کاوە تێک چوو؟"

"ئیدی جیاوازیی بۆم نییە."

"ئێوە لە من دڵگرانن؟"

"ئەگەر بۆ دڵنەوایی تەلەفۆنت کردووە، زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێم کە من لە هیچ کەسێک دڵگران نیم."

"وەکوو دایکێک داواتان لێ دەکەم بێن بۆ دیتنم."

"بەڵام من ..."

قسەکەی پێ بریم و گوتی: "هیچ بیانوویەکم قبوڵ نییە. بەیانی سەعات چواری دوانیوەڕۆ چاوەڕێتانم."

دواتر خواحافیزیی کرد و تەلەفۆنەکەی داخستەوە. بۆ ماوەیەک لە کەوتمە بیرکردنەوە. ئارامیی دەروونم بە تەواوی تێک چووبوو و، هەستێکی نامۆی سەیرم لە خۆمدا بەدی دەکرد کە دەنگی کچەکەم ڕشتەی بیرکردنەوەکانمی پچڕاند: "دایە، وەرە کارم پێتە."

سارا سەرقاڵی وێنەکێشان بوو. مراوییەکی گەورە و جووچکەکانی لەسەر دەفتەروێنەکەی ڕەنگ دەکرد.

"دایە!"

"بەڵێ، کچم."

"باڵی مراوی چ ڕەنگە؟"

"نازانم."



Scanned by TapScanner

پەنجەی خستە سەر ناوچاوانم و پرسیی: "دایە، هۆشت لە کوێیە؟"

هاتمەوە سەرخۆم. خێرا لە قەڵەمڕەنگەکان دانەیەکم هەڵبژارد و دامە دەستی.

شەوێ چیرۆکی داربڕم[1] بۆ دەگێڕایەوە، بە نیگەرانییەوە پرسیی: "دایە، ئەمڕۆ چیتە؟"

"یانی چۆن، کچم؟"

"لە سەرەتاوە تا کۆتایی چیرۆکەکەت بە هەڵە گێڕایەوە."

کاتی نووستن دەستە بچووک و نەرمەکانی خستنە سەر شانم و بە میهرەبانییەوە ڕوخساری ماچ کردم و گوتی: "دایە، هێشا منت خۆش دەوێ؟"

بەم قسەیە لەناکاو دڵم داکەوت و بە شپرزەییەوە وەڵامم دایەوە: "بەڵێ کچم. من هەمیشە تۆم خۆش دەوێ."

---

[1] لە کتێبی پێنجەمی سەرەتایی ئێراندا سێ چیرۆک هەن کە یەکێک لە چیرۆکەکان بە ناوی "سککە"وەیە. چیرۆکەکە باس لە داربڕێک دەکات کە هەموو ڕۆژێک دەچێت دار دەبڕێت و دێتەوە لە بازاڕ دەیانفرۆشێت. ڕۆژێک هەست بە کەسێک دەکات کە لەدوایەوە دەڕوات و پێی وایە ڕێبوارە. بەڵام تا شوێنی داربڕین لەگەڵی دەچێت. هەر کاتێک دەست دەکات بە داربڕین، کابرای کە بەدوای کەوتووە، لەگەڵ هەر لێدانێکدا ئاخێک دەکات. دواتر کابرا ئەو دارانەی بریونی دەیانباتە شار و دەیانفرۆشێت. کاتێک ئەو چەند سککەیە وەردەگرێت، کابرای دیکە دەڵێت: "ئەی کوا بەشی من؟" کابرای داربڕیش دەڵێت: "پارەی تۆ لەپای چی؟" کابراش دەڵێت: "لەپای هەر جارێک کە تۆ دارت بڕیوە، من گوتوومە: ئاخ." دواتر دەچن بۆ لای دادوەر. دادوەریش کە مەسەلەکەی بۆ باس دەکەن، سککەکان لە کابرای داربڕ وەردەگرێ و ڕوو لە کابرای بێکار دەکات. سککەکان بەردەداتەوە عەرزی و دەنگیان دێ. دادوەر لە کابرای بێکار دەپرسێ: "گوێت لە چی بوو؟" کابرای بێکاریش دەڵێ: "هەقدەستی دەنگی داربڕین، هەر دەنگی سککەکانە."



Scanned by TapScanner

لە کاتێکدا فرمێسک لە چاویدا ڕیزیان بەستبوو، گوتی: "دایە، من زۆر دەترسم."

"لە چی؟"

"لەوەی کە ڕۆژێک بڕۆی بۆ سەفەر."

"کچم، خەیاڵت ئاسوودە بێ. ئیدی سەفەر لە ئارادا نییە."

"بۆ هەمیشە لەلای من دەمێنییەوە؟"

"بەڵێ، بۆ هەمیشە لەلات دەمێنمەوە."

کچەکەم بە شادییەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا، دەستە بچووکەکانی کردنە ملم و بە ئاسوودەیییەوە خەوی لێ کەوت.

ڕۆژی دواتر بە نیو سەعات دواکەوتووییەوە، خۆم گەیاندە بەر دەرگەی ماڵی کاوە. ژنێکی نەناسراو دەرگەی بە ڕوومدا کردەوە و بە ڕێزەوە داوای لێ کردم بچمە ژوورەوە. هەر لە یەکەم بینیندا هەستم کرد لە دەر و دیواری ئەم ماڵەدا خەم دەبارێت. گوڵە وەنەوشەییەکانی مانگی دوو هێشتا تاکوتەرا لە باخچەکەدا دەبینران. حەوزی ناوەڕاستی حەوشەکە بەتاڵ بوو و پڕ لە زبڵوزاڵ بوو.

لە ڕێگەدا هەواڵی خزمەتکاری پێشووم لە ژنە نەناسراوەکە کرد و، پرسیم:

"ئەو هێشتا لێرە کار دەکات؟"

"نزیک دوو مانگ دەبێ مردووە."

"خوا لێی خۆش بێت."

"بەدبەختە لەسەرەمەرگدا زۆر زەلیل بوو."



Scanned by TapScanner

لە سەروو پلیکانەکانی چوونە بیناکەوە دایکی کاوە هاتە پێشوازیم. زۆر کز و لاواز بووبوو. پرچی وەکوو لۆکە سپی بووبوو. تەنانەت یەک تاڵە مووی ڕەشیش لە سەریدا نەدەبینرا. بە گەرمی ماچی کردم. لەگەڵی چووم بۆ هۆڵی پێشوازی. ئازادییش لەوێ بوو. منداڵێکی بچووکی لە باوەشدا بوو و دیار بوو مێردی کردبوو. تا ڕادەیەکی زۆر سەر و سیمای گۆڕابوو. ڕوخساری گەشێتیی ڕابردووی نەبوو و کەمێک زەرد هەڵگەڕابوو. بە چوونە ژوورەوەی من منداڵەکە دەستی بە گریان کرد و قیژەیەکی تۆقێنەری کرد. ژنە بە تەواوی پیر و قەڵەو بووبوو کە دوور لە هەموان لە سووچێکی زەوییەکەدا دانیشت و دەستی بە فەلسەفەلێدان کرد و گوتی: "نابێ گرنگی بە گریانی منداڵان بدەی، چونکە دواتر چاودێریکردنیان زەحمەت دەبێ."

ئازادێ بە دڵ ئێشاوییەوە گوتی: "من کە ئیدی لە دەست ئەم منداڵە وەتەنگ هاتووم."

چەند خولەکێک دواتر دەرگە کرایەوە و کاوە لە دەروازەی دەرگەوە دەرکەوت. زۆر تێک شکابوو. مووی دەوروبەری لاجانگەکانی بە تەواوی سپی بووبوو و ڕوخساری پەڕیبوو. نە لە ڕوخسار و نە لە هەڵسوکەوتیدا هیچ یەکێک لە خۆشی و شادییەکانی ڕابردووی تێدا بەدی نەدەکرا. لەسەر کۆتا کورسی دانیشت و بە دەنگی گیراوەوە سڵاو و هەواڵپرسیی لێم کرد. گریان لە قورگیدا بوو: "حاڵی سارای کچت چۆنە؟"

"سپاس، خراپ نییە."

بە جارێک تەواوی بیرەوەرییە تەڵخ و شیرنەکانی ڕابردوو لە بەر چاوم زیندوو بوونەوە و لە بیرکردنەوەدا ڕۆچووم. ڕۆژی مارەیی، کاتی کڕینی ئەڵقە و کۆتا جار کە بە دڵی شکاوەوە ئەم

مـالەم بەجـێ هێشـت، هەرچـی هەیە و نیـیە هـاتەوە بەرچـاوم و لەبیرم چوو کە لەنێو ئەم کۆمەڵەیەدا دانیشتووم.

کاوە بێدەنگییەکەی شکاند. لە کاتی قسەکردندا ڕوخساری وەکوو ڕابـردوو بە شـکۆ، سـەرنجڕاکێش، میهرەبـان، پێـداگر و کەمێـک شەرمن بوو.

"چاک لەبیرمە نزیک هەشت ساڵ لەو مەوبەر ڕێک ئەو کـاتەی بیست ڕۆژی مابوو بۆ هاوسەرگیریمان، لە کۆتا سـەفەردا کاتێک بۆ ئامادەبوونی هاوسەرگیری دەهاتمەوە، ڕووداوێکی هـاتووچۆی خراپ بەسـەرمدا هـات کە بە خێرایی بردیانم بۆ نەخۆشـخانە. لە سەرەتادا بە تەواوی بێهۆش بووم. دکتۆرەکان تەمایان پێم نەبوو و دوای دوازدە سـەعات کە بە هـۆش خـۆم هـاتمەوە، گـوایە دکتۆرەکان ڕایانگەیاندبوو کە بڕبڕەی پشتم ئازاری پێ گەیشتووە و ڕەنگە بۆ هەمیشە ئیفلیج ببم و ناچار بم کورسیی کەمئەندامی بەکـار بێنم. ئینجـا دوای وێنـەی تیشـکی، دیسـان گەیشـتبوونە ئەنجامی پێشتر. منیش بەو جۆرەی کە ئێوەم دەناسـی و دەمزانـی کە لە بـارودۆخێکی لەم شـێوەدا بەجـێم نـاهێڵن و لەبەر ئەوەی لەڕادەبەدەر خۆشـم دەویسـتی، نەمدەویسـت تەمەنێـک لەگەڵ مرۆڤێکی ئیفلیجدا بەسـەر ببەی. داوام لە خێزان و ناسـیاوەکانم کـرد بـابەتەکە لە تۆ بشـارنەوە. هەڵبەت دواتـر تێگەیشـتم کە بەم کـارە چ هەڵەیەکی گەورەم کـردووە. مـاوەیەک ئیفلیج بـووم، بەڵام دوای یەک-دوو نەشتەرگەری، وردەوردە توانیم لەسـەر پێی خـۆم بوەستم. لە یەکەم دەرفەتدا کە توانیم بڕۆم، بەدوای ئێوەدا گەڕام، بەڵام هەر زوو لە یەکێـک لە دۆسـتەکانم بیسـت کە ئێـوە هاوسـەرگیریتان کـردووە. وشـەکان نـاتوانن هەسـتی مـن لەو ڕۆژانەدا دەرببـڕن. وردەوردە گۆشـەگیر و بێهیـوا بـووم. بە ڕادەیەک کە تەنانەت خۆشم لە ژیان نەدەهات. تا ئەوەی دوێنێ

هەموو شتێکم لە زمانی نەسرینەوە بیست و داوام لە دایکم کرد پەیوەندیتان پێوە بکات. چاک لەبیرمە کە هەر لەو ژوورەدا بوو سوێندم بۆ خواردی تا مردن خۆشم بوێن و ئەمڕۆش هەست دەکەم کە دوای هەشت ساڵ هەمان هەستی پێشوترم هەیە. ئێستاش پێم وایە دیسان چارەنووس ئێمەی لێک نزیک کردووەتەوە و خوا نەیویستووە بۆ هەمیشە لێک دوور بین. من بەڵێنتان پێ دەدەم ڕابردوو قەرەبوو بکەمەوە و ببمە هۆی خۆشبەختیتان. ئەگەرچی بە باشی دەزانم لەو ماوەیەدا زۆر سەختیتان بینیوە."

ئینجا کاوە ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و بێدەنگ بوو.

لەوانەیە چاوەڕێی هەموو قسەیەکم لە کاوە کردبێت، بەڵام ئەوانە نا. تەنانەت وێناکردنیشی بۆم ئەستەم بوو. دەست و پێم سارد بوون و وام هەست کرد پەستانی هەوا بەرزبووەتەوە و سەرمایەکی سەیر سەرانسەری دەروونمی داگرتووە. نەمدەزانی کە لەنێو ئەواندا چۆن ئەو شتەی هەشت ساڵ لە دەستم چووە، بیهێنمە سەر زمان. وشەکان لەبەرانبەر ئەو هەستەی کە هەمبوو، بێدەسەڵات دەهاتنە بەرچاو. توانای دەربڕینیانم نەبوو. چاوم لە چاوی کاوە بڕیبوون کە ئەو لە هەموو کات زیاتر میهرەبان و ئارام و هێمن دەهاتە بەرچاو. لەو گوڵدانە گوڵە وردبووبووەوە کە لەسەر مێزەکە دانرابوو. دەستم بە قسە کرد. دەنگم دەلەرزی: "لەم کۆمەڵگەیەدا پیاو مردووە، کەچی جەستەی بە شێوەیەکە ڕێگەی پێ دەدات کە لەخۆبایی و لەخۆڕازی بێ. ژن گەیشتبێتە هەر پلەیەک، دیسان لە دیدگای پیاوەوە بوونەوەرێکی لاواز و کەمئەقڵ دێتە بەرچاو. ئەمە هەڵەی پیاوانە کە کارەسات دەخولقێنن. ئەگەر منتان بە هاوبەشی ژیانتان هەڵبژاردبا، دەبوو لەو بڕیارەی کە دابووتان پرسیشتان بە من کردبا و ڕێگەتان دابا



Scanned by TapScanner

کە ڕۆڵێکم لە چارەنووسی داهاتووی خۆمدا هەبێ. ئێوە ئەو ڕۆژەی کە بڕیارتان دا بۆ خۆشبەختیی من ڕاستی بشارنەوە، چاڵێکی گەورەتان لەبەردەم مندا هەڵکەند. لەم هەشت ساڵەدا لە هیچ دەرد و مەینەتییەک دوور نەبوومە. هەر کەسێک توانیی، ئازاری پێ گەیاندم و لە کۆتاییدا من بووم بە هیچ."

کاوە بە نیگایەکی خەمگینەوە بۆ ساتێک چاوی لە چاوم بڕی، ئینجا گوتی: "بەڵام پێم وا نییە لەم نێوانەدا هیچ تاوانێکی منی تێدا بێت."

"گەورەترین تاوانی تۆ ئەوەیە کە ڕێگەت بەخۆت داوە لەجیاتیی من بیر بکەیتەوە و بڕیار بدەیت."

"ئەی دەبوو چیم کردبا؟"

"منت ئاگادار کردبا و دەرفەتت بە من دابا کە سەبارەت بە داهاتووی خۆم بڕیار بدەم."

"ئێستا پێت وا بێ کە هیچ ڕووی نەداوە و ئێمە بۆ یەکەم جارە یەکتر دەبینین."

بۆ ساتێک بیرم کردەوە و گوتم: "بە داخەوە، من ناتوانم بەم شێوەیە بیر بکەمەوە. ئەم ڕۆژانە لەگەڵ ڕۆژانی پێشووتر جیاوازییان زۆرە. ڕۆژانی زوو من دڵم دابوو بە پیاوێک، بەڵام ئێستا ئەوینی دایکایەتی لە سینەمدایە."

ماوەیەک بێدەنگی سەرانسەری ژوورەکەی داگرت و لە کۆتاییدا دوای چەند خولەکێک کە لە چەند ساڵێک دەچوو، دایکی کاوە ڕووی لە من کرد و بە میهرەبانییەوە پرسیی: "تۆ دەتەوێ بە تەنیا بژییت؟"

"نا، بەرپرسیارێتیی کچەکەم لە ئەستۆی منە."



Scanned by TapScanner

"کچەکەت زوو گەورە دەبێ و بە چاوترووکانێک گەورە دەبێ و مێرد دەکات و بە تەنیا بەجێتان دێڵێ."

"تەنیایی بۆ من زۆریش نامۆ نییە."

"بەڵام تەنیایی لە پیریدا ترسناکە."

"ترسم لەویش نییە. چونکە دەزانم لە کۆتاییدا دەبێ ڕۆژێک هەر بە تاقی تەنیا لەگەڵ گڵدا هاودەم بم."

"ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی ژیان بۆ ژنێکی تەنیا زۆر سەختە."

"من ماوەیەکی زۆرە بە تەواوی خۆمم لەبیر کردووە. نازانم پیاوم یان ژن، باوکم یان دایک، چونکە ژیان وای لێ کردووم ڕۆڵی هەردووکیان ببینم."

"باوەڕ بکەن ڕۆژێک دادێ دێنەوە سەر خۆتان و تێدەگەن کە ژیانتان لەسەر هیچ دۆڕاندووە."

"زۆر دەمێکە لەوە تێگەیشتووم و پەکم بەم شتانە ناکەوێ."

سەیرێکی سەعاتم کرد کەمێک درەنگ بووبوو. لە جێی خۆم هەستام و دوای خواحافیزی لە ژوورەکە هاتمە دەرێ. لە حەوشەدا ئازادێ کە فرمێسک لە چاویدا ڕیزیان بەستبوو، بە خۆشەویستییەوە ماچی کردم. کاوەش کۆتا گوڵ کە لە سەرمای زستاندا بە گەشی مابووەوە لە باخچەکە لێی کردەوە و دایە دەستم. لەو کاتەدا ڕوخساری حاڵەتێکی ڕۆحانیی بە خۆیەوە گرتبوو. دەتگوت لە گرتووخانەوە جەستەیەکی ئازاد و ڕۆحێکی پاک و ئاسمانیی وەرگرتووە. بۆ یەکەمین جار بە "تۆ" بانگی کردم و گوتی: "تا هەتایە تۆ لە دڵی منداى."



Scanned by TapScanner

سەعاتێک دواتر، کاتێک گەڕامەوە ماڵێ، سارا نووستبوو. دەنگی هەناسەی ئارام و لەسەرخۆی ڕۆحێکی تازەی بە ژوورەکە دەبەخشی. لە پاڵ ئەودا هەستم دەکرد ژیان لە دەمارەکانمدا دێت و دەچێت.

ئەو سەیارە قورمیشەی لە ڕێگەدا بۆم کڕی بوو، لەتەک چرپاکەوەیم دانا.

لەپشت شووشەی پەنجەرەوە دڵۆپی بارانم بینین دەهاتنە خوارێ و لەسەر جۆگەلەکان ئاهەنگێکی هێمنیان دروست دەکرد. کەمێک دواتر باران جێگەی خۆی دا بە کلووەبەفر و دەستیان بە بارین کرد.

بیرم لەوە دەکردەوە کە تاکو ئێستا زەوی چەند جار بەدەوری خۆردا سووڕاوەتەوە تا من بەم کاتە گەیشتووم؟ چەند بەهار، چەند هاوین، چەند پایز، چەند زستانم تێپەڕاندووە؟ لەو کاتەدا زۆر شتم بەبیر نەدەهاتنەوە، بەڵام ئەو ناخۆشییانەی کە چەندین ساڵ بەرگەم گرتبوون دانەدانە لە بەرچاومدا زیندوو دەبوونەوە و چەندین سەعات بیرم لەو ساڵانە کردەوە کە لە دەستم دابوون. لە تاریکاییدا لەسەر سەری ساراوە دانیشتبووم و بیرم لە ڕابردوو دەکردەوە.

سپێدە دەرکەوتبوو کە بینیم ڕووناکیی ئاسمانی درەوشاوە لە پەنجەرەوە هاتووەتە ژوورێ و کەوتووەتە سەر ڕوخساری کچە بچووکەکەم. دنیا ڕووناک بووبوو. کچەکەم چاوی کردەوە. چاومان لە چاوی یەک کرد و بزەمان کرد.

تەواو

گروپێك بۆ خزمەتی
خوێنەران و نووسەران و وەرگیرەکان و قوتابیانی
خۆشەویست هەمیشە لەخزمەتانین و بەردەوامین




کتێبخانەی ( PDF )

Scanned by TapScanner